دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

یەک شەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩١ ـ ٥ی ئاگوستی ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٨٨ | نرخ: ١٥٠ تمەن



## ٤٨ کەس ئێرانی لە دیمەشق رفێنران

بە پێی راپۆرتەکان ٤٨ ئێرانی کە لە زیارەت دەگەڕانەوە لە ڕێگەی فرۆکەخانەی دیمەشق لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە رفێندران.

ریاز ئەسعەد فەرماندەی ئەرتەشی ئازادی سووریا لەم پێوەندییەدا بە «بی بی سی»ی فارسیی راگەیاند کە ئەم هێزە دەستی لە رفاندنی ئەو کەسانەدا نەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا رایگەیاند کە بە بڕوای وی؛ ئەوانە بۆ زیارەت نەهاتوون و بەڵکوو ئەفسەر و مەئمووری ئیتلاعاتی و سەربازیی ئێرانن کە لە جلی زیارەتکەردا خۆ دەخزێننە سووریا و پشتیوانیی سەربازی و راوێژکاری هێزەکانی ئەسەد دەکەن.



## ئێران هەروا وەک گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمە

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی حکومەتی ئەمریکا سەبارەت بە بارودۆخی تێرۆر لە ساڵی ٢٠١١ لە جیهاندا، ئێران وەک چالاکترین وڵات لە بواری پشتگیری و ئەنجامدانی کاری تێرۆریستی لە جیهاندا ناوی هاتووە.

لەم راپۆرتەدا هاتووە: رێژیمی تاران بە درێژایی ساڵی ٢٠١١ی زایینی لە ڕیزی سەرەوەی ئەو حکومەتانە دا بووە کە پشتگیری ڕێکخراو و لایەنە تێرۆریستییە جیهانیەکانی، بە تایبەت لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست دا کردووە.

ئەو راپۆرتە کە ساڵانە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە بڵاو دەکرێتەوە، باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدە بە دوای کوژرانی بەشێکی زۆر لە ڕێبەر و فەرماندە خاوەن دەسەڵاتەکانی ڕووی لە داکشان و نووشستی کردووە، بەڵام لق و ڕێکخراوە بچووکەکانی سەر بەو ڕێکخراوەیە، هەروا بە مەترسییەک بۆ سەر ناوچە هەژارە و دوورە دەستەکان دێنە ئەژمار.

### لە پلینۆمی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی دا:

# بەخۆداچوونەوە و کارتێکردن و نوێژەنکردنەوەی میکانیزمەکانی کار و تێکۆشانی حیزبی، پێی لەسەر داگیرایەوە



پینجەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، رۆژانی ٣ تا ٧ی گەلاوێژی ئەمساڵ دا بەڕێوەچوو. ئەم پلینۆمە لە ماوەی ٥ رۆژ دانیشتن و باس و بیروڕا گۆڕینەوەی بەسوود دا، ئاوڕێکی رەخنەگرانەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کاروتێکۆشانی حیزبی دایەوە. پلینۆم وێڕای وەبیرهێنانەوەی بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پازدەیەم (بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان دا، کۆمەڵیک بڕیار و راسپاردەی گرنگی بە مەبەستی تین و گوڕدان بە تێکۆشانی حیزبی و خۆ ئامادە کردن بۆ هەلومەرجی نوێ پەسند کرد. پلینۆمی پێنجەم هەیئەتێکی لە ئەندامانی ڕیبەری حیزب بۆ هێنانی گەڵاڵەو پرۆژەی گونجاو و جێبەجێکردنی هەرچی باشتری بڕیارو پەسند کراوەکانی خۆی راسپارد.

بۆ زانینی زیاتر لەبارەی باس و بڕیارەکانی ئەم پلینۆمە بڕوانە راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی کە لە لاپەڕە ٢ی هەر ئەم ژمارەی «کوردستان» دا بڵاو بوونەوە.

هەڵوێستمان

بەیاننامە:

## لە وەڵامی هەڵوێستێکدا

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**هاوڕێیانی دێموکڕات!**

دەفتەری سیاسیی هاوڕێیانی پێشوومان لە ڕاگەیەندراوی پلینۆمی چاردەهەمی خۆیان‌دا ئاوڕێکی لە ناکۆکی‌یەکانی نێوان دوو لایەنی لێک‌دابڕاوی دێموکڕات داوەتەوەو هەڵوێستێکی تاڕادەیەک تازەی لەپێوەندی دەگەڵ چارەسەری گیروگرفتەکان‌دا گرتۆتە پێش. لە بەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە:

«......سەرەڕای بێ‌ئاکامبوونی هەموو هەوڵەکانی ڕێبەرایەتی حیزب بە مەبەستی دەستەبەرکردنی یەکڕیزی‌و لابردنی بەربەستەکان لەسەر ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجە بۆ جارێکی دیکەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتیی بزووتنەوەی کورد، لە ڕێگای کردنەوەی دەرگای وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە هەنگاوێکی دیکەش هەڵگرێ، بەوهیوایە کە ئەو هەنگاوە فەزایەکی باشتر بۆ لەیەکترتێگەیشتن‌و دەرەتانێکی لەبار بۆ لابردنی بەربەستەکان بڕەخسێنێ......»

ئەندامانی حیزبی دێموکڕات‌و هێزە سیاسی‌یەکان‌و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاگادارن کە لە سەرەتای لەتبوونی حیزبی دێموکراتەوە تا ئێستا هەموو کاتێک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خوازیاری دانیشتن و وتووێژی ڕاستەوخۆ بۆ چارەسەری ناکۆکی‌یەکان و گەیشتن بە یەکڕیزی بووە و لە بەرامبەردا، ئەوە ئەوان بوون کە هەمیشە نکوولییان لە دانیشتن و دیالۆگ کردوە. ئێستا کە پاش نیزیک بە شەش ساڵ ئەوان ئەو هەڵوێستە تازەیەیان لە خۆیان نیشان داوە، ئێمە بە شتێکی باش‌و هەنگاوێک لە ڕێگای دروستی‌دا دەزانین‌و پێمان وایە سەرەنجام ئومێدێک بۆ گەیشتن بە چارەسەری دروستی کێشەکان پەیدا بووە.

بەڵام بە باوەڕی ئێمە کاتێک دیالۆگ و دانیشتن دەتوانێ بەرهەمدار بێ کە هەردوولایەن ڕێز بۆ کەسایەتیی یەکتر دابنێن و دەگەڵ ڕاستی‌یەکان بەوجۆرە کە هەن بەرەوڕوو بنەوە. بۆیە، ڕادەگەیەنین کە ئێمە پێشوازی لەو ئاڵوگۆڕە دەکەین و هەروەک هەمیشە ئامادەین هەرکاممان بەپێناسەی واقیعیی خۆیەوە لە هەر پلەیەکی بەرپرسایەتی‌دا کە لەسەری ڕێک بکەوین (کومیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی) دەستەی نوێنەرایەتی دیاری بکەین و لە زووترین دەرفەتی گونجاودا بکەوینە وتووێژێکی جیددی‌و بنیاتنەرەوە. بەو ئاواتە کە لە داهاتوویەکی نیزیک‌دا بتوانین پێکەوە مزگێنیی کرانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەپێوەندی‌یەکانمان‌دا بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەین.

بە ئاواتی هاوکاری‌و یەکڕیزیی دێموکڕاتەکان‌و هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**١٣٩١/٥/١٥**
**(٢٠١٢/٠٨/٠٥)**

## گەمارۆکانی دژ بە ئێران لە لایەن کۆنگرەی ئامریکاوە لە پەرەسەندن دان

بەستەی پێشنیارکراوەی گەمارۆکان بە دژی ئێران بە ٤٢١ دەنگی ئەرێنی و ٦ دەنگی نەرێنی لە نێو ئەندامانی کۆنگرەدا پەسند کرا، کە دژی بانکەکان، شیرکەتەکانی بیمەو شیرکەتی پاپۆڕەوانی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێران لەبەرچاو گیراوە.

ئەم گەمارۆ نوێیانە بۆ یەکەم جارە کە ئەو وڵاتانەی کە نەوت و گاز بە دانەوێڵە دەگۆڕنەوە، دەگرێتەوە و سزا دەدرێن.

بەپێی ئەم یاسا نوێیەی گەمارۆکان، هەر چەشنە هاوکارییەکی کەسایەتی و شیرکەتەکان بە پیشەسازی نەوت و گاز و پێترۆشیمی و بانکی ناوەندیی ئێران بە توندی سزا دەدرێن.

هەروەها ئەو لایەن و شیرکەتانەی کە



ئاڵای نەوتکێشەکانی ئێرانی دەگۆڕن یان هاوکارییان دەکەن سزا دەدرێن. جگە لەمەش ئەم گەمارۆ نوێیە، کڕین و فرۆشتنی ئەوڕاقی قەرزەکانی دەوڵەتی ئێران دەگرێتەوە.

«ئیلیانا لتینن» سەرۆکی کومیتەی دەرەوەی مەجلیس نوێنەرانی ئامریکا، وێڕای ئاماژە بەوەی کە ئەندامانی کۆنگرە لە هەر دوو حیزب دێموکرات و کۆماریخواز کە خوازیاری توندتر کردنی گەمارۆکان دژی تاران بوون، وتی قانوونی نوێی گەمارۆکان کۆمەڵێک لە گەمارۆکان لەخۆ دەگرێ کە هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراون.

مەجلیسی سنای ئامریکا قەرارە تا کۆتایی ئەم پەسندکراوە بخاتە پرۆسەی دەنگدان تا پێش دەسپێکی پشووی هاوینی کۆنگرە کە حەوتووی داهاتوو دەست پێ دەکات، ئەم قانوونە نوێیە بۆ واژۆکردن پێشکەش بە کۆشکی سپی بکەن.

ئیلینا لتینین، سەرۆکی لیژنەی دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا وتویەتی: ئەو سزایانە زیاتر دەست دەخاتە قوڕگی ئێران، کە لە پێشتردا شتی وا رووی نەداوە.

### لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کەبوودوەنددا

## راگەیەنە فارسییەکان لەگەل رەخنە و ناڕەزایەتی بەرەو روو بوون

سەدان کەس لە کوردانی رۆژهەلات کوردستان کە زۆربەیان کاری سیاسی ،فەرهەنگی و میدیایی دەکەن هەروەها چەندین کەسایەتی و کەسی دیاری ئێرانی، پیشتیوانیان لە کەمپەینێک کرد کە بۆ ناڕەزایەتی دەربرین لە بێدەنگی و بێتەفاوەتی راگەیەنە فارسییەکان بەرامبەر بە چارەنووسی محەمەد سەدیق کەبوودوەند وەڕێ خرابوو.

شایەنی باسە کەبوودوەند سەرۆکی ریکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دوای ٥٨رۆژ مانگرتن لە خواردن، لەسەر داوای ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و رێکخراو و کەسایەتییەکان کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا. مانگرتنی٢مانگەی کە کەسایەتییە خەباتکار و مرۆڤدۆست لەگەڵ پیشتیوانی و هاوپێوەندیی بەرینی کوردانی رۆژهەلات لە دەرەوەی وڵات بەرەوروو بوو و لەم پێوەندییەدا چەندین رێپێوان، خۆپیشاندان و



کۆڕ و کۆبوونەوەیان لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان وەڕێ خست. بەڵام کە زۆر لە راگەیەنە فارسیە زمانەکان، بایەخێکی ئەوتۆیان بەم حەرەکەتە کەم وێنەی نەدا.



سیاسی



هەڵبژاردنی دەورەی پازدەهەمی سەرۆک کۆماری و «ڕێفۆرمخوازانی ساختە» ٤

سیاسی



هەژاری و گرانی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هۆکار و دەرەنجامەکان ٥

سیاسی



چەند پەیڤێک لە سەر بیر و ئەندێشە و روانگە و بۆچوونەکانی د.سادق شەرەفکەندی ٦

ژنان



هیچ بزووتنەوەیەک بێ بەشداریی ژنان سەر ناکەوێ ٨

سیاسی



عێراقی دووهەم و کوردستانی دووهەم ١٠

# راگەیەندراوی کۆتایی پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



**ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێ‌شەممە ٣ی گەلاوێژ دەستی پێ کردبوو، دوای نزیکەی پێنج ڕۆژ کاری بەردەوام و پەسەندکردنی کۆمەڵێک بڕیار و راسپاردەی گرنگ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

پلینۆم کە بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ئەسڵی، جێگرو راوێژکار پێک‌هات، کۆمەڵێک بابەتی گرنگی پێوەندیدار بە دۆخی ناوچە و رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، کار و تێکۆشانی ئۆرگان و دامەزراوەکان و هەروەها سیاسەتەکانی حیزبی لە دەستووری کار دا دانابوو.

لە یەکەم بڕگەی کاری پلینۆم دا کە لە فەزایەکی کراوەدا بەڕێوە چوو، لایەنە جۆراوجۆرەکانی کار و تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی لە نێوان دوو پلینۆمدا کەوتنە بەرباس و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان دەسنیشان کرا. لە درێژەی باسەکانی ئەم بڕگەیەدا کۆمەڵێک بڕیار و راسپاردەی گرنگ لە پێناوی کاراترکردن و نوێژەنکردنەوەی میکانیزمەکانی کاری ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزبدا پەسەندکران.

پلینۆم لە درێژەی کارەکانی‌دا ئاوڕێکی هەمەلایەنە و وردی لە چۆنیەتی‌و ئاستی جێبەجێکرانی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەی پازدەیەم و بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆمیتەی ناوەندیی دایەوە.

لەم بەشە لە کاری پلینۆمیش‌دا بە روانینێکی رەخنەگرانەوە ئاستی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەم پێوەندیەدا تاوتوێ کرا. پلینۆم، وێرای بەرز نرخاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەرەوپێشچوونی حیزب لە جێبەجێ کردنی بڕیار و راسپاردەکانی‌دا، کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی‌و ئۆرگانەکانی حیزبی راسپارد لە پێناوی نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی ئەم بوارەدا هەنگاوی جیددیتر و پتەوتر هەڵبێننەوە.

سیناریۆی ئەم دواییانەی «حدکا» لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکێکی دیکە لەو بابەتانە بوو کە لە درێژەی باسەکانی پلینۆمدا خرانە بەر باس. پلینۆم لە هەڵسەندگاندنی خۆی‌دا لەم بارەیەوە وێڕای بە نابەرپرسانە لە قەڵەمدانی ئەم هەنگاوە، پێی وا بوو ئەم سیناریۆیە نەک لە قازانجی پرۆسەی یەکیەتیخوازی دانەبوو، بەڵکو لە راستی‌دا زەبرێکی قورسیشی لەم پرۆسەیە دا. لەم پێوەندییەدا پلینۆم وێڕای پێداگری لەسەر سیاسەتی روون‌و ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییەدا، داوای کرد ڕێبەریی حیزب لەسەر سیاسەتی یەکڕیزیخوازی بەردەوام بێ.

پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی لە بەشێکی دیکە لە دەستووری کاری خۆی‌دا راپۆرتی کار و تێکۆشانی کۆمیتەی درەوەی وڵاتی خستە بەر سەرنج‌و هەڵسەندگاندن. لەم بەشەدا راپۆرتی کارو تێکۆشانی ئەم کۆمیتەیە لە لایەنەکانی ڕێکخستن، دیپلۆماسی و پێوەندییەکان‌دا بە وردی هەڵسەنگێندرا و ئاستی بەرەوپێشچوون و خاڵە لاوازەکانی ئەم کۆمیتەیە لە جێبەجێکردنی پلان‌و پرۆژە کارییەکانی دا دیاری کران.

لە درێژەی هەڵسەنگاندنی راپۆرتی کار و تێکۆشانی کۆمیتەی دەرەوەدا بە گرنگییەکی تایبەتەوە ئاستی پێوەندییە بیانی و ئێرانییەکانی حیزب و بەتایبەت سەنگ و دەوری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوەندە سیاسییە بیانییەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا خرایە بەرباس. لەم بارەیەوە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، هەنگاو و چالاکییەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێوەندییەکانیان بە پۆزەتیڤ لە قەڵەم دا و کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و بەتایبەت بەرپرسانی پێوەندییەکانیان راسپارد لە چوارچێوەی رێوشوێنە نوێیەکان‌دا پەرە بە پێوەندییەکانی حیزب و ئامادەیی چالاکانەتر لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتی و ئێرانییەکاندا بدەن.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێکی دیکە لە بەرنامەی کاری خۆی بۆ بابەتی چالاک کردنی حیزب لە بوار و مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات‌دا تەرخان کرد. لەم بڕگەیەش‌دا کۆمیتەی ناوەندی لە بەر رووناکایی لێکدانەوەی هەلومەرجی ناوچەیی و نێوخۆیی بەتایبەت ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەولەویەتەکانی کار و تێکۆشانی دەسنیشان کردەوە.

لەم پێوەندییەدا بەشدارانی پلینۆم بەگشتی لەسەر ئەم باوەڕە بوون پێویستە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەم ئامادەیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەلومەرجی نوێی هەبێ و هەمیش بە توانا و گوڕێکی نوێترەوە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات‌دا دەربکەوێ.

لەم بەشە لە کاری پلینۆم‌دا کۆمیتەیەک لە هاوڕێیانی شارەزا دیاری کرا کە پرۆژەیەکی هەمە لایەنە کە بتوانێ وەڵامدەری پێویستیە هەنووکەیی و درێژماوەکانی کار و تێکۆشانی حیزب بێ لە ماوەیەکی زەمانیی دیاریکراودا ئامادە بکا.

لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە، ئێران و کوردستان دوایین بڕگەی سەرەکیی دەستووری کاری پلینۆمی پێک دێنا. لەم بڕگەیەدا سەرەتا سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز خالید عەزیزی لە لێکدانەوەیەکی سیاسی دا ئاوڕی لە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، ئێران و پارچەکانی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا دایەوە. لە بەشی پێوەندیدار بە ئاڵوگۆڕەکانی سووریە، سکرتێری گشتیی حیزب سەرەتا باسی لە هاوکێشە و دەستەبەندییە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان کرد و هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە ئاماژەی بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کارتێکەریی ئاڵوگۆڕەکانی سووریەی چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی ناوچەیی دا کرد. بەڕێز عەزیزی پێی وابوو لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کوردیش دا ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی سووریە کارتێکەریی راستەوخۆیان دەبێ. بەو واتایە کە رووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بنەماڵەی ئەسەد و حیزبی بەعس و جێگیربوونی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک دەتوانێ دەسکەوتی سیاسیی گرنگی بۆ نەتەوەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان بە دواوە هەبێ.

لە روانگەی سکرتێری گشتیی حیزبەوە لە ئاستی ناوچەییدا لە دەست چوونی هاوپەیمان و دۆستێکی ستراتیژیکی وەک حکوومەتی بەعسی سووریە، پێگەی ناوچەیی و سەنگی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەکانی ناوچەدا تا رادەیەکی باش تووشی دابەزین و خەسار دەکا و کۆی ئەم ئاڵوگۆڕانەش بە قازانجی پرسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان تەواو دەبن.

دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێستای ئێران و ململانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکاو رۆژئاوا و کارتێکەریی گەمارۆ ئابوورییەکان یەکێکی دیکە لەو بابەتە گرینگانە بوو کە بەشێک لە لێکدانەوەی سکرتێری گشتیی حیزبیان بۆ تەرخان کرابوو.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەی لێکدانەوەکەی دا بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانی بە شێوەیەکی وردتر خستە بەر سەرنج.

دوا بە دوای لێکدانەوە سیاسییەکەی سکرتێری گشتیی حیزب بەشدارانی پلینۆم بیروڕا و سەرنجەکانیان لەم پێوەندییەدا هێنایە گۆڕێ.

سەرەنجام دوای نزیکەی پێنج ڕۆژ کاری بەردەوام، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کەشێکی ئاوێتە لەگەڵ هیواداری کۆتایی پێ هات و ئەندامانی بەڕێوەبەریی حیزب بە ئیرادەتر لە پێشوو گەڕانەوە شوێنی کار و تێکۆشانیان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**

**١٣٩١/٥/٨**
**٢٠١٢/٧/٢٩**

# پەیام بۆ گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان



حیزب‌و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی ڕۆژئاوای کوردستان!

کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی گەلی کورد لە سووریە!

لەکاتێک‌دا خەڵکی ئازادیخوازی سووریە شازدەهەمین مانگی ڕاپەڕینە پڕشکۆو هەرلەوکاتەدا پڕفیداکاری‌و قوربانیدانی خۆیان بۆ ڕزگاری لە دیکتاتۆریی دەیان‌ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد تێ‌دەپەڕاندو هەررۆژە لاپەڕەیەکی پڕحەماسەیان بەخوێنی باشترین ڕۆڵەکانیان لەمێژووی ئەم وڵاتەدا تۆمار دەکرد، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کۆبوونەوەکانی پێنجەمین پلینۆمی خۆی بەڕێوە دەبرد. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بایەخێکی زۆرەوە بەدوای ئاڵوگۆڕەکانی سووریە و بەتایبەتی ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتەدا دەگەڕا و بەچاوی ڕێزو ئومێدەوە دەی‌ڕوانیە هەڵمەت و فیداکاریی گەلی کوردو گەلانی دیکەی سووریە و ئەو پێشکەوتنە بە نرخانە کە لەو ڕێگایەدا بەدەستیان دێنن.

ئێمە و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی بەبایەخەوە سەیری ئەم ڕووداوانە دەکەین و لەو باوەڕەداین کە ڕووخانی ڕێژیمی سەرەڕۆی بەشار ئەسەد هەم ئەڵقەیەکی گرنگ لە زنجیرەی تێکەوەپێچانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی وڵاتانی عەرەبی دەبێ و هەم دەبێتە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لە بارودۆخی تێکڕای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا، بەتایبەتی پێمان‌وایە بە ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد دیکتاتۆریی کۆنەپەرستانەی مەزهەبی لەئێران‌دا یەکێک لە گرنگترین پێگەکانی ئاژاوە لەو ناوچەیەدا لەدەست دەدا و هەنگاوێکی مەزن بەرەو ڕووخان و لەنێوچوون هەڵدێنێتەوە.

لەلایەکی دیکە لەکەس شاراوە نیە کە زوڵم وزۆر و ناهەقی‌یەکانی ڕێژیمی بەعسی لە سووریە پێش هەمووان و پتر لەهەمووان ڕووی لەکۆمەڵانی گەلی کورد لەو وڵاتە بووە. بەوپێیە کۆتایی‌هاتن بە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و دارودەستەکەی دەتوانێ هەم گەلی کوردی ئەو وڵاتە لە بێ‌بەشی و ڕۆژڕەشی ڕزگار بکا و هەم ببێتە مایەی خۆشحاڵی و هیواو هومێدی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان.

بۆیە هیواداروتەنانەت دڵنیاین کە حیزب‌و ڕێکخراوە خەباتکارەکانی کوردی سووریە بە پتەوترکردنی ڕیزەکانی خۆیان و هاوکاری و هەنگاوڕێکخستن دەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێمۆکڕات و پێشکەوتووی سەرانسەری سووریە ڕۆڵی کاریگەرو کارساز لەو ڕاپەڕینە بەشکۆیەدا بگێڕن و لە سووریەی ئایەندە دا ماف‌و ئازادییە ڕەواکانی گەلی کورد بچەسپێنن و لەوڕێگایەدا سەرکەوتنتان بۆ بەئاوات دەخوازین.

سڵاو لە خەبات‌و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێمۆکڕاسی لە سووریە،

نەمری بۆگیانی شەهیدە سەربەرزەکانی ڕاپەڕین و بەئاواتی ڕزگاریی هەموو بەشەکانی کوردستانی زۆرلێکراو.

**کۆمیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان**
**٢٠١٢/٠٧/٢٨**
**(١٣٩١/٠٥/٠٧)**

# هەیئەتێک لە پارتی یەکیەتیی کوردستان(رۆژاوای کوردستان) لە گەڵ دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ بۆوە



ناوەندی هەواڵی کوردستانوکورد: پێشنیوەڕۆی پێنج شەممە ٢ی ئاگۆست(١٢ی گەلاوێژ)، هەیئەتێک لە کەسایەتی و چالاکانی سیاسیی کوردی رۆژاوا، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێک لە رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

هەئیەتی کوردانی رۆژاوا لە ژمارەیەک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی پارتی یەکیەتیی کوردستان و نوێنەرانی ئەو پارتە لە هەرێمی کوردستان، ئالمان وئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سوریە پێک هاتبوون.

لە دانیشتنێکی هاوبەش دا، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە گەرمی بە خێرهاتنی وەفدی میوانی کرد و خۆشحاڵیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەو هەلومەرجە نوێیەی دەربڕی کە بۆ گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان هاتۆتە کایەوە و سەرکەوتنی هەر چی زووتری راپەرینی گەلانی سووریە لە دژی ریژیمی دیکتاتۆری ئەو ولاتەی بە ئاوات خواست. بەڕێز عەزیزی هاتنی ئەو هەیئەتەی بە دەرفەتێکی باش زانی بۆ تاوتوێکردنی رووداوەکانی رۆژاوای کوردستان و لەمبارەیەوە میوانەکانی لە بایەخدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پرسی کورد لە سووریە ئاگادار کردەوە.

پاشان هەر یەک لە بەڕیزان عەزیز تالانی، عەبدولباسیت حەمۆ، نەشئەت زازا، کاوە خەلیل، عومەر تالانی، هەڤاڵ بەرزان، شەمدین نەبی و حەسەن ئیسماعیل تیشکیان خستە سەر دوایین ئاڵوگۆرەکانی رۆژاوای کوردستان و هەڵوێست و روانینی تەیار و هاوپەیمانییە جیاجیاکان. ئەوەشیان روون کردەوە کە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سەر بناغەی فیدرالیزم لە سووریەی داهاتوو دا، لە نیو گەلی کورد و حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانی رۆژاوای کوردستان دا، زۆرترین کۆدەنگیی لە سەرە. هەیئەتی میوان بە ریز و پیزانینەوە سوپاسی هاوکارییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە بواری پیوەندییە نیونەتەوەییەکان دا کرد. هەیئەتی ریبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، ویرای پیداگری لە سەر پیویستیی پاراستنی تەبایی و یەکگرتوویی لە نیو لایەنە کوردەکان لە رۆژاوای کوردستان لەم هەلومەرجە ناسکەدا، وەفدی میوان و گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستانیان دڵنیا کردەوە کە حیزبی دیموکرات، لە سەر بایەخدان بە پرسی کورد لە سووریە و پیوەندی دۆستانە و هاوکاری لە گەڵ هیزە نەتەوەییەکان لە رۆژاوای کوردستان بەردەوام دەمێنێتەوە.

# خالید عەزیزی: ڕێژیم دەیهەوێ خەڵک لە نێوخۆ بە بێ ڕێبەرو بە بێ نوخبە بهێڵێتەوە



لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی کادرەکان و پێشمەرگەکان دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تیشک دەخاتە سەر باسەکانی دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە.

کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژ، ، بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قسە کردن لە سەر باسەکانی پێنجەمین کۆبوونەوەی ئەندامانی ڕێبەری(دوایین پلینۆم)ی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، لە گەڵ سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ بووووەوە.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز کەماڵ کەریمی ، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە، بە کورتە باسێک لە سەر بەڕێوەچوونی دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، کۆبوونەوەکەی کردەوە و داوای لە بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کرد لەم پێوەندییەدا باسەکەی پێشکەس بکات.

بەڕیز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای قسەکانی دا بە ئاوڕدانەوە لە دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچەکە و بە تایبەت بارودۆخی ئەمڕۆی وڵاتی سووریە، خوێندنەوەکانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی لەم پێوەندیانەدا خستە روو.

بە دەرک کردن بە ڕۆڵی سووریە لە هاوکێشە و ڕیزبەندییە سیاسییەکانی ناوچەکەدا وەک هاوپەیمانێکی دێرینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئێستا ڕوو لە رووخان و نابوودییە، بەڕێز خالیدی عەزیزی ڕایگەیاند کە پرسی سووریە لە خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکرات دا جێی تایبەتی خۆی هەیە.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ سووریەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: داهاتووی سووریە لە دوو لایەنەوە بۆ ئێمە وەک ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کورد گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە. لە ئەگەری ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دا وەک هاوپەیمانیکی کۆماری ئیسلامی بێگومان کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە سەر پێگەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە دادەنێ. لە لایەکی دیکەشەو وەک وڵاتێک کە بەشێک لە خاکی کوردستانی لە خۆ گرتووە، شوێن لە سەر مەسەلەی کوردیش دادەنێ و بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگیی تایبەتیی هەیە.

لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، باسی لە بارو دۆخی ئەمڕۆی ڕۆژاوای کوردستان کردو ڕاوشکاوانە ڕایگەیاند کە زانیارییەکانیان باس لە دوو بەرەکی هێزە سیاسییەکانی ئەم پارچە لە خاکی کوردستان دەکەن کە ئەوەش بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی کورد لەم بەشە لە کوردستان دا نیە.

کاک خالیدی عەزیزی لەم پێوەندییەدا وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵمان داوە بە دانیشتن لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژاوای کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان لەم بەشە لە کوردستان دا قسەیان لە گەڵ بکەین و مەترسییەکانی دوو بەرەکی و یەکتر قبووڵ نەکردنیان بۆ باس بکەین.

لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات باسی لە خوێندنەوەکانی دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کرد.

لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان پێی وابوو گەمارۆ ئابوورییە نێونەتەوییەکانی سەر ئێران کاریگەریی خۆیان داناوەو فشاری بەرچاویان لە بووارەکانی نرخی دراو، هەناردە کردنی نەوت و دیپلۆماسیدا خستۆتە سەر ڕێژیم.

لە پێوەندی لە گەڵ وەزعییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی پێی وابوو سەرەڕای فشاری لە ڕادەبەدەری ئۆرگانە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵک، کوردستان ئێستاش سەنگەری خەبات بۆ ئازادییەو خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ هەروا لە جێی خۆی دایە. لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان وتی: ڕێژیم لە ڕێگای ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانییەوە فشارێکی لە ڕادەبەدەرێ خستۆتە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد یان لە زیندانەکان دا حوکمی قورسیان بە سەردا سەپاوە، یان پەڕیوەی هەندەران بوون. ڕێژیم دەیهەوێ کۆمەڵگای کوردستان بە بێ ڕێبەرو بە بێ نوخبە بهێڵێتەوە. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانە ئێستاش کوردستان هەر وەک جاران سەرنگەری ئازادییەو خەبات دژ بە دیکتاتۆری هەروا بەردەوامە.

لە درێژەی قسەکانی دا بەڕێز خالید عەزیزی ، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە چەند بابەتێکی ناوخۆیی و تەشکیلاتی حیزب کردو پێداگریی لە سەر بەخۆدا چوونەوەو خۆ ئامادە کردن بۆ تێکۆشان لە قۆناغێکی نوێی خەبات دا کردەوە.

# دیداری نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەنجومەنی نێشتمانیی کوردستانی سووریە لەگەڵ سەرۆکی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست




بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری سۆسیالیست ئەنترناسیونال، هاوڕێ لەگەڵ هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردەکانی سوریە پێک هاتوو لەبەڕێزان: کاک عەزیز عوسمان(تالانی) وتەبێژی دەرەوەی ئەم ئەنجومەنە و کاک سیفەدین خەلیل، ٢٦ی جولای ٢٠١٢، لە بنکەی سەرەکیی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست، دیدارێکیان لەگەل بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێک هێنا.

ئەم دانیشتنە لە کاتژمێر چوارونیو بۆ ٦ی ئێوارەی خایاند و سەرەتا لەلایەن مەولوود سوارە هەیئەتی بەشدار لەم کۆبووەنەوەیەدا بە بەرێز ئەیالا ناسێندرا و پاشان باسێک لەلایەن بەڕێز لویس ئەیالا لەسەر ئەنترناسیونال و گرینگیی ئەم ڕێکخراوەیە و هەروەها بەشداریی کوردەکان و نەخش و ڕۆلیان لەم ڕێکخراوەیەدا پێشکەش کرا.

دواتر بەرێز عەزیز عوسمان وتەبێژی ئەنجومەنی کوردەکانی سوریە، باسێکی لەسەر کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و دەور و کاریگەریی ئەوان لە دیاریکردنی چارەنووس و داهاتووی سوریە پێشکەش کرد. ناوبراو پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی سووریەی وەک هەنگاوێکی گرینگ بۆ دەستبەر کردنی ماف و داواکارییەکانی گەلەکەمان لە سووریە بە پێویست زانی.

بەڕێز لویس ئەیالا زۆر بە گەرمی بە خێر هاتنی کردن و خۆشحاڵی خۆی لەم دیدارە دەربری و سوپاسی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد بۆ پێک هێنانی ئەم دەرفەتە و هەروەها بەهەیئەتی بەشداری ڕاگەیاند کە جێگای کوردەکانی سوریە لە ئەنترناسیونال بەتاڵ بوو کە خۆشبەختانە ئەم جێگایەش بە هاتنی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی سوریە پڕ کرایەوە و لەمەو بەدوا ئێوە بۆ هەموو کۆبوونەوەو چالاکیەکانی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەشدار دەبن.

# لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا چەمکی «یەکیەتی و ڕێکارەکانی» باسی لە سەر کرا



ڕۆژی ٩ی گەلاوێژ، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سالۆنی ئامووزشی حیزب، بەڕێز کاوە ئاهەنگەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ چەمکی «یەکیەتیی و ڕێکارەکانی» راو بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز ئاهەنگەری لە درێژەی خوێندنەوەیەکی زانستیانەدا جیاوازیی نێوان چەمکەکانی یەکیەتی، یەکبوون و تێکەڵبوونەوەی لە پرۆسە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دا بۆ بەشداران شی کردەوە.

لە درێژەی قسەکانی دا کاوە ئاهەنگەری، باسی لە زەروورەت، تایبەتمەندی و کارکردەکانی پرسی یەکیەتیی نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکان کردو لە پێوەندی لە گەڵ ناوەرۆک و جەوهەری ئەم چەمکە، بە پشت بەستن بە هێنانەوەی چەند فاکتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆچوونەکانی خۆی باس کرد.

هەر لەم کۆبوونەووەیەدا، کاوە ئاهەنگەری ڕۆڵی دیاردەو چەمکەکانی وەک ئازادی، دێموکراسی و بەرابەریی لە پرۆسەیەکی یەکیەتیخوازانەدا شی کردەوە وتی: هیچ یەکیەتی و یەکگرتنێک ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکات کە بێ ڕەچاو کردنی ئەم سێ ئەسڵە ئامانجی سەرکی خۆی دەپێکێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا کە لە لایەن کۆمیسیۆنی فێرکردنەی ڕێک خرابوو چەند کەسێک لە بەشداربووان بە پرسیارو دەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆیان بەشدارییان لە باسەکەدا کرد.

# بەڕێوەچوونی سیمینارێکی ٣ ڕۆژە لە وڵاتی ئوتریش





ئەم بەرنامەیە بە ناوی «ڕێزگرتن لە خۆڕاگریی کەبودوەند» ناودێر کرابوو.

بەرنامەیەکی ٣ ڕۆژە، کە هاوکات سمینار و کۆبوونەوەی زانیاری گەیاندن بوو لە لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و کۆمەڵەی کوردی تاراوگە لە وڵاتی ئوتریش بۆ ژمارەیەک بنەماڵەی کورد و ئوتریشی و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ لەم وڵاتە بەڕێوە چوو . بەرنامەکە دوانیوەڕۆژی ٢٠١٢/٧/٢٠ دەستی پێکرد و لە دوانیوەڕۆی ٢٠١٢/٧/٢٢ کۆتایی پێهات.

لەم بەرنامەیەدا نزیک بە ٤٥ کەس بەشداریان کرد.

بەرنامەی ئەم دوو ڕۆژە بەم شێوەییەی خوارەوە بەڕێوەچوو:

_ بەخێرهاتنکردنی بەشداران بە هەر دوو زمانی کوردی و ئاڵمانی لە لایەن هاوڕێیانی کۆمیتەی حیزب کاک پەرۆش قادری و کاک محەممەدی فەقێ عەلی.

سفرەو و خوانی شام کە لە لایەن کۆمیتەی حیزب ئامادە کرابوو.

_ شەوێک لە گوێی ئاگردان کە کۆبوونەوەیەکی دەوری ئاگر بوو تا شەودرەنگانێکی خایاند.

بەیانیی ڕۆژی دواتر بەرنامەکە بەم شێوەیە درێژەی پێدرا:

باسێک لە سەر «تاراوگەنشینی لە وڵاتانی ئورووپا» لە وڵاتی نیشتەجێ بوونیان کە لە لایەن گوڵاڵەی شەڕەفکەندی ئەندامی کۆمیتەی ناوندیی حدک و بە دوو زمانی ئینگلیزی و کوردی پێشکەش کرا، خاتوو گوڵاڵە سەرتا باسێکی کورتی لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران پێشکەش کرد و بە تایبەتی سەرنجی خەڵکەکەی بۆ لای خۆڕاگری و بوێریی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند وەند ڕاکێشا. وەک نموونەیەکی هەنووکەیی باسی کرد، کە کەبود وەند وەک ڕۆژنامە نووس و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە هەموو ئازادیەک بێبەری کراوە و ئەوە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ڕۆژە کە لە مانگرتن دایە و کۆماری ئیسلامی ئەوەندە دژە مرۆڤە کە قەبوڵی ئەم هەموو دەردو ئازارەی کەبوودوەند ناکات، کە لانیکەم مەرەخەسییەکی بدرێتێ بۆ دیتنی جگەرگۆشە نەخۆشەکەی.ئەم بەشەی سیمینارەکە کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند لە گەڵ پێشوازیەکی گەرمی بەشداربوون بەرەوڕوو بوو.

وێڕای کەلوپەلی یاری و خافلان و سەرگەرمی بۆ منداڵان تۆپێن و واڵیباڵ و مەلەکردن لە مەیدانی بەربڵاوی شوێنی گیراو بۆ سیمینارەکە چەند بابەتێکی دیکەی سەرگەرمی بوون کە لە سروشتی جوان و ڕازاوەی داوێنەکانی کێوی ئاڵپ دا بەڕێوەچوون.

# دیداری هەیئەتێکی حدک لەگەڵ بەڕێز لۆرد ئیریک ئیڤبیری جێگری کۆمیتەی پارلمانی مافی مرۆڤی بریتانیا



ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی جولای ٢٠١٢ی زایینی کاتژمێری ١٢ بۆ ١ی پاش نیوەڕۆ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لەبەڕێزان کاک مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا و کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە سەردانی بەڕێز لۆرد ئیریک ئیڤبیری،یان کرد.

لەم دانیشتنەدا سەرەتا باسێک لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی سووریە کراو و نەخش و ڕۆلی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لە یەک نیزێک کردنەوەی هێز و لایەنە سیاسیە کوردیەکانی ئەو بەشەی کوردستان و بە تایبەت ڕۆلی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی لەو پیوەندیەدا بەرزنرخێندرا. هەلسوکەوتی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و کاریگەری و دەستێوەردانی ئێران و تورکیە هەروەها پیشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو نێوەدا هاتە بەرباس و لێکدانەوە. هەر لە تەوەری باس لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان، باس لە ناکۆکییەکانی حکوومەتی فیدرالی عێراق لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت بە یاسای بنەڕەتی عێراقی فیدرال لەلایەن نووری مالیکییەوە کەوتە بەرباس هەیئەتی حیزب ئاماژەی بە دەستێوەردانی ڕژیمی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و هاندانی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ دژایەتی کردنی کورد کرد و پێی وابوو کە ئەو هەڵوێستەی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ناوەندیی عێراق، ئەو وڵاتە بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات.

بەشێکی تری باسەکان تەرخان کرا بۆ باس لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی و هەروەها ناڕوونیی چارەنوسی محەممەد سەدیق کەبودوەند بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان.

پێویست بە ئاماژەیە کە لەم دانیشتنەدا تازەترین دێکۆمێنتەکان لە پێوەندی لەگەڵ پیشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پێشکەشی بەڕێزیان کرا.

# هەڵبژاردنی دەورەی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری و «ریفۆرمخوازانی ساختە»



مەسعوود رەواندوست

لە حاڵێکدا کە شەڕو گرژییەکانی سووریە و تێوەگلانی وڵاتانی ناوچە لەم مەسەلەیەدا کەشوهەوایەکی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزیی لە دەوروپشتی ئێرانی داگرتوە و لە دۆخێکدا کە گوشاری گەمارۆکان پشتی ڕێژیمی تارانیان چەماندۆتەوە و لەباری سیاسی و ئابوورییەوە ئێران لەژێر قورسترین گوشارەکاندایە و گرانی تەنگی بە خەڵکی ئێران هەڵچنیوە و لێرەو لەوێ هاواری خەڵک بەرزبۆتەوە و بە گشتی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا ڕێژیم لەگەڵ قەیراناویترین دۆخی خۆی تا ئێستا بەرەوڕوو بۆتەوە، لە نێو لایەنەکانی دەسەڵاتدا لە تاران و لە کاتێکدا کە نزیک بە ساڵێکی ماوە، باسو خواس و خەت و نیشان کێشانەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٩٢ دەستی پێکردوە.

لە کاتێکدا کە نزیک بە ساڵێکی ماوە بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران، پێکهاتەکانی دەسەڵات دەستیان بە داڕشتنی پیلان و بەرنامە کردوە بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە و ئەو کەسەی لە سندووق دەیهێننەدەر ئەوجۆرە بن کە خۆیان دەیانهەوێ.

نیگەرانییەکانی بەرەی بناژۆخوازی دەسەڵات لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەم هەڵبژاردنەدا و ئەگەرە پێشبینی نەکراوەکان بۆ ڕێژیم لە لێدوان و هەڵسوکەوتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیدا دەردەکەوێ. دەسەڵات لە لایەک نیگەرانی ئەوەیە کە یەکدەست بوونی کەشوهەوای هەڵبژاردن و بەربژێرەکان لە سەردەمێکدا کە نارەزایەتیی خەڵک لە هەموو بوارەکاندا زۆر و بەرچاوە، ببێتە هۆی بێ بازاڕی و بەشداریی زۆر کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا و، لە لایەکی دیکەشەوە لەوە دەترسن کە ئەگەر کەشوهەوایەکی تا رادەیەک کراوە و رکەبەرانە پێک بێنن، تووشی دووبارەبوونەوەی ئەزموونی ساڵی ٨٨ و بگرە خراپتر بن.

ئەم نیگەرانییانە و بوونی دوو روانگە لە نێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا بۆتە هۆی ئەوەی بەشێک لە بناژۆخوازانی سوننەتی و میانەڕەوەکانیان بیر لە هێنانی جۆرێک لە ریفۆرمخوازان بکەنەوە کە کەمترین مەترسی و کێشەیان بۆ دروست بکەن، بەشێکی دیکەش لە بناژۆخوازانی توندڕەو بە تەواوی دژی بەشدارکردنی هەرجۆرە کەس و تاقمێکن کە کەمترین مەیلیان بەلای ریفۆرمخوازاندا هەبێ.

لەم نێوەدا بەرەی ناسراو بە ریفۆرمخوازیش کە لە یەک دوو ساڵی رابردوودا بە تەواوی خانەنشین کراوە و لە مەیدان وەلانراوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم دۆخە و بۆچوون و تەنانەت لێدوانی جیاوازیان تێدا پێک هاتوە. بەشێکی زۆر لەو ریفۆرمخوازانەی دوای هەڵبژاردنەکانی ٨٨ لەگەڵ سەرکوتی توند و زیندان و وەلانان بەرەوڕوو بوونەوە و ئەمڕۆ هیوایەکیان بە ریفۆرم و چاکسازی لە ڕێژیمدا نەماوە دژی بەشداری و گەرم کردنی بازاڕی دەسەڵاتدارانن. بەڵام لە نێو ئەم بەرەیەدا کەسانێکیش هەن کە هەر لە ئێستاوە چرای سەوز بەو بەشە لە بناژۆخوازانی دەسەڵات دەدەن کە پێیان باشە بۆ گەرم کردنی بازاڕی هەڵبژاردن جۆرێک لە ریفۆرمخوازانی دەستەمۆ و بێ خەتەر بێننە مەیدانەوە. ئەم بەشە لە بەناو ریفۆرمخوازان کە لە لایەن ریفۆرمخوازانی هیوابڕاوەوە تەنانەت ناوی «ریفۆرمخوازانی ساختە«یان لێنراوە و ئێستا بە روونی محەممەد خاتەمی بە بۆچوون و لێدوانەکانی هەوڵ دەدا خۆی وەک ڕێبەری ئەم بەشە لە بەناو ریفۆرمخوازان نیشان بدا، هەوڵ دەدەن بە وتەی خۆیان لە چوارچێوەی نیزامی ویلایەتی فەقیهی و قانوونی بنەڕەتیی ڕێژیمدا ریفۆرم و چاکسازی بکەن.

خاتەمی کە دوای بەشدارییە نیوە نهێنییەکەی لە شانۆی هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران لە رەشەمەی ساڵی ٩٠دا گلەیی و رەخنەی بەرەی ریفۆرمخواز و تەنانەت دۆستانی نزیکی خۆی هاتەوە سەر، ئێستا لێرەو لەوێ باس لە بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمی سەرۆک کۆماریدا دەکا و هەوڵیش دەدا بۆچوون و هەڵوێستەکانی پشت بەستوو بە پشتیوانی و رەزایەتی مووسەوی و کەڕرووبی نیشان بدا. ناوبراو لە یەکێک لە دوایین لێدوانەکانیدا بە ئاماژە بە بەیاننامەی ژمارە ١٧ی مووسەوی هەوڵیداوە پاساو بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بێنێتەوە و ریفۆرمخوازانی حکوومەتی بۆ وەرێخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردن هانبدا.





ئەم هەوڵانەی خاتەمی لە کاتێکدایە کە رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی ٨٨ و ئەم بەڵایەی ڕێژیم بەسەر نارازییان و بەرەی ریفۆرمخوازانی هێنا هیچ هیوایەکی تەنانەت لە نێو ریفۆرمخوازە حکوومەتییەکانیش بۆ چاکسازی نەهێشتەوە و گرتن و زیندانی کردنی مووسەوی و کەڕرووبی لە ماڵەکانیاندا ئەوەی دەرخست کە ڕێژیم بۆ ڕاگرتنی سیستم و پاراستنی دەسەڵات تەنانەت روحم بە سەرەکیترین مۆرەکانی خۆشی ناکا.

ئێستا دوای چەند ساڵ و دوای هەمووی ئەم رووداوانەی کە هێشتا لەبیر کەس نەچوونەتەوە، داخوا خاتەمی پێی وایە چ شتێک لە ڕێژیمدا گۆڕاوە و چ ئاڵوگۆڕێک بەسەر بەرپرسانی ڕێژیم یان قانوونی بنەڕەتییەکەیدا هاتوە کە بە ریفۆرم و چاکسازی هیواداری کردبێ.

ئێستا کە بۆ هەموو کەس دەرکەوتووە کە ڕێژیم ئیجازەی نەفەس کێشان بە هیچ کەس جگە لە قاڵبووان لە نێو ویلایەتدا نادا، خاتەمی باس لە کارکردن لە چوارچێوەی قانوونێکدا دەکا کە ئەگەرچی هیچی بۆ خەڵکی ئێران تێدا نیە، تەنانەت ڕێگە بە بەڕێوەچوونی تەواوی ئەم قانوونە سەقەت و دواکەوتوانەش نادرێ. خاتەمی دوای ئەوەی لە ماوەی هەشت ساڵ سەرۆک کۆماریدا هیچ کارێکی پێنەکرا و ناچار ڕایگەیاند کە سەرۆک کۆمار لە ئێراندا لە «تدارکاتچی»یەک زیاتر نیە ئێستا هاتوە و باس لە بەڕێوەچوونی تەواوی قانوون بە هەموو بەند و ماددە پشتگوێخراوەکانییەوە دەکا و هەوڵ دەدا وا نیشان بدا کە لە چوارچێوەی ئەم سیستمە و قانوونی ئەساسییەکەیدا دەبێ بەشداری لە هەڵبژاردندا بکا و بۆ چاکسازی و ریفۆرم هەنگاو هەڵێنێتەوە. بە وەبەرچاوگرتنی هەموو رووداوەکانی ئەم چەند ساڵانە و ماهییەت و چییەتیی ڕێژیم کە ئێستا بۆ هەموو کەس ئاشکرایە و هەروەها ئەو ڕاستییە کە بە پێی ئەسلی نەوەد و هەشتی ئەم قانوونەی خاتەمی باسی دەکا تەنیا شووڕای نیگەهبان مافی تەفسیر و لێکدانەوەی قانوونی بنەڕەتیی هەیە و نە خاتەمی و نە کەسی دیکە بۆی نیە تەفسیر و شرۆڤەی بەندەکانی قانوون بکا، ئەم ئیدیعایانەی خاتەمی وێڕای ئەوەی جێگەی پێکەنین و گاڵتە پێکردنن دەتوانن نیشایەک بن لە ماهییەتی ڕاستەقینەی ناوبراو.

خاتەمی بە تەواوی نیشانیداوە باوەڕی بە ویلایەتی فەقیهی هەیە و تەنیا لەچوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا هەوڵی پاراستنی ڕێژیم بە شێوازی خۆی دەدا و ئەگەر کەسانێک ئێستا دەیانهەوێ بۆ دڵخۆشکردنی خۆیان لێکدانەوەی خەیاڵی بۆ قسە و هەڵوێستەکانی ناوبراو بکەن، خۆیان و خەڵکی ئێران فریو دەدەن. ئەگینا دوای رووداوەکانی ساڵی ٨٨ هەموو کەس و ریفۆرمخوازانی ڕاستەقینەش باش دەزانن کە هیچ هیوایەک بە چاکسازی لەم ڕێژیمەدا نیە و تەنیا ڕێگا گۆڕینی ڕێژیمە کە خاتەمییش بە باشی ئەوە دەزانێ. بەڵام جیاوازیی خاتەمی لەگەڵ ریفۆرمخوازانی ڕاستەقینە لەوەدایە کە ئەوەی ناوبراو لە بەرگی ریفۆرمخوازیدا کردی، هەوڵدان بوو پاراستنی نیزام بەو شێوازەی خۆی پێی باش بوو نەک چاکسازی لە نیزامدا.

ئەم هەوڵە نەزۆکەی بەشێک لە بەناو ریفۆرمخوازان (یان «ریفۆرمخوازانی ساختە«ی دەستکردی ڕێژیم) لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە هەموو تواناوە خەریکن خەسارەکانی هەرجۆرە هەڵبژاردنێک بۆ ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیان کەمتر بکەنەوە و ئێستا بەرنامەی گۆڕینی سیستمی حکوومەتی لە ریاسەتییەوە بۆ پارلمانی ـ کە رەزبەری ساڵی ٩٠ بۆ یەکەمجار لە لایەن خامنەیی و دوای ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەحمەدینژاد هاتە گۆڕێ ـ خراوەتە دەستووری کاری مەجلیسی نۆیەمەوە و مەجلیس بۆ ئەو مەبەستە فراکسیۆنێکی پێک هێناوە کە ئامادەکارییەکان بۆ بە کردەوەیی کردنی ئەم بەرنامەیە بکەن. ئەم هەنگاوەی ڕێژیم نیشاندەری ئەو راستییەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو ئەو کۆت و بەند و کەشوهەوا داخراوەی بەسەر کاری سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی دەسەڵاتدا سەپاندویانە و بە کردوە بۆ هەڵبژاردنی «تدارکاتچی»یەکی بێ دەسەڵات ئەو تێچووە قورسە دەدەن، بەوەش رازی نابن و دەیانهەوێ ئەوەش نەمێنێ و ڕێگەنەدەن تەنانەت «تدارکاتچی»یەکەشیان خۆی بە قەرزداری دەنگی خەڵک بزانێ.

# کۆتایی ریفۆرمخوازان لە کۆماری ئیسلامیدا



مادح ئەحمەدی

ئەگەرچی نزیک بە ساڵێکی ماوە خولی یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا بەڕێوە بچێ، بەڵام هەر لە ئێستاوە ململانێی نێوان لایەنەکان بۆ وەدەستهێنانی ئەم پۆستە دەستی پێکردوە. ململانێیەکە لە چەند ئاستی جۆراوجۆر دایە و بەتایبەتی لە نێو پاوانخوازاندا لە باڵی جیاجیا باسی چەند بەربژێرێک دەکرێت. ریفۆرمخوازانیش بە نیسبەت ئەم هەڵبژاردنەوە تا ئێستا بێ هەڵوێست نەبوون و بە جۆرێک کەوتوونەتە خۆیان و دەیانەوێ ئەم هەڵبژاردنە بکەن بە دەفەرتێک بۆ خۆ ڕێکخستنەوە. هەوڵ و تەقەلای ریفۆرمخوازان و لێدوان و وتەکانیان لە ماوەی رابردوودا لەگەڵ دژکردەوەی توندی پاوانخوازان بەرەوڕوو بووەوە. ئەم دژبەیەک وەستانەوەش دوای وتەکانی «عەبدوڵڵا نووری»(کەسایەتیی دیاری ریفۆرمخوازان) لە کۆڕی ژمارەیەک لە خوێندکاراندا دەستی پێکرد کە رایگەیاندبوو دەبێ رەخنەگران و ریفۆرمخوازان لە ژێر چەترێکدا یەکبگرن و خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان ڕێکبخەن. بە ئاماژە بە رووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەم و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی ریفۆرمخوازان، پرسیار ئەوەیە ئایا ریفۆرمخوازان کە ئێستا خراونەتە پەراوێزەوە دەتوانن بۆ جارێکی دیکە بگەڕێنەوە نێو پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا؟ بێگومان وڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستی بە ئاوڕدانەوە لە ئەزموونی ریفۆرمخوازی لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو لە کۆماری ئیسلامیدا هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش باشترە لە پارلمان و قورسایی ئێستای ریفۆرمخوازنەوە دەست پێ بکەین.

رۆژی ١٣٩١/٣/٧ (٢٠١٢/٥/٢٧) خولی نۆیەمی پارلمانی کۆماری ئیسلامی دەستی بە کارەکانی کرد و کۆتایی بە کارەکانی خولی هەشتەم هات. خولی نۆیەمی پارلمانی ئێران لە کاتێکدا دەستی پێکرد کە بە پێچەوانەی خولەکانی رابردوو، ئەم جارە ریفۆرمخوازان ڕێژەی کورسییەکانیان نەگەیشتە ئاستێک کە بتوانێ فراکسیۆن پێک بێنن. پارلمانی ئەم جارەی کۆماری ئیسلامی لە سێ لایەن پێک دێ کە دوو لایەنیان بناژۆخوازانن و رکابەری یەکدین و لایەنی سێهەمیش لە کەسانی سەربەخۆ و چەند ریفۆرمخوازێک پێک دێ. لایەنی زۆرینەی بناژۆخوازان کە بە «بەرەی یەکگرتووی بناژۆخوازان» ناسراوە، وەک چۆن لە خولەکانی حەوتو هەشتدا زۆرینەی پارلمانیان پێک دەهێنا، ئەمجارەش گەورەترین فراکسیۆنی پارلمانی ئێرانن.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم خولەی پارلمانی ئێراندا ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە ریفۆرمخوازان قەوارەیەکی ڕێکخراویان نییە بۆ ئەوەی بتوان لە گەمەکان و هاوکێشەکاندا رۆڵ بگێڕن و خراونەتە دەرەوەی بازنەی هاوکێشە سیاسییەکانی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی. بە واتایەکی دیکە ئەمە دەکرێت وەک کۆتایی ریفۆرمخوازان لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا دەست نیشان بکەین.

لێرەدا بۆ لێکدانەوەی زیاتری بابەتەکە و هەروەها بۆ دەست نیشان کردنی دەستپێکی ئەم کۆتاییە، پێویستە ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە. کاتێک «محەمەدی خاتەمی» لە ١٣٧٦/٣/٢ (١٩٩٧/٥/٢٣) توانی لە بەرابەر «ناتق نووری»، پاڵێوراوی جێگەی پەسەندی «عەلی خامنەیی» سەرکەوتن بە دەست بێنێ و ببێتە سەرکۆماری ئەو وڵاتە، وا لێک دەدرایەوە کە خەڵک بۆ دروست کردنی ئاڵوگۆڕ لە ئێران دەنگیان بە خاتەمی داوە و بەم دەنگدانەش «نا»یەکی گەورەیان بە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وتوە. لەو کاتەدا کە خاتەمی بوو بە سەرکۆمار هێشتا خولی پێنجەمی پارلمان دوو ساڵی مابوو کۆتایی پێ بێ. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەشدا زۆرینەی پارلمان دژایەتیان دەکرد. لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پارلمان لە ساڵی ٢٠٠٠دا

**نابێ لێمان تێک بچێ ریفۆرمخوازان لە ئێران خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی دیارن و ئەگەر هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراتیک پێک بێ، بێگومان یەکێک لە هێزە سەرەکییەکان دەبن و ئەوی لێرەدا وەک کۆتایی ریفۆرمخوازان باسی لێوە کرا، کۆتایی ئەوان بوو لە ستراکتۆری کۆماری ئیسلامیدا**

بەرەی خاتەمی کە بە «بەرەی دووی جۆزەردان» ناسرا بوو، لە بەرابەر بناژۆخۆزاندا سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بە دەست هێنا و زۆرینەی کورسییەکانی پارلمانیان بە دەست هێنا و دواتریش «مهێدی کەڕووبی»یان وەک سەرۆکی پارلمان هەڵبژارد. لە ساڵی١٣٨٠دا (٢٠٠١دا) دیسان خاتەمی بۆ جاری دووهەم وەک سەرکۆماری ئێران هەڵبژێردرایەوە. تا ئەم قۆناغە دەکرێ بڵێین ریفۆرمخوازان لە ئێران لە گەشەدا بوون و سەرکەتوو بوون. لێرەوە بەدوا قۆناغی کۆتایی هێنان بە ریفۆرمخوازان لە چوارچێوە پرۆژەیەکی بەریندا دەست پێ دەکا. ئەم قۆناغە بە شکست هێنانی ریفۆرمخوازان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٤ی خولی حەوتەمی پارلمان ئاراستەیەکی روونتری گرتە خۆی و لێرەوە بەدوا لە پەرلەمان بناژۆخوازان زۆرینەی کورسییەکانیان بەدەستەوە گرتو ریفۆرمخوان بوون بە فراکسیۆنی کەمینە. شکستی ریفۆرمخوازان بەم قۆناغەش کۆتایی پێ نەهات و قۆناغ بە قۆناغ قورساییان لە گەمەکاندا کەمتر بووەوە. دوای هەڵبژاردنی خولی هەفتەمی پارلمان، «مستەفا موعین»، پاڵێوراوی ریفۆرمخوازان بۆ پۆستی سەرکۆماری لە خۆلی نۆیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی ٢٠٠٥دا دوڕا. دوای ئەم دۆڕانە یەک لە دوای یەکانە زۆر کەس پێیان وابوو کە هەڵبژاردنەکانی خۆلی هەشتەمی پارلمان لە ساڵی ٢٠٠٨دا دەرفەتێکە بۆ ریفۆرمخوازان بۆ ئەوەی خۆیان ڕێکبخەنەوە و لانیکەم لە پارلمان ببنەوە بە زۆرینە، بەڵام لێرەشدا شووڕای نیگابان پێش دەست پێکردنی رکابەرییەکان زۆربەی پاڵێوراوانی سەر بە ریفۆرمخوازانی رەت کردەوەو لەم قۆناغەشدا بە جێی سەرکەوتن و خۆ ڕێکخستنەوە ریفۆرمخوازان شکستێکی دیکەیان تۆمار کرد و دوای بناژۆخوازان بوونەوە بە فراکسیۆنی کەمینەی پارلمان. لە پێوەندی لەگەڵ هەر کام لەم شکستانەی ریفۆرمخوازاندا، رەخنەگرانی ریفۆرمخوازان لە ئێران رای جۆراوجۆریان هەبووە. دەستەیەک شکست هێنانی ریفۆرمخوازان لە هەڵبژاردنەکانی خۆلی هەفتەمی پارلماندا بە کۆتایی ریفۆرمخوازان دەزانن، دەستەیەک دوڕاندنی مستەفا موعین لە خۆلی نۆیەمی سەرکۆماری، هەندێ کەسی دیکەش شکست هێنان لە هەڵبژاردنەکانی خولی هەشتەمی پارلمان، و زۆر کەسی دیکەش هەڵبژاردنەکانی خۆلی دەیەمی سەرکۆماری کە تێیدا «ئەحمەدی نژاد» کرایەوە بە سەرکۆمارو دواتر پاڵێوراوانی ریفۆرمخوازان واتە «مووسەوی‌و کەڕووبی» دەستیگیر کران‌و تا ئێستاش دەستبەسەرن، بە کۆتایی ریفۆرمخوازان لە ئێران دەزانن.

بە پێچەوانەوە بە ئاماژە بەوە کە تا کۆتایی خۆلی هەشتەمی پارلمان ریفۆرمخوازان لە چوارچێوەی گەمەکانی پارلماندا مابوون‌و لانی کەم کەمینە بوون، ناکرێ ئەو قۆناغانەی کە تێدا شکستیان خواردوە بە کۆتایی ریفۆرمخوازان دابنێین. چونکە تا رۆژێک پێش ١٣٩١/٣/٧ وەک فراکسیۆن لە پارلماندا بوونیان هەبووە. ئەو چەند قۆناغەی رابردوو، قۆناغەکانی شکستن‌و ئەم شکستانە ریفۆرمخوازانی بەرەوە ئەم کۆتاییەی ئەمڕۆ هێنا. هەر وەک ئاماژەشی پێکرا دەستپێکی ئەم کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ئەوەی خاتەمی بۆ جاری دووهەم بووەوە بە سەرکۆمار کە ئەم دەستپێکەش خۆی لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە هەڵبژاردنەکانی خۆلی حەوتەمدا دەردەخا.

ئێستا ئەگەر چاو لە پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بکەین دەبینین ریفۆرمخوازان بە تەواوەتی خراونەتە دەرەوەی گەمەکان و تەنیا مەکۆیەک کە مابوویان پارلمان بوو کە ئەویشیان لە دەست دا. چونکە لەم خۆلەی پارلماندا تەنانەت ڕێژەیان ئەوەندە نەبوو کە بتوانن فراکسیۆن پێک بێن. بۆیە دەتوانین ئەمە وەک کۆتایی ریفۆرمخوازان لە چوارچێوەی پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا لەقەڵەم بدەین. نابێ لێمان تێک بچێ ریفۆرمخوازان لە ئێران خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی دیارن و ئەگەر هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراتیک پێک بێ، بێگومان یەکێک لە هێزە سەرەکییەکان دەبن و ئەوی لێرەدا وەک کۆتایی ریفۆرمخوازان باسی لێوە کرا، کۆتایی ئەوان بوو لە ستراکتۆری کۆماری ئیسلامیدا.

بە ئاماژە بە بارودۆخی ریفۆرمخوازان لە ئێستای ئێراندا و هەروەها ئەو شکستانەی کە لە رابردووەوە تا ئێستا تووشی هاتوون، زۆر قورسە کە بتوانن هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەیەمی سەرکۆماری بکەن بە دەرفەتێک بۆ گەڕانەوە نێو پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا و لە بنەڕتیشدا قۆلی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی کە هەموو کۆڵەکەکانی دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، قەت ئەو دەرفەتە نادات و ڕێگە نادات بە هیچ شێوەیەک دووی جۆزەردانێکی دیکە لە ئێراندا بێتەوە کایەوە، ئەگەر بەدەر لەم حاڵەتە بوو، ئەوە بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامی بەو پێکهاتەی ئێستاوە بوونی نەماوە.

# بەرەو ٢٥ی گەلاوێژ
# ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هیوا

٢٥ی گەلاوێژ، یادی رووداوێکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. ٦٧ساڵ لەمەوبەر، لە مەهاباد، لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەم رووداوە لە بەر گرنگیەکەی لە مێژووی هاوچەرخی کورد دا زۆری لە سەر نووسراوە. لێرە دا بەکورتی لە چەند خاڵ دا ئاماژە بە گرنگیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

ناسیۆنالیزمی کوردی و خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە لە دایکبوونی حیزبی دێموکرات، روحێکی سەردەمیانە و دێموکراتیکی پەیدا کرد. ناسیۆنالیزمێک کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا پنجی داکوتاوە و کاریگەریی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێوە دیارە، مافی ژیانی ئازاد و بە دەستەوەگرتنی چارەنووس و هەبوونی کیانی نەتەوەیی بە کورد رەوا دەبینێ، بێ ئەوەی تەماحی لە خاکی نەتەوەیەکی تر دابێ، یا گیانی دژایەتیی گەل و نەتەوەی تر پەرە پێ بدا. ئەم ناسیۆنالیزمە لەم سەردەمەش دا کە گوتاری دێموکراسی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و وێکهەڵکردنی مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازییە جۆراوجۆرەکانیان، لە زاڵبووندایە، دەتوانێ لەباری نێوەرۆکەوە سەری خۆی بەرز رابگرێ. چونکە نێوەرۆکێکی دێموکراتیک و ئینسانیی هەیە..

دووهەم خاڵ کە لە بارەی گرنگیی ٢٥ی گەلاوێژ و رووداوی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە بە لە دایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەتەوەی کورد لە بەشی رۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، بۆ یەکەم جار بوو بە خاوەنی کیانێکی نەتەوەیی. دیارە پێشتریش فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی کوردی، هەبوون. بەڵام شوناسی ئەوان کەمتر نەتەوەیی بوو. شێوەی پێکهێنانیشیان لەگەڵ کیانێک و دەسەڵاتێک کە حیزبی دێموکرات لە نێوەراستەکانی سەدەی ٢٠دا دایمەزراند، زۆر جیاواز بوو. «کۆماری کوردستان» کە بە هەوڵ و رێنوێنیی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ (١٩٤٦) دا دامەزرا، دەسەڵاتێکی خەڵکی بوو، لە هەناوی بزووتنەوەی نەتەوەیی و لە دڵی خەڵکەوە، هەڵقوڵابوو. لەجیاتی ئەوەی شێخێک، سەرۆک هۆزێک، درووستی کردبێ، حیزبێکی سیاسی بۆ پیادەکردنی ئیرادەی نەتەوەیی و بە پشتیوانیی نەتەوەیەک نەک ناوچەیەک و هۆزێک، دامەزرابوو.

سێهەم خاڵ کە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی نەتەوەیی کرد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەرەکەتی لەدایکبوون و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەوە، بەخۆیەوە دیتووە، بەردەوامیی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد دژی دوو



رێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییە. بەو هۆیەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو و لەسەر خەبات و ئامانجە نەتەوەییەکان بەردەوام بوو، تێکۆشان و بەربەرەکانیی رۆڵەکانی گەلەکەمان و هەوڵی ئازادیخوازان دژی ستەمی نەتەوەیی، لە ژێر چەتری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کۆبۆوە. چونکە حیزبێک هەبوو کە هەم بەرنامەکەی، رەنگدانەوەی داخوازە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بوو، هەم لەسەر خەبات بۆ ئەو ئامانجانە شێلگیر بوو، خەڵکی کوردستان هەستیان بە بۆشایی هێزی سیاسیی دڵخوازی خۆیان نەکرد، بەردەوام لە حیزبی خۆیاندا کۆ بوونەوە و بە پشتیوانیی خۆیان لەم حیزبە، نەیانهێشت ئاڵایەک کە لە دەستی ئەم حیزبە دایە، هیچ کات بکەوێتە زەوی.


چوارەم خاڵی گرنگ ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەر ئەوە نییە کە خاوەنی رابردوویە، ئەم حیزبە خاوەنی ئێستا و داهاتووشە، رۆڵ و ریساڵەتی حیزبی دێموکرات تەواو نەبووە و تەواویش نابێ هەتا ئەوکاتەی هەڵگری داخواز و ئامانجەکانی نەتەوەکەی بێ، هەتا ئەو کاتەی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دا بمێنێتەوە و ئامادە بێ لە گیانی رێبەران، تێکۆشەران و رۆڵەکانی بۆ ئەم ئامانجانە، مایە دابنێ. حیزبێک ئەو رابردووە پڕ لە قوربانیدان و تێکۆشانەی هەبێ و سەرمایەیەکی گەورە لە نفووزی و ئیعتیباری سیاسی و ئەزموونی خەباتگێڕانە و مرۆڤی تێکۆشەر و خۆڕاگری لێ کۆببووبێتەوە، بێگومان داهاتووشی دەبێ.

هەمووی ئەم راستییانە، لە ئێمەدەخوازن بە ئەمەگناسی و پێزانینەوە ئاوڕ لە رابردوو بدەینەوە و سڵاو بنێرین بۆ ئەوانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند. لەسەرووی هەموانەوە پێشەوا قازی محەممەد کە لە پێشەوەی دامەزرێنەرانی حیزب دایە. هەروەها سڵاو لە سەرجەمی ئەو کەسانەی لە سۆنگەی خەبات لە ریزەکانی ئەم حیزبەدا خزمەتی نەتەوەکەیان و بزووتنەوە رەواکەیان کرد و گیانیان بەخشی و شەهید بوون. لە پێشەوەی ئەوان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی کە لە رێبەرانی پایەبەرزی ئەم حیزبە بوون.

**چوارەم خاڵی گرنگ ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەر ئەوە نییە کە خاوەنی رابردوویە، ئەم حیزبە خاوەنی ئێستا و داهاتووشە، رۆڵ و ریساڵەتی حیزبی دێموکرات تەواو نەبووە و تەواویش نابێ هەتا ئەوکاتەی هەڵگری داخواز و ئامانجەکانی نەتەوەکەی بێ**

لەم بۆنەیەدا، پێویستە سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش بکەین کە لە ریزەکانی ئەم حیزبە دا تێکۆشانیان هەبووە و ئەرکی حیزبی و شۆڕشگێڕانە و نەتەوەییان بەڕێوە بردوە. بەتایبەتی ئەوانەی تووشی دیلی و بەندیخانە بوون، تووشی برینداری و نەقوستان و کەمئەندامی و دەربەدەری بوون. سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی گەلی کورد و لە پێشەوەی ئەواندا تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات . هەروەها سڵاو لە خەڵکی کوردستان کە لە درێژایی ٦٧ ساڵی رابردوودا پشتیوانی حیزبی دێموکرات بوون

# هەژاری و گرانی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هۆکار و دەرەنجامەکان؟



عەلی بداغی

بابەتی هەژاری و گرانی و چوونەسەرێی نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی رۆژانەی ژیانی خەڵک لە ئێستادا، باسی سەرەکیی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەی خەڵکی لە بازاڕ و بنەماڵەکان لەگەڵ یەکترە.

گرانبوونی سەدا ٦٠ و سەدا٧٠ ی نرخی زۆربەی کەلوپەلەکان و تەنانەت لە هێندێکیاندا گرانبوونی سەدا ٣٠٠ ی نرخەکان _ مریشک و گۆشت _ لە کاتێک دایە کە هاوکات نرخی بێکارییش بەردەوام چۆتە سەرێ و کەمبوونی داهاتی خەڵک و گرانیی هەوسارپچڕاوی ئێستا؛ ژیانی لە خەڵکی ئێران بە تایبەت لە توێژی هەژار و کەم داهات تاڵ کردوە.

یەکەم سەرنج لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای گرانی لە ئێران و لە کاتێکدا کە فشاری ئەو گرانییە خەڵکی وەزالە هێناوە و لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ئەم دەزگای حکومی و دەوڵەتی یان ئەو دەزگا بە خەتابار دابنێ یان بە گشتی گەمارۆکان بە هۆکاری سەرەکیی ئەو بارودۆخە دابنێ ئەوەیە کە هەر لە جێدا، دروستبوونی ئەو بارودۆخە بەرهەمی چ جۆرە سیاسەت کردنێکە و تاوانباری سەرەکیی ئەو هەلومەرجە چی و کێهە کەس و کامانەن؟

بێگومان زۆربەی نیزیک بە تەواوی کارناسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆکن لە سەر ئەوەی قەیران و فەلاکەتی ئابووریی ئێستای ئێران زیاتر لە هەر شتێک بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە حەوزەی سیاسەتی دەرەوە، بەڕێوەبەریی نێوخۆیی وڵات، هەرەسهێنانی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی و بە گشتی پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامییە.

گەمارۆی ئابووریی ئێران لەلایەن رۆژئاوا بۆ ناچارکردنی کۆماری ئیسلامی بۆ وازهێنان لە بەرنامە ئەتومییە جێی شک و گومانەکەی و لەو سۆنگەیەوە کشانەوەی وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە کەرتی سەرمایەگوزاری لە ئێران، دابەزینی هەناردە و نرخی نەوت، زۆربوونی نەغدینەیی لە بازاڕ و بەڕێوەبەریی خراپ و سەقەتی بەرنامەی ئامانجدار کردنی یارانەکان لە ئێستادا بارودۆخێکی زۆر نالەباری بە سەر خەڵکدا سەپاندوە. کار گەیوەتە جێیەک کە زۆربەی کارناسانی ئابووری دەڵێن ئابووریی ئێران لە سەردەمی شەڕ لەگەڵ عێراقیشدا کە زۆربەی داهات و سەرمایە و توانای ئێران بۆ پێداویستییەکانی ئەو شەڕە تەرخان دەکرا، ئەوەندەی ئێستا شپرزە و نالەبار نەبووە.

**کاردانەوەی کاربەدەستانی رێژیم بەو بارودۆخەش لە جێی خۆیدا جێی سەرنج و وردبوونەوەیە.**

داواکاری گشتیی تاران لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی رۆژنامەکان و کاناڵەکانی راگەیاندنی نێوخۆ بڕیاری داوە کە نابێ هیچ هەواڵ و راپۆرتێک لەبارەی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان بڵاو بکەنەوە، کار گەیشتە جێیەک کە سەردار ئەحمەدی موقەدەم، فەرماندەی هێزە ئینتیزامییەکانی ئێران رەخنەی لە دەنگ و رنگی رێژیمەکەی گرتوە کە بۆ لە هەلومەرجی ئێستادا فیلمی مریشک و گۆشت پیشانی خەڵک دەدرێ و کازم سدیقی، پێشنوێژی هەینیی ئەو حەوتوویەی تاران بە حاشا کردن لە هەر چەشنە گرانییەک لە ئێران ئیدیعای کرد کە لە ئێراندا ئەوەی نەبێ هەژار و گرانییە.

پێشتریش ئەحمەد خاتەمی، ئەندامی شووڕای نیگابانی رێژیم بە داننان بە چوونەسەرێی نرخی کاڵاکان و گرانیی سەرسووڕهێنەری ئێستا گوتبووی کە راستە گرانی بڕستی لە خەڵکی بڕیوە، بەڵام خەڵک دەبێ حەسرەتی « ئاخ» هەڵکیشانێکیش لە دڵی دوژمنانی ئێراندا بهێڵنەوە. ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی، گەورە مەرجەعی تەقلیدی شیعەکانی






ئێرانیش بەجێی رەخنە گرتن لە سیاسەت و مودیرییەتی قەیران خوڵقێن، فتوای ئەوەی داوە کە تا قیمەتەکان دێنە خوارێ، خەڵک مریشک نەکرێ، کاڵا نەکرێ و لەچوونە بازاڕ خۆ ببوێرێ. تەنانەت بۆ ئەوەش پاساوی پزیشکی هێناوەتەوە کە دوکتورەکان دەڵێن خواردنی گۆشت باش نییە.

گرانی و چوونەسەرێی نرخی کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک لە کاتێک دایە کە پێشتر جەمشید پەژوویان، سەرۆکی شووڕای ململانێی دەوڵەت لەبارەی هێڵی هەژاری رایگەیاندبوو کە ئەگەرچی کاروباری لێکدانەوی نرخی هەژاری لە ساڵی ٩٠ دا تەواو نەبووە، بەڵام هێڵی هەژاری لە ساڵی ٨٩ بۆ بنەماڵەکانی نیشتەجێی شارەکان ٩٥٠ هەزار تمەن و بۆ بنەماڵەکانی دانیشتووی گوندەکان ٦٠٠ هەزار تمەن بووە.

پەرەسەندنی هەژاری و گرانی لە ئێران لە کاتێک دایە کە کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی بەجێی پێداچوونەوە بە سیاسەت و کار و کردەوە قەیران خولقێنییەکانیان و وەڵامدانەوەیان بە ویست و داخواز و کێشەکانی ژیان و بژیویی خەڵک، بە خستنە ژێر فشاری خەڵک هەوڵی چاوترسێن و بێدەنگ کردنیان دەکەن.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا بۆ دابینکردنی نانی شەوی خەڵک داماوە و توانای کۆنترۆڵی بازاڕ و بەڕێوەبەریی ئابووری ئێرانی نەماوە کە بە هەموو توانایەوە بۆ دەمەلاسکە بە کۆمەڵگای جیهانی بەرنامە ئەتومییەکانی دەباتە پێشێ و بە مانۆڕە نیزامییە یەک لە دوای یەکەکانی و پێداگری لە سەر قەیران خوڵقێنییەکانی لە ئاستی جیهاندا میلیارد میلیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە لە ئاو دەکا.

پێکهاتنی ئەو بارودۆخە شپرزەیە لە کاتێک دایە ئێران لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا پتر لە ٧٠٠ میلیارد دۆلاری داهاتی نەوت بووە، بەڵام خەڵکی ئێران بەجێی ئاوەدانی و خۆشبژیوی و چوونە سەرێی ئاستی گوزەرانی ژیان ئەوەی دەستیان کەوتوە هەژاری، بێکاری، گرانی، تەقینەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان لە تەنیشت هەواڵەکانی گەندەڵییە میلیاردییە یەک لە دوای یەکەکان لە بانک و بیمەکانە.

بەڵام دووڕەدیمەنەکانی بەردەوامیی ئەو بارودۆخە و کاریگەری لە سەر ژیانی خەڵکی چین؟

لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەوە دەبینین کە ژمارەی خەڵکی هەژار و کەم داهات و بێ ئەنوا زیاتر و زیاتر دەبن و گرانیی هەوسارپچراو ئاستی خۆشبژیوی و گوزەرانی خەڵک لەوەش زیاتر دێنێتە خوارێ. کاریگەریی رووحی و رەوانییەکانی ئەو دیاردەیەش لە جێی خۆی کە وێڕای پەرەپێدان بە کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرزبونەوەی ئاستی تاوانکاری و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک دزی، تەڵاق، لەشفرۆشی، کارپێکردنی منداڵان، وازهێنان لە خوێندن و خەمۆکی و بێهیوایی بە ژیانی بە دوادادێ و لە سەر ئەخلاق و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی خەڵکیش کاریگەریی خراپ دادەنێ و گۆڕینی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

ئەوانەش هەموو لە کاتێک دایە کە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران خەمسارد و بێ تەفاوت لە تەنیشت ئەو بارودۆخە تێ دەپەڕێ و بە سەپاندنی سیاسەتی سەرکوت و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن تەنیا بیر لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتە قەیران خوڵقێنەکانی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا دەکاتەوە، بێ ئەوەی لەو هاوکیشانەدا کەمترین بەها و بایەخێک بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی ئەوان دابنێ.

**بەرەو یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی**

لە ١٧ی سێپتامبری ئەمساڵ دا ٢٠ ساڵ بە سەر تێرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە رێستۆرانی میکونووسی بێرلین دا رادەبرێ. «کوردستان» وەک ڕێز گرتن لە خەبات و رۆڵی سەرکردانەی ئەو رێبەرە شەهیدەی حیزبی دیموکرات، لەم ژمارەیە را دەست بە بڵاوکردنەوەی بابەت و نووسینی پیوەندیدار بەم یادە دەکا

«کوردستان»



ئەحمەد شێربەگی

# چەند پەیڤێک لە سەر بیر و ئەندێشە و روانگە و بۆچوونەکانی د،سادق شەرەفکەندی

ئەگەر بمهەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە و پێناسەیەک لە روانگە و بیر و بۆچوونەکانی دوکتور سەعید وەک هاوڕێ و دۆستێکی ئەم چەند ساڵەی خۆم بکەم، دەبێ بڵێم کە کاک سەعید خاوەن و هەڵگری گەلێک روانگەو بیرو بۆچوونی شەففاف و ئاشکرا بوو کە باسکردنیان حەوجێی بە کاتێکی زۆر هەیە .بۆیە من بەکورتی تەنیا ئاماژە بە یەک ڕوانگە و بۆچوونی ناوبراو دەکەم.

دیارترین ڕوانگەی دوکتور سەعیدکە بەلای من گرینگتریانە هەستی نەتەوەییخوازی و کوردایەتیی ناوبراو بوو . ئەم هەستە بەتەواوی لە بیری دوکتور سەعید دا پەنگی خواردبۆوە کە دەکرێ بڵێم کەسایەتی وچوارچێوەی هزریی دوکتور سەعید ی تەنی بوو و شکڵی پێ گرتبوو. ئەمەش سروشتی بوو، دەکرێ بڵێم ریشەیەکی مێژوویی هەبوو و بیرێکی ئاوا بە بێ هۆ لە دوکتور سەعید د ا سەری هەڵنەدا بوو . دوکتور سەعید لە نێو چوارچێوەی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری کورد دا پێ دەنێتە دونیا . سەردەمی منداڵیی ئەوهاوکاتە لە گەڵ هەڵایسانی شەری دووهەمی جیهانی و هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی ئێران، هاوکاتە لە گەڵ تێکشکانی نازیسم لە ئاڵمان و فاشێسم لە ئیتالیا،هاوتەریبە لە گەڵ پەرەگرتنی سۆسیالیزم و هەڵکردنی شنە بای ڕزگاریی زۆرێک لە گەلان و دروستبوون و شکڵ گرتنی زۆر وڵات ، سەرئەنجام هاوکاتە لە گەڵ دامەزرندانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

لە لایەکی دیکە کاک سەعید برا چووکەی عەبدولرەحمان شەرەفکەندی (مامۆستا هەژار) شاعیری نیشتمانیی کۆماری کوردستان بوو. ناوبراو بە چاوی خۆی ئاڵای کۆماری کوردستان دەبینێ کە لەسەر دام و دەزگاکانی حکوومەتی دەشەکێتەوە. بە شەوقەوە پێدەنێتە قوتابخانە و بە زمانی شێرینی کوردی دەرس دەخوێنێ و مێشکی بە نۆتەکانی سروودی کوردایەتیی سەردەمی کۆمار زاخاو دەدرێ. هەر بۆیە بوونی ئەودیاردانە دەبنە هۆی ئەوە کە کاک سەعید هەر لە تەمەنی منداڵی یەوە تێکەڵ بە کەشی سیاسەت و کوردایەتی بێ و یەکەم بەردی بناغەی کۆشکی کوردایەتی لە دەروونیدا دابمەزرێ. بیری نەتەوەیی بۆ کاک سەعید دەبێتە یەکەم ئامانج ومەشغەڵی ڕووناکی ڕێگای تێکۆشانی دوارۆژی. کەسایەتیی کاک سەعید هەر لەژێر کارتێکەریی و ڕووناکی ئەم بیرەدا گەشە دەکا. بە جۆرێک کە چ ئەوکاتەی وەک مامۆستا لە بوارە جور بەجۆرەکانەوە مامۆستایەتی کردوە و وانەی کوتۆتەوە، چ ئەوکاتانەش بە کردەوە دێتە نێو بزووتنەوەی کوردستان وتێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێدەکات و پاشان ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات بەدەستەوە دەگرێ ئەو بیری نەتەوەخوازییە بەتەواوی لە هەستان و دانیشتن و گوتارو نووسینەکانی دوکتور سەعید دا ڕەنگ دەدەنەوە و دەردەکەون.

دوکتور سەعید شارەزای مێژووی کوردە وخوێندنەوەیەکی زانستییانەی لە سەر مێژووی سەرهەڵدان و بزووتنەوەکانی کورد هەیە.ئەو لە نووسینی›› کورتە مێژوویەک لە جووڵانەوەکانی کورد››دا ئاماژە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدان، کەمایەسی یەکان و تێکشکانەکانی ئەو جووڵانەوانە دەکا، هەر بۆیە لە گۆڕەپانی بە کردەوەدا بە دیدێکی زانستییانە و واقێعبینانە دەڕوانێتە داهاتووی کورد. لە دووره روانینی خۆی دا کێشەی کورد و مافەکانی بەرامبەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا شی دەکاتەوە و ئەوانەی ئێران تەنیا بە فارسەوە دەبەستنەوە دەکاتە مەسەلەیەکی دیار و بەرجەستە.

دوکتور سەعید بۆ دامەزراندنی ئێرانی داهاتوو ناچێتە ژێر ئاڵای هیچ بەرەیەکەوە کە لایەنەکانی ئەو بەرەیە باوەڕیان بە چارەسەری مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران نەبێ. خەتێکی سووری پان بەسەر بیری سەڵتەنەتخوازی دا دەکێشێ و بۆ هەمیشە ئەو سیستمە بۆ داهاتووی ئێران ڕەتدەکاتەوە. بە خوێندنەوەیەک کە لەسەر ئەم سیستمە هەیەتی دەزانێ و لێی روونە مافی نەتەوایەتی و دیاریکردنی چارەنووس لە گەڵ سیستمی دواکەوتووانەی سەڵتەنەتی لە ناتەبایی دایە و بە هیچ شکڵێک ناتوانێ خۆی لە گەڵ مافی نەتەوەیی وپلۆرالیسمی سیاسیی گەلانی ئێران بگونجێنێ . پاشان زۆر لێبڕاوتر و شەففافتر لەمە لەسەر مافی نەتەوەی کورد لە ئێران دا دەدوێ و بێ ئەوەی هیچ شک و گومانێک لای کەس دروست بکات زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئەوە راستە کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی و موزاییکی نەتەوە جیاجیاکان پێک هاتوە، بەڵام هیچ شتێک هەتا هەتایی وئەزەلی نییە، چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیاون، نەکرێ لێک جیا بنەوە و جیالە یەکتری بژین؟ مەسەلەکە ئەو هەلومەرجەیە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.

دوکتور سەعید باوەڕی تەواویی بە سەربەخۆیی و بە یەکپارچەیی کوردستان هەبوو. زۆرجار ئەو کاتەی بەرپرسی یەکەمی حیزب بووە وربێبەرایەتیی حیزبی وەئەستۆ گرتوە بە بێ ترس و دڵەڕاوکە و بە ئاگاهییەوە یارمەتیدەری ئەو بەشەی کوردستان بووە کە پیوستیی بە یارمەتیی حیزبی دیمۆکرات بووە . لەو جێگایەی پێویست بووە قازانجی نەتەوەیی وە پێش قازانجی حیزبایەتی داوە و لەم ڕێگایەش دا باجی بۆ داوە. لەبەر ئەوەی دوکتور سەعیدلە ‹› حیزب›› وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی دەیڕوانی. باوەڕی وابوو حێزب دەتوانێ بۆ قۆناخێک لە ژیانی کۆمەڵ کارساز بێ بەڵام هەتاهەتایی نیە ولە قۆناخەکانی دیکەدا کۆمەڵگە حیزبی خۆی دیاری دەکات.

با نموونەیەکی دیکە بێنمەوە بۆ ئەوەی بەس بێ کە دوکتور سەعید چەندە شانازیی بە کورد بوون دەکا. لە ڕێورەسمی ١٠ساڵەی دامەزرانی رادیۆدەنگی کوردستانی ئێران داکاک دوکتور سەعید لە سەرنەتەوەیی خوازی و مافی نیشتمانیی کورد دەڵێ :

...دەبێ شانازی بە خۆمان بکەین کە کوردین. خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی خەباتێکی پیرۆز و ڕەوایە . تەنیا کوردە ئەمڕۆ بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دا بۆ ئازادی خوێنی دەڕژی و قوربانی دەدا.کەواتە هیچ کەس ناتوانێ لە ئێران دا خۆی بەسەر کورد دا فەرز بکات . من وەکوو کورد نە لە هیچ کەسێکی کەمترم نە زیاتر ....

لەو سەردەمەداکە هێڵە فیکری یەکانی چەپی کلاسیک لە قاڵبی سوسیالیزمی مەوجوود دا باڵی بە سەر کەشی سیاسیی ئێران دا کێشا بوو و بیری نەتەوەخواز ی و دیاریکردنی مافی چارەنووس لە ڕوانگەی زۆرێک لە هیز و لایەنە ئێرانییەکانی سەر بەم ڕێبازە فکرییە ئیرتجاعی و دواکەوتووانە پێناسە دەکرا، ئەم بیرە لێبڕاوانەی دوکتور سەعید ئەوکاتەیە کە دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ و گرینگی و بایەخیان پێ بدرێ.

دوکتور سەعید لەو سەنگەرەشەوە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر تەوژمی ئەو تیئۆریانە، لەبیری نەتەوەخوازی بە هەموو توانایەوە دیفاعی دەکردو هەڵوێستی دەگرت. راستی و درووستیی ئەم بیرەی دوکتور سەعید ئەو کاتە بۆ هەموو لایەکی سەلمێنرا و دەرکەوت کە دیتمان چۆن هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی لە نێو گەلانی بلۆکی شەرق داکە زیاتر لە حەفتا ساڵ بێدەنگ و کپ کرابوون تەقیەوە و بوو بە هۆی هەڵوەشانی ئەو بەرەیە و جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆیان؟

لەکۆتایی دا دەڵێم: شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی بەر لە هەموو شتێک کوردێکی دێمۆکراتی چەپ بە مانای وشە بوو. باوەڕێکی یەکجار قووڵی بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە لە سەر بنەمای سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک هەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر لێبڕاوانە و بوێرانە پشتیوانیی لەم بیرۆکەیە کرد. یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەتەواوی پشتی دوکتور قاسملووی ڕیبەری بۆ پەسەندی ‹›کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم›› گرت کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا هاتە بەرباس و مشتومڕ و هەڵلایەکی زۆری لێکەوتەوە.



# پیاوکوژانی کۆشکی فیروزە، وەرگێردرایەوە سەر زمانی کوردی



لە بەرەبەری ٢٠ ساڵەی تیرۆری دوکتوور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ، کتێبێکی تایبەت بەم جەنایەتەو رەوتی دادگای میکۆنووس، وەرگێردرایەوە سەر زمانی کوردی.

کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیروزە لە نووسینی شاعیرو نووسەری ئێرانی، خاتوو رۆئیا حەکاکیان کە تایبەتە بە چۆنیەتی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیان و هەروەها چۆنیەتی رەتی دادگای میکۆنووس، لە لایەن نووسەرو وەرگێڕی ناوداری کوردو سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات، مامۆستا عەبدووڵڵا حەسەنزادە وەرگێردرایەوە سەر زمانی کوردی.

لەم کتێبەدا خاتوو رۆئیا حەکاکیان پەردەی لە سەر زۆر لایەنی نادیاری تێرۆری میکۆنووس و دادگای میکۆنووس هەڵداوەتەوە. ناوبراو کە دانیشتووی ئامریکایە، پاش نزیک بە پێنج ساڵ کارو هەڵدانەوەی ئارشیڤەکان و وتوێژ دە گەڵ دادوەرەکان و پارێزەرەکان و ئەوانەی لە تێرۆری میکۆنووس دا گیانیان بەدەر بردبوو ئەم کتێبەی بە ناوی «پیاوکوژەکانی کۆشکی فیرووزە« بە زمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاو کردەوە.

جێی ئاماژە پێدانە ئەم کتێبە سەرەتا لە لایەن وەرگێری بە توانای کوردو تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک فەتاح کاویان، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێردرایەوە سەر زمانی فارسی و پاشان بەرێز مامۆستا عەبدووڵڵا حەسەنزادە لە فارسییەوە وەرگێرایەوە سەر زمانی کوردی.

سەرچاوە: /http://kdpmedia.org

# کۆنفرانسی برۆکسێل، بەیەک گەیشتنی ترس و هیوا



ئارەش لۆرستانی

و: سیروان مووساپوور

کۆنفڕانسە چوار لایەنەییەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زۆرترین فرەچەشنیی فکری و ئایدۆلۆژی، هاندان و تەحریم و لە کەشێکی پڕ باس و خواسدا و بە واتایەکی دیکە، وەک خاڵی پێک گەیشتنی ترس و هیوای سیاسی بەڕێوەچوو.

لەم کۆنفڕانسەدا چەند گەلاڵەیەکی وەک هەڵبژاردنی ئازاد لە سێبەری دەسەڵاتدارێتی سندووقەکانی دەنگدان، پێویستیی کەڵک وەرگرتن لە کەشی تەحریمی کۆماری ئیسلامی، پێوەندی و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵا ڕۆژئاوا، روون بوونەوەی هەڵوێستەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر بەرنامە ناوکییەکەی ئێران و دژایەتی بەربڵاو لەگەڵا هێرش بۆ سەر ئێران و پێویستیی یەکیەتیی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان خرانە بەرباس و تاوتوێ کران. ئەم کۆنفڕانسە کە بە زۆرترین فرەچەشنیی بیرورا و ئامانجەکان و بە مەبەستی یەکیەتی و هاوپێوەندیی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێک هات، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی بە شێوەیەکی روون و بێپەردە و بە شێوازی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاشکرا کرد.

ئەم کۆنفڕانسانە بە سەرنجدان بە کۆبوونەوە و بەشداریی راستەوخۆی زۆربەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دەربڕی باوەڕی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە لاوازیی زۆر و لەدەستچوونی پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هێزی دەسەڵاتدار لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێرانە.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٣٨٨ی ئێران خاڵی وەرچەرخان لە دژایەتی و ناڕەزایەتی بەربڵاوی خەڵک و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوو کە لەم جەریانەدا ناکاریگەربوون و تێگەیشتنی نادروستی زۆربەی لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەم هەلومەرجە و نەبوونی پێوەندیی راستەوخۆ و هاوئاهەنگ لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران، دەرەتانی پێشهاتوو نە تەنیا هیچ سوودێکی بۆ ئۆپۆزیسیۆن نەبوو بەڵکوو دەرخەری کەلێنی قووڵی نێوان خەڵک و هێزە دژبەرە سیاسییەکان بوو. هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاویش کە لەگەڵ قەیران و راگەیاندنی هەڵوێستی نوێی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بۆ زیندووکردنەوەی سەرۆک وەزیری و هەڵوەشاندنەوەی سەرۆک کۆماری کە وەک خاڵێکی قەیرانی جیددیی داهاتوو دەناسێنرێ، کاریگەریی تەحریمەکان و تێکشکانی زۆربەی هاوپەیمانانی کۆماری ئیسلامی و گۆڕانی رێژەیی هەڵوێستەکانی زلهێزەکان سەبارەت بە حکوومەتی ئێستای ئێران، ناکۆکی و کەلێنە قووڵەکانی لایەنەکانی نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی، بەها و داخوازییەکانی نەسڵە نوێیەکانی ئێران کە لە چوارچێوەی ئەم حکوومەتەدا پێناسە ناکرێن، گوشارە ئابوورییە زۆرەکانی سەر توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و خڕبوونەوەی ئابووری لە چەند گەورەشارێکی تایبەت، رووبەڕووبوونەوەی نەریت و مۆدێرنیزم لە ئێران و چەندین فاکتەری دیکە وەک هۆیەکانی بەشداریی و ئامادەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوون کە لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا بەردەوام هەوڵدان بۆ لێک نزیک بوونەوە و بەیەک گەیشتنێک لە ئارادا بوو. کاتێک کە پێویستیی رووخانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ببێتە یەقین، گرفت و لەمپەرەکان ئاسانتر لەسەر رێگە لادەچن و گەیشتن بە ئامانج ئاسانتر دەبێ بەڵام بە سەرنجدان بە ئەزموونی کەمی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە وەڕێخستن و پێکهێنانی دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا کە ببێتە هۆی هاوپێوەندی، کۆنفڕانسی برۆکسێل تەنیا بوو بە شوێنی دەربڕینی



بیرورا و ئایدیالەکانی ئۆپۆزیسیۆن و درێژەپێدانی بۆ داهاتوویەکی نادیار دواخرا.

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن جیا لە کێشە نێوخۆیی و پێکهاتەییەکانی خۆیان بەردەوام لەم یەکگرتوویی و دانیشتنانەدا لەگەڵ گرفتی زۆر

# کەبوودوەند، دیاردە و دەرفەت



مەسعود فەتحی

کاتێک باس لە محەممەدسدیقی کەبوودوەند دەکەین، باسمان لە کەسایەتییەکی حقووقی و زیندانییەکی سیاسی کردوە کە بە باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ناسراوە، مرۆڤێکی ئازادیخواز کە داخوازییەکانی گەلی کوردی بە گوتارێکی مرۆیی و بەڕۆژ، لە زیندانەوە ئاراستەی رێژیمی توتالیتێر و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی دەکا و دەنگی بوێرانەیشی نەک هەر دیوارەکانی زیندانی «ئێڤین» بەڵکوو سنوورەکانی جوغرافیای ستەم و پێشێلکاری بەزاندوە و ئێستا ئیدی جیهانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ، داگیرکەرانی کوردستان، کەبوودوەند، کورد و داوا رەواکانی باشتر لە هەمووکاتێک دەناسن.

ئەوەی لەم بابەتەدا مەبەستە شرۆڤەیەکی کورتە لە مەڕ پێویستیی بە هەند وەرگرتنی کەبوودوەند، وەک سیمبولی خۆڕاگری و هێمای خەباتی مەدەنیی گەلی کورد کە بەشێوازێکی مەدەنی و بە پێی بارودۆخی تایبەت چالاکی ئەنجام دەدا و سەرنجی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەلە جیهانییەکان ومیدیا و راگەیاندنەکانی کورد و ئێرانی و جیهانی بۆ لای پرسی کورد رادەکێشێ. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵی بەهێز لە ستایلی خەباتی بەڕێز کەبوودوەند دەکەین کە، خوێندنەوەیەکی نوێ و سەردەمیانەی لە گەلی کورد و داخوازە رەواکانی هەم بۆ کورد و هەم بۆ داگیرکەرانی کوردستان و هەمیش بۆ کۆمەڵگەی جیهانی پێیەو ئەمەش کەبوودوەند لە ئاستی هەرکام لە گەورە رێبەرانی بزووتنەوە مەدەنییەکانی جیهان پێناسە دەکا:

١_ کەبوودوەند لە سەرەتا بەکاری رۆژنامەوانی دەستی بەچالاکی کردوە و پاشان بە دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، درێژەی بە کاروچالاکییەکانی داوە و هەتا ئێستاش بە شێوەیەکی بەردەوام چالاکییەکانی درێژەی هەیە و چالاکییەکانی لە سەر جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پەیماننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤی داڕشتوە. ئەمەش پرسی کوردی وەک پرسێکی مرۆیی بە جیهان ناساندوە، بەواتایەکی دیکە ئەم گوتارە پرسی کورد دەکا بە پرسێکی مرۆیی لە جیهاندا.

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک نوێنەرانی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیە، سالانێکە بە هۆی بارودۆخێکی تایبەت کە رەوشی سیاسیی ناوچەکە دروستی کردوە، لەچاوەڕوانیدان، هەروەها بە هۆی کێشەگەلێکەوە کە سەرچاوە لە لێک تێنەگەیشتن و نەبوونی دەرکی بەرانبەر لە یەکتر دەگرێ، تووشی ململانێی نێگەتیڤ و لە ئەنجامدا دابڕان و دوورکەوتنەوە لە یەکدی بوون و هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لە گوتارێکی نیشتمانیی هاوبەشدا یەکڕیزی بخەنە ماڵی کورد، یان لانی کەم لە پلاتفۆرمێکی یەکگرتوودا کاری هاوبەش بکەن. کەبوودوەند بە دەرکی ئەم راستییە لە راگەیاندراوەکانیدا هەموو ئەو لایەنانە بە موخاتەب دەگرێ و بەم جۆرە دۆخێکی لەبار (ئەگەر هەڵسەنگاندنی دووستی بۆ بکرێ) بۆ کاری گشتیی هەموو لایەنە کوردییەکان دەخوڵقێنێ.

٢_ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی سەرەڕۆیی و پاوانخوازیی دەسەلاتی حاکم، کوردان ناتوانن لە باڵی لیگاڵ (یاسایی) حکوومەت دا بەشدار بن و بەردەوام چالاکانی سیاسی، مەدەنی، رۆژنامەنووسان و...ی کورد دەستبەسەر و زیندانی و تەنانەت بە ئێعدام مەحکووم دەکرێن، هاوکات رێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان بەتەواوی بەربەستیان بۆ دروست دەکرێ و فێرکاری و پەروەردەی ئەو رێکخراوانە، واتە بەرهەمهێنانی تاکی بەکەڵک و راهێنانی کۆمەڵگە ئاستتەنگ دەکرێ، بڵاڤۆک و رۆژنامەو گۆڤارەکان دادەخرین، ئەمەش پیویستی بزووتنەوەیەکی مەدەنیی گشتگیر و یەکانگیر بۆ کوردان دەخوازێ کە کەبوودوەند بە دەرکی ئەم راستیە هەتا ئێستا لە چەندین بۆنەدا، بە دەرکردنی راگەیاندراو لە بەندیخانەوە داوای لە کوردستانیانی هەموو پارێزگاکانی کوردستان (بە کوردانی خۆراسانیشەوە) کردوە کە هەنگاوی هاوبەش و مەدەنی هەڵگرن و لە خۆپیشاندانی هێمنانە و بە نافەرمانی مەدەنی، واتە داخستنی دوکان و بازارەکان ، نارەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بە حکوومەتی ئێران دەرببڕن. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە راگەیەندراوەکانی رۆژانی٦ و ٨ ی پووشپەڕی سالی ١٣٩٠ی هەتاوی بکەین، کە لە راگەیاندراوی یەکەمدا، کەبوودوەند داوای کرد مانگی پووشپەڕ وەک مانگی دەربڕینی بێزاریی خەڵکی کوردستان لە تیرۆریزمی دەولەتی ئێران بە بۆنەی سەرکوتی دڕندانەی خەڵک لە کاتی شەهید بوونی «شوانە سەید قادر» دا بناسرێ و رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ وەک رۆژی رەشی تیرۆر ناوزەد بکرێ و لە راگەیەندراوی دووهەمدا دوای کرد کە هەموو رۆژە کارەساتبارەکان و هەموو بۆنە نەتەوەییەکان، بەڕۆژانی شەهید بوونی رێبەرانی هەموو حیزبە کوردییەکانەوە، بەرز رابگیرێن و بکرێنە بۆنەگەلی نەتەوەیی، بەمەش کەبوودوەند راستەوخۆ پەیامی هاودەنگی و یەکدەنگیی بە کوردان دەدا.



٤_کەبوودوەند زەرفیەتی خەباتی لە کوردستان بە باشی ناسیوە و پێویستی بەدی هێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی کلتووری، کۆمەڵایەتی ، سیاسی و...ی بە باشی هەست پێکردوە بۆ ئەم مەبەستەش لە میکانیزمگەلێکی دیموکراتیک بە مەبەستی کاناڵیزە کردنی خەباتی گەلی کورد کەڵکی وەرگرتوە و داکۆکی لە مافەکانی ژنان، منداڵان ، کرێکاران و بە گشتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کردوە، بانگهێشتەکانی بەڕیز کەبوودوەند لە زیندانەوە بۆ کوردانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ، لەمەڕ نارەزایەتی و نافەرمانی مەدەنی، لەم سۆنگانەوە جێگەی بایەخن

الف) پوتانسیەلی کورد لە نێوخۆی وڵات دەکەوێتە گەڕ، ئەمەش پێش بە پەڕینەوەی هیزی کورد بۆ دەرەوەی وڵات دەگرێ کە سالانێکە بە هۆی نەبوونی بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە نێوخۆی کوردستان، بەشێکی بەرچاو لە کوردەکان پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بوون.

ب) بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بەهۆکارگەلێکی جۆربەجۆر ناتوانن یان نایانهەوێ چالاکی سیاسی بەتایبەت لە رێزی حیزبە کوردییەکاندا بکەن کە ئەمە دەرفەتی چالاکیی بۆ ئەو بەشە لە خەڵک دەرەخسێنێ.

ج) بانگهێشتی کوردانی تاراوگە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و خۆپیشاندان، دەرفەتیکە بۆ کاری هاوبەشی ئەوان ، چونکە کوردەکانی تاراوگەش بە رۆگەی حیزبەکاندا دابەش بوون ، هاوکات وەگەڕ کەوتنەوەی ئەوبەشە لە کوردەکانە کە بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر لە خەبات دوورکەوتوونەتەوە و بەشی زۆریان هیچ چەشنە چالاکیەکی سیاسی و مەدەنی ناکەن،(لێرەدا مەبەست بەشی زۆرینەیەی کوردەکانی تاراوگەیە)

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵانە و خالگەلێکی دیکەش کە لە تاقەتی ئەم بابەتەدا ناگونجێ، لە راستیدا کەبوودوەند پەیامی ئەوەی بە گەلی کورد داوە کە پێویستی بزووتنەوەیەکی گشتگیری مەدەنی لە هەموو کوردستان ، بەتایبەت لە رۆژهەلاتی کوردستان هەستی پێدەکرێ، بزووتنەوەیەک کە بتوانێ زۆرترین پوتانسیەلی کورد ، حەولی میحوەریەتی ناسیونالیزمی پێشکەوتووی کورد، بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی سیمایەکی یەکگرتوو و شارستانی لە نەتەوەی کورد بە داگیرکەرانی کوردستان و هەموو جیهان وێنا بکرێ. هاوکات سەرنج و بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ لای خۆی رابکێشێ.

**کەبوودوەند رێبەری بزووتنەوەی مەدەنی**

بۆ ئەوەی ویست و داخوازەکانی نەتەوە یان چینێک بچێتە بواری جیبەجێکردنەوە، سەرەتا دەبێ کەس یان کەسانێک ئەو داخوازیانە بێینە بەرباس و بۆ جێبەجێکردنیشیان پرۆژە و پلانی کردەییان هەبێ، هەر بۆیە لە سەرەکیترین پێویستییەکانی هەر بزووتنەوەیەک بوونی رێبەرە، بەتایبەت بۆ ئەوەی دەرفەتەکان لە کات و ساتی خۆیدا بە ئاراستەیەکی ئەرێنیدا برۆن، پێویست بە رێکخستن، بەمەبەستی بەهێزکردنی دژکردەوەی گشتی هەبێ، ئەوکاتە ئیدی پێویستی بوونی رێبەرییش زەقتر دەبێتەوە.

هەروەها کە لە نێوان خەباتی مەدەنی و خەباتی سیاسیدا جیاوازی زۆر هەیە ، بۆ وێنە لە خەباتی مەدەنیدا لە باتی رادیکالیزم میانەڕەوی (اعتدال) و لەباتی سرینەوە پەروەردە هەیە، بەو رادەیەش جیاوازی لە نێوان رێبەری بزووتنەوەی مەدەنی و رێبەری سیاسی (برۆکرات) هەیە، کەسانی برۆکرات ناتوانن رێبەری بزووتنەوەی مەدەنی بن، لەبەر ئەوەی کە رێبەری بزووتنەوەی مەدەنی دەبێ لە هەموو حەرەکەتەکاندا پێشەنگ بێ، واتە بۆ خۆی بەشێک لەو هەزینە بێ کە کۆمەڵگا دەبێ لە پێناو بزووتنەوەدا قەبووڵی بکا، لەکاتێکدا مەرج نییە رێبەری برۆکرات پێشەنگ بێ و دەکرێ بە شێوەیەکی سیستماتیک (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) حیزب یان رەوتێکی نارەزایەتی بەڕێوەبەری، رێبەری سیاسی (برۆکرات) هەوڵ دەدا دەسەلات بە دەستەوە بگرێ کە ئەمەش رەوایە، چونکە ئەوان پێیان وایە کە بەرنامەیەکی باشتریان بۆ بەڕێوەبەری هەیە، بەڵام لەبزووتنەوەی مەدەنیدا، هەوڵ بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات نییە، بەڵکوو بۆ هاوردنە ئارای ریفۆرم و باشتر کردنی دۆخێکی خراپی گشتییە،

دەکرێ بلێین لە کوردستان بزووتنەوەیەکی مەدەنی بە واتای راستەقینە بوونی نیە، بەڵام لەو راستایەدا هەنگاوی جددی هەڵگیراوە و دەکرێ بلێین بەستێنەکانی ئەو پێویستییە مێژوویە لە رۆژهەلاتی کوردستان خەریکی درووست بوونە، بۆ ئەوە پێویستە کاری هەمەلایەنە بەتایبەت لە راستی بەکلتوور کردنی ئەو چەشنە خەباتە لە دەستووری کاری راگەیاندن و میدیاکاندا بێ.

هەر وەک پێشتر باسی کرا بوونی رێبەر بۆ هەمووو بزووتنەوە مەدەنییەکان پێویستییەکی سەرەکییە، بۆ وێنە ناکرێ باس لە خەباتی مەدەنی رەشپێستەکانی ئامریکا بکرێ و رۆلی کاریگەری «مارتین لۆتێرکینگ جوونیۆرز» لە بەرەوپێش بردنی ئەو بزووتنەوەیەدا لەبەرچاو نەگیرێ. لۆتێرلینگ سەرەتا خوازیاری کۆتایی هێنان بە هەلاواردنی رەگەزیی بە دژی رەشپێستەکانی ئامریکا بوو بەم جۆرە ناوبراو بوو بە دەستپێکەری خەباتی مەدەنیی شارۆمەندانی وڵاتەکەی بەلام دواتر لە یەکەم رۆژی مانگی دیسامبری سالی ١٩٥٥کە خاتوو «رۆزا پارکێر» ئامادە نەبوو کورسییەکەی خۆی لە نێو ئۆتوبووسێکی نێوشاریدا بۆ شارۆمەندێکی سپی پێست چۆڵ بکا، بووە هۆی ئەوەی کە پۆلیس خاتوو پارکێر دەستبەسەر و زیندانی بکا، ئەمەش نارەزایەتیی رەش پێستەکانی لێ کەوتەوە، لە ئاکامدا بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی لێکەوتەوە. کە پتر لە ٣٨٠ رۆژ درێژەی کێشا ، هەر ئەو کاتە رەش پێستەکان مارتین لۆتێرکینگیان بە وتەبێژی خۆیان هەڵبژارد . ئاکامی ئەو نارەزایەتیانە سەرکەوتنی بۆ رەش پێستەکان مسۆگەر کرد. هەر ئەو کاتە لۆتێرکینگ پێگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی خۆی پەیا کرد و لەئاکامدا بوو بە ئەو رێبەرە ناوداره کە ئەمرۆ هەموو جیهان، وەک سەمبولی خەباتی مەدەنی شارۆمەندانی ئامریکایی دەیناسن. ئەوەی لە ئێستادا پیویستە ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستان وەک بەشی سیاسیی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئێلیتەکانی رێکخراوە مەدەنییەکان، چالاکانی سەربەخۆ و بە گشتی لایەنە پێوەندیدارەکان بوێرانە سەمبولێکی پوخت بکەنە هێمای تێکۆشانی خۆیان، ئەو خالانەی کە کەبوودوەند وەک باشترین بەربژیر بۆ ئەو پرسە گرینگە زەق دەکاتەوە ئەمانەن:

١_کەبوودوەند لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی شارنشیندا ژیاوە و ئەندامی هیچ کام لە دەزگا ئەمنیەتییەکانی رێژیم نەبووە، هاوکات هەتا ئێستا ئەندامی هیچ حیزبێکی سیاسی نەبووە (لێرەدا مەبەست لەوەیە کە روانگەی جەهەتداریی بۆ هیچ حیزبێکی سیاسی کوردستان نییە)و وەک ئاماژەی پێدرا هەر لە سەرەتاوە چالاکێکی مەدەنی بووە، واتە رۆژنامەوانی و چالاکی لە بوارەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ کردوە. هەتا ئێستاش چەندین خەلاتی نێونەتەوەیی لەو پێوەندیانەدا وەرگرتوە ، بۆ وێنە، خەلاتی «رۆژنامەوانی نێونەتەوەیی»لە سالی ٢٠٠٩ لەلایەن میدیاکانی بریتانیاوە، خەلاتی «هێلمەن هێمت» هەر لە سالی ٢٠٠٩، جێی وەبیر هێنانەوەیە کە کەبوودوەند سالی رابردوو بەربژێری خەلاتی ئاشتیی نۆبێل بووە و بۆ وەرگرتنی خەلاتی تێکۆشەرانی مافی مرۆڤی لە سالی ٢٠١٣ بەربژێر کراوە.

٢_وەک هەموو رێبەرە گەورەکانی دنیا بۆ خۆی پێشەنگی ئەو خەباتەیە کە خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکا و بەشی هەرە زۆری هەزینەی ئەو خەباتەی، (لەئاستی تاکدا) هەتا ئێستا وەئەستۆ گرتوە، لەم راستایەشدا زیاتر لە ٦ سال کە لە زینداندایە.

٣_لەماوەی ئەو چەند سالەی کە لە زیندادا بووە نەک هەر یەک هەنگاو لە خواستەکانی پاشگەز نەبووە بەڵکوو شێلگیرتر لە هەمیشە داخوازەکانی هێناوەتە ئاراوە، هاوکات کەسایەتی خۆیشی لەئاستی رێبەرێکی گەورەدا لە زیندان پاراستوە، بۆ وێنە هەتا ئێستا رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەردەوام درێژە بە چالاکیەکانی دەدا و بەرێزیشیان وەک بەرپرسی ئەو رێکخراوە درێژەی بە چالاکییەکانی داوە و تەنانەت لە دژوارترین کاتەکەنیشدا کە تەندروستیان لە مەترسیدا بووە حازر نەبووە بە دەستبەند و پابەندەوە رەوانەی نەخۆشخانە بکرێ،

درێژەی:

# کۆنفرانسی برۆکسێل، بەیەک گەیشتنی ترس و هیوا

هەستیار و گرینگ بەرەوروون کە تەنیا لە حالەتی وەلامدانەوە و خستنەڕووی رێگەچارە بۆیان دەتوانن هاندەری پێویستیان بۆ درێژەدانی کار و چالاکی هەبێ و لە پشتیوانیی و بەشداریی کۆمەڵگەش بەهرەمەند بن. ئاشکرایە کە کار و کارنامەی هەر لایەن و حیزبێکی سیاسی بە سەرنجدان بە بابەت و کێشە ئەمرۆییەکانی کۆمەڵگە پێداچوونەوەی نوێی بۆ دەکرێت. هەندێک لەم ئەولەویەت وەک پێویستیی خستنەڕووی پێناسەیەکی روون و دیاریکراو بۆ ئازادی، خۆشگوزەرانی و دیموکراسی بە شێوەیەکی گشتی یان پێکهاتەی داهاتووی ئێران و دیایکردنی مافی کەمینەکان و نەتەوەکان، دەستنیشانکردنی سیستەمی ئابووری، شوێنگە و چلۆنایەتیی پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و رۆژئاوا، رۆڵی دەزگاکانی زانیاری و سەربازی لە داهاتوودا بە شێوەیەکی تایبەت لە گرینگترین پرسیار و پێشنیار و بابەتەکانی بەردەمی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە کە دەبێ بە ئاشکرایی لە بەرامبەریاندا وەڵامدەر بێت.

بێجگە لەم بابەتانە بەرچاوترین فاکتەرەکانی کار و کردەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە حەزیان لە یەکگرتوویی و یەکیەتیی زۆربەی هاوبیرانی دژبەری کۆماری ئیسلامی هەیە، دەتوانرێ بە کورتی ئاماژەیان پێبکرێ. خستنەڕووی ئیستراتیژی و تاکتیکی دیاریکراوی کورت خایەن و درێژخایەن، خۆدوورگرتن لە ناکۆکی و تەواوییەتخوازی و پاوانخوازی، دابینکردنی سەرچاوەکانی ئابووری، بەرنامەڕێژی سیستەمی زانیاری گەیاندن و میدیایی، خەسارناسیی کۆمەڵگە و حکوومەت، هاوپێوەندی و دەروەست بوون دەرحەق بە بەشداریی لە پرۆسەی یەکیەتی دا، پێکهێنانی تیمی لێکۆڵینەوە لە ئەندامانی نەگۆڕ و داواکار لە ماوەی دوو کۆنفرانس، پێکهاتنی پێوەندیی روو لەگەشە و قووڵ لەگەڵ نەتەوە و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئێران، کەمکردنەوەی لانی زۆری تێچووەکانی بەشداریی و نارەزایەتییەکانی خەڵک و کەڵک وەرگرتن لە تواناییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و، کۆمەڵ و رێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لە پێناو گەیشتن بە باشترین حالەتی گونجاو، گرینگترینی ئەو فاکتەرانەن کە وەک هۆکارە سەرەکییەکانی بەشداریی، یەکگرتوویی و کاری دروست دەرفەتی هەر چەشنە کەمکاری و کەمتەرخەمیی لەنێو بردوە و دەتوانرێ بگوترێ کە لەم حالەتەدا ژیانی سیاسیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە.

بەشداری نەکردنی هەندێک لە لایەن و حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کۆنفڕانسی برۆکسێل و کۆنفڕانسەکانی پیشوودا، راستییەکی دیکەیە کە نیشاندەری هەبوونی بۆچوون و ئایدیالی دیکەیە کە شوناس و پێویستیی خەبات لە یەکگرتوویی یان هەر چەشنە لێک نزیکبوونەوەیەکدا نابینن، هەر پێکهاتەیەکی حیزبی و غەیرە حیزبی سیاسی و تەنانەت مەدەنیی دژبەر لە حالەتێکدا کە داکۆکی لە بنەما و میتۆدی دیموکراسیخوازی بکات، بە بەشداریکردن و خستنەڕووی بۆچوون و بەهاکانی خۆی لە نێو لایەنە دژبەرەکانی رێژیمدا نە تەنیا زەربە لە پرستیژی خۆی نادات بەڵکوو بنەما مرۆیی و مۆدێرنەکانی دیموکراسیخوازی و رەوتی سروشتی چالاکیی سیاسی لەبەرچاو گرتوە و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین بەشداری نەکردنی ئەم حیزب و لایەنانەی دژبەر و ئۆپۆزیسیۆنانەی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا هیچ هاوکارییەکی بە پێشوەچوونی لاوازیی بەرەی دەسەلاتی فەرمانڕەوای ئیسلامیی ئێران ناکات، بەڵکوو دەتوانێ ببێتە ئەهرۆمێک لە دژی گەشەی بەشداریی و هاوپێوەندیی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن.

پێویستیە راستەقینە و هەستیارەکانی خەباتی مۆدێرنی ئەمرۆکە بە سەرنجدان بە پێکهاتەی زۆر ئاڵۆزی دوژمنی رەهاخواز و تەواوخواز، لە حالەتێکدا کە بناسێنرێ و وەک پرۆژەیەکی سیاسی لە لایەن گشت هێزەکانی دژبەرەوە بەرێوە بچێت، دەتوانێ رێگەی دەرچوون بەرەو قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی ئاوەڵا بکاتەوە و ئاشکرایە کە ئەم بەشداری و یەکگرتنە لە حالەتێکدا دەتوانێ سەرکەوتوو بێت کە لایەنە سیاسییەکان بە پاراستن و بردنەسەری تایبەتمەندی و پێکهاتەی پێناسەکراوی خۆیان بتوانن هاوکات وەڵامدەری بەرپرسایەتیی گشتیی خۆیان لەنێو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بن. ئەزموونەکانی « کوە دانشگاه»و هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ١٣٨٨ لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئەوەیان سەلماند کە کردەوەخوازی و هاوهەنگاویی لەگەڵ خەڵک تەنیا رەمز و رێگەی سەرکەوتن لە بەرامبەر سیستەمی کۆن و کۆنەپەرستی ئیسلامییە و نەتەوەکانی ئێرانیش بە باشی ئەوەیان نیشان دا کە لە بارودۆخی خەباتدا لە هیچ چەشنە بەرنگاری و بەرخودانێک تەناخی ناکەن و خوازیاری رزگاریی یەکجارەکی لەژێر سێبەری سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامین.

## بێگەرد میرسەیدی:

# هیچ بزووتنەوەیەک بێ بەشداریی ژنان سەر ناکەوێ

دیمانە: وریا ڕەحمانی

**ئاماژە:**
**بێگەرد میرسەیدی لە دایکبووی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە شاری شنۆیە و دەرچووی بەشی سینەما لە زانکۆی ورمێیە. لە ژنانی چالاکی بواری ژنان و ژینگەیە و چ وەک کاری ڕێکخراوەیی و چ وەک بواری فیلم و سینەما کۆمەڵێک کاری بە نرخی لە هەردوو بەستێنەکەدا ئەنجام داوە. ئێستا لە وڵاتی تورکیە دەژی و ئێمەش وەک ڕۆژنامەی کوردستان وتووێژێکمان لەسەر ڕەوشی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستاندا لەگەڵ بەڕێزیاندا پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەم دیمانەیە ڕادەکێشین.**



**پ: ڕەوشی ئێستای ژنان لەئێران وکوردستان ؟**

**و:** ئەگەر ئاوڕێکی هەرچەند خێراش بێ لە ڕەوشی ژنان لە ئێران و کوردستان بدینەوە، بێشک دەبێ لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە بچینە نێو کێشەکان، هەر بۆیە بە ڕوانین لە چەند ڕۆچنەی بچووکەوە کورتە ئاوڕێک لە کێشەکان دەدەینەوە.

ژنان بەهاتنە سەرکاری دەسەڵاتی تۆتالیتاری ئیسلامیی ئێران بە زۆری ناچار کران بخزێنە ژێر حیجابی زۆرە ملی! لە دەرێ، لە ئیدارە وکارگەکان، هەتا لەنێو ماڵ، ڕەوشی ژیانی ڕۆژانەیان کەوتە ژێر سێبەرێکی قورس و نامۆ کە قەت کولتووری کوردو ئێرانی نەیبووە! فەرهەنگێکی شەشدانگ فاندامنتاڵیستیی دەمارگرژ کە بەداخەوە بوو بە لەمپەر لە ڕاست گەشەکردنی ئاستی وشیاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئێمە! جێی داخە ئەو سیستمە ڕزیو و سواوە، بە پاڵپشتی هێزێکی کۆنەپەرست و نەزان وەک بەسیج توانی برست لە کۆمەڵگە ببرێ کە بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم قوربانیانی سەرەکیی ئەو یاسا داسەپاوە ژنانن، هەر لە سەرقاڵ کردن بە مادەهۆشبەرەکان لەلایەن ژمارەیەک پیاوی تەوەزەلی بێکارو گیرۆدە بۆ هاندان بەرەو بازاری لەشفرۆشی کە ئاستی تەمەن لەو دیاردەیە بە خێراییەکی زۆر خەریکی دابەزینە کە ئەوەش زۆر مەترسیدارە. سەرەڕای ئەمانە هەر جۆرە ئازادییەکیان لێ‌زەوت کراوە، وەک ئازادی ڕادەربرین، جل پۆشین، پێکهێنانی ڕێکخراوی دڵخواز، بۆ بەشداری لە ڕێکخراوە سنفی و مەدەنی و NGO کان کۆسپیتاڵ دەخرێتە سەر ڕێ. هەر ئێستا ڕێژەیەکی زۆر لە ئافرەتان بە بەهانەی جۆراو جۆر وەک بەشداری لە قەتڵ! دژایەتیی خوا! تێکدانی باری ئەمنییەتی وڵات! چالاکی لە نێو ریزی هێزە سیاسیەکاندا، حوکمی قورسیان بە سەردا سەپاوەو تێپەڕی دەکەن! یا چاوەڕوانی ئێعدامن! یا بە نەخۆشی لە کونجی زیندانەکاندا بێ چاوەدێریی پێویست، سەر دەنێنەوە! بە کورتی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە هەموو چین و توێژێک ڕەنجەڕۆو زەرەرمەندترن، چونکە بێبەزەییانە لە سێ جەمسەرەوەقەڵاچۆ دەکرێن. لە ژێر دەستەڵاتی پاوانخواز، عەقلییەتی فاندامینتاڵی، تەون و بەستی کۆنی کۆمەڵگە .

**پ: دەوری ڕێکخراوەکانی ژنان لە باشتر بوونی ڕەوشی ژناندا چۆن دەبینی؟**

**و:** بێشک ئافرەتانیش وەک چینێکی هاوبەشی ژیانی پیاوان کە لە ڕێژەدا بە نیوەی کۆمەڵ ناسراون لەو بارو دۆخە ناسالم و پر کێشەیەدا دەست لەسەر دەست دانەنیشتوون لە هەندەران، لە نێو خۆی کوردستان لە نێو ریزی حیزبە شۆرشگێرەکاندا لە نێو ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکاندا، هەرچەند نایاساییش بێ، لە لایەک بەشداریی نافەرمانییە مەدەنیەکان دەکەن لە لایەکی دیکەش خەریکی ڕۆشنگەری و لە قاودانی ئەو بێ عەداڵەتیانەن کە ڕۆژانە دەیان بینین و هەستیان پێ‌دەکەین. دەبینین کە چۆن چۆنی لەلایەن بەر هەڵستکارانی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیەوە پۆل پۆل وەک پەپوولە، جەستەی ناسکیان بە ئاگری ستەم هەڵدە قرچێ و گیان فیدای دەکەن. سەرەڕای وەکە دەسەڵاتی داپلۆسێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڵامی داوای ڕەوای ئافرەتان بۆ ڕزگاری، بە گوللەو پەت و زیندان دەداتەوە! دەتوانین ئاماژە بەحەرەکەتی کەمپەینی یەک میلیون ئیمزا و ژنانی ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بکەین کە چۆن کەوتنە بەر پەلاماری دوژمنانی ئازادی ،یا خرانە زیندان، یا ئێعدام کران یا پەرتەوازەی هەندەران بوون بە ناچاری... بە کورتی دەمەوێ بڵێم لە چوار چێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مەبەستم هەڵکەوتەی جوغرافیی ئێرانە بە گشتی هیچ مەجال ودەرفەتێک بۆ چالاکی ژنان بە شێوەی فەرمی نابیندرێ. بەڵام بەو حاڵەش ژنان لە چالاکیی نەوێستاون و بەردەوامن بۆ باشتر بوونی ڕەوشی ژیان و بەها مرۆییەکانی ژنان لە ئێرانی داهاتودا، من لێرەوە ئافەرین دەنێرم بۆ کۆڵنەدەری و ئازایەتیی ژنانی شۆرشگێروئازا و چالاک لە نێو خۆو دەرەوە و ریزەکانی حیزبەکاندا، کە بۆ بردنەسەری ئاستی وشیاریی ژنان و گشتگیر کردنی دۆزی ڕەوای ژنان و گرێدانی بە خەباتی نەتەوەیی جەسوورانە بەردەوامی خەباتن، من لە کۆمەڵگای کوردیدا داهاتوی ژن ڕوون و پرشنگدار دەبینم .

**پ: چۆن دەڕوانییە دەوری ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا؟**

**و:** من پێم‌وایە دەوری ڕێکخراوەکانی ژنان لەو دوو کۆمەڵگایەدا کاریگەری و کارتێکەرییەکی سوود بەخشی بۆ دێموکراتیزاسیۆن دەبێ لە ئاستی کوردستان و ئێراندا وەک هاندەرو پاڵپێوەنەری ژنان بە ئاراستەی خەبات بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و کەنالیزە کردنی ئەرکە نیشتمانییەکان بەرەو سەرکەوتن. پێم وایە ڕێکخراوەکانی ژنان بە یەکیەتی و هاوخەباتیی خۆیان بە باشی دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە ئاشتی و کۆدەنگی و هەتا یەک گوتاریی نەتەوەییدا هەم لە نێو ریزەکانی کۆمەڵگادا، هەم لە نێو ریزی خەباتگێڕاندا. من هیوادارم ژنان لە داهاتویەکی نزیدا بۆ مشت و ماڵ کردنی کۆمەڵگا، بۆ هەموار کردنی کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای بەختەوەری، خەباتی نەتەوەکەمان قۆڵی هیممەت هەڵماڵن و چالاکانەتر لە پیاوان خەمخوری وڵاتەکەمان بن. ئێستا بە خۆشییەوە کەم نین ئەو حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتیانەی کە خۆیان لە داب و نەریتی نەزۆکانەی دژبە ژنان، هیندێک یاسای دەمارگرژانەی دژبەو چینە بەشمەینەتە دارنیوەو خۆ بەخشانە هاودەنگ و پاڵ پشتی ژنانن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئەوە دەسکەوتێکی بە نرخە بۆ ژنان، ئەمڕۆ بە خۆشییەوە دەڵێم ژنان بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەرلە هەموو مەیدانەکانی خەبات وبەربەرەکانیدا خۆیان لە پیاوان بە جیا نازانن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خەباتی نەتەوەکەمان هاوخەم و هاوبەش هاوخوێنن لە مەیدانەکانی بەرەنگار بوونەوەداو فیداکاری دەنوێنن،کەوایە دەبێ وپێویستە دەوری ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆندا بەرز بنرخێنین و ئەو هەل ودەرفەتەیان بۆ پێک بهێنرێ و ببنە پێشەنگ لەو بەستێنەدا.

**پ: کێشەو گرفتەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانیان لە چوار چێوەی ئێران و کوردستاندا چن؟**

**و:** من هەمووی ئەو کێشانە دەگێڕمەوە بۆ بێ لیاقەتی و دیکتاتۆریی دەسەڵاتی سەقەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە مەجال ودەرفەتی لە هەر چەشنە جموجۆڵێکی ژنان بڕیوە لە نێو ماڵ، کۆمەڵگا، کارگەو خوێندنگا و... بەڵام لە ئاستی کوردستان بە هۆی هەستیار بوونی دۆخەکە، کەم تا کورتێک ژنان خۆیان لەڕیکخراوەو کۆمەڵە، وەک هونەری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتیەکاندا دەبیننەوە، ئەویش بە دنیایەک قەید و بەند لە چوار چێوەیەکی داخراو و کلێشە داردا!

**پ: دەوری ژنان، لە ڕەوتی بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستان دا چۆن هەڵ دەسەنگێنن ؟**

**و:** ژن وەک توێژێکی چالاکی کۆمەڵگای کوردی لە مێژووی سیاسی، مێژووی ئەدەبی، هونەری، کارو تێکۆشان و بەڕێوەبەردنی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان، لە شارو شا خ و مەزرا، شان بە شانی پیاو و بەڕێوەبردنی ئەرکەکان خۆی هەڵماڵیوە و بە کوێرەوەری، بە مەرگ و بە خوێن پاڵپشت وهاندەر بووە و خۆی لێ جیا نەکردۆتەوە. بۆیە بزووتنەوەی کوردو مێژووی کورد بەردەوام شانازی بەژن و خەباتی ژنان دەکا ئەگەر ئاوڕ وە کاروانی شەهیدانی کورد بدەینەوە هەزاران قارەمانی ژن بە خوێنی سووریان داری ئازادیان پاراو کردو ترس و ناهومیدیان خستۆتە دڵی داگیرکەران، هەر ئێستاش هەزاران ژنی شۆرشگێر لەسەر خەبات بۆ ئازادی و رزگاری، چ لە نێو ریزی شۆرشگێران چ لە هەندەران و لە نێوخۆی وڵات بەردەوامن، بێشک هیچ بزووتنەوەیەک بێ بەشداریی ژنان سەر ناکەوێ و بڕ ناکا و لەئاکامدا تووشی هەرەس هێنان دەبێ. ئەمڕۆ بە خۆشییەوە لە باشووری کوردستان دەبینین ژنان چۆن شان بەشانی پیاوان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیشتمانییەکان لە تێکۆشان ناوەستن و بەردەوامن، لە باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشدا شێلگیرانە خەباتدا بەشدارن کە مایەی شانازییە بۆ کورد. ئێمە کە لەسەر ئەو باوەڕەین ژن نیوەی کۆمەڵە هەر بە پێی ئەو پێوەرە شکی تێدا نیە کە ناچالاکیی ژن لەنگ و لۆری دەخاتە نێو ریزەکانی چالاکوانان، پێچەوانەکەشی خێرایی دەبەخشێ.

**پ: دەورو کاریگەری ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕەوتی بەرەو پێیش چوونی کۆمەڵگای کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

**و:** زۆر بەرزی دەنرخێنم و لەسەر ئەو باوەڕەشم کە لە توانای ژنانی کورد دایە کە بە خێرایی و زۆر ئەکتیوانە پرۆسەی پێشکەوتن بگەیەننە ئاستی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئێستا مرۆڤایەتی شانازیان پێوە دەکا .

# دەمامککردنی شوناسی منی ژن




حەلیمە ڕەسووڵی

ژنانی کورد بە درێژایی مێژوو ،و بە بەردەوامی لە سەر پێناسە کردنی شوناس و دۆزینەوەی واقیعی خۆیان تووشی قەیران و ئاستەنگی قورس و گران هاتوون، کە ئەم خۆ نەدۆزینەوەیەش زەرەری پێ گەیاندوون . بنەماڵە و کۆمەڵگە و دەسەڵات سێ فاکتەری سەرەکین بۆ چەوساندنەوە و زەرەرمەند بوونی ژنانی کورد . لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی ئەوغەدرانە بکەم کەلەسیستەم و دەسەڵاتێکی سیاسی و پیاو سالاری کۆمەڵگەی کوردیدابە سەر ژناندا سەپاون .

کێشەی ژنان تا ئێستاش هەروا بە ئاڵۆزی ماوەتەوە ، ئەگەرچی لە لایەن کەسانێکی دڵسۆزەوە باسی دەکرێ و دەورووژێنرێت بە لام بەو حاڵەش گرفتەکان هەر دێن و ڕوولە زیاد بوونن. کۆمەڵگە کارێکی کردوە کە ژنی کورد نەتوانێ خاوەنی شوناس و کەسایەتیی خۆی بێت، هەربۆیە لە زۆر حاڵەتدا پاشکۆی پیاو بووە . ڕێگا پێنەدان بۆ دۆزینەوەی شوناس ئەمرێکی داسەپاوێ کۆمەڵگەی پیاوسالارە . بەڵام کارەساتترین حاڵەت ئەمەیە کە ئەم کۆمەڵگە بێ بەزەییە وای کردوە کە ڕێژەیەک لە ژنان بڕوایان بە پرسەکەی خۆیان نەبێت و کاری بۆ نەکەن.

ئەگەرچی سڕینەوەی شوناسی ژنان، سروشتی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە مرۆڤبوونی ژنیان تواندۆتەوە وهۆشیاریی پیاویان لە سەر ئە م پرسە سڕ و چەقبەستوو کردوەو دەسەڵاتی ژن بە نەگۆڕی کەوتۆتە ژێر ڕکێفی ئایدۆلۆژیای پیاوسالار و باڵادەست، بەڵام جیاوازییەک کە ژنی کورد لە ژنانی نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەمەیە کەژنانی کورد دوو جار تووشی ئاپارتاید و چەوسانەوە بوون ، چەوسانەوەی نەتەوەیی بە هۆی کورد بوونەوە لە لایەن هێزی سەردەست و چەوسانەوە لە لایەن کۆمەڵگەی پیاوسالارەوە .

لێدان ، بە تاڵان بردنی مرۆڤایەتی و ڕووخاندنی کەسایەتی، کڕین و فرۆشتن ، ژن کوشتن و تەشەنەکردنی خۆکوشتنی ژنان ، بەردبارانکردن ....... هەمووئەمانەو بە دەیان و سەدان نموونەی دیکە دەگەڕێتەوەبۆ واقیعی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەکەمان کە تێیدا بە زۆر هۆکار ئازادی تەنیا لە نێوان پیاواندا بەش کراوە وکۆمەڵگەکەمان نە بەباشی ڕێک خراوە و نە کۆنترۆلیش کراوە و پێشکەوتوویی و شارستانیەت ناڵێم بە شێوەی ڕەها بەڵام دەڵێم بۆمان نامۆن! پێناسەکردنی خۆمان لە بەر ئاوێنەی مێژوو بە هەزاران دەمامکمان بۆ وێنا دەکات کە بەسەرماندا بە زۆر یان خود لە ڕووی ناوشیارییەوە هەڵکشاون . هەتا ئەو چرکە ساتەش نەبوونی هۆشیاری وای کردوە کە هەموو ئەمانە ببن بە دیاردەیەکی زۆر ئاسایی . ئەگەر سەیرێکی جیهانی سیاسەت بکەین و هیندێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە دەبینین کە بە پێی بۆچوونی فیمینیستەکان تا دواییەکانی ساڵەکانی ١٩٦٠ و سەرەتاکانی ١٩٧٠ سیاسەت زۆر پیاوانە بووە و پیاو سنوورەکانی ژیانی ژنی دیاری کردوە بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چی ؟ ئێستاو پاش تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر لە و بۆچوونە لە کوردستان و لە نێو حیزبەکاندا بۆچی پێگەی لاوازی ژنان لە سیاسەت دا ناکەوێتە ژێر پرسیارەوە و بەرپرسان خۆی لێدەدزنەوە ؟ جێگای ژن لە کوێی سیاسەتی کوردی دایە ؟ ئەم ژمارە ژنەی کە هاتوونەتە ئاستی سەرەوە ی دەسەڵات لە حیزبەکاندا تا چەندە تووانیویانە لە و فەزایەدا جێگەی خۆیان پتەو بکەن و گۆڕانکارییەکی پێشکەوتنخوازانە بێننە ئاراوەو هێزو قودرەتی ژنانە بنوێنن و ببنە جێگای هومێد بۆ باقی ژنان ! بەداخەوە کاتێک کە باس لە گرفتەکانی ژن دەکرێت پیاوە سیاسییەکان خۆیانی لێدەرباز دەکەن و دەیگێڕنەوە بۆ کۆمەڵگە . ئەگەرچی باش دەزانن بێ تاوان نین، پیاوە سیاسییەکان بە جۆرێک مانیفێستی سیاسەتیان داڕشتوە و سیاسەتیان مۆنۆپۆل کردوە کە دەبینین ئەو ژنانەی کە ئێستاکە لە دەسەڵات دان زۆربەیان ئەگەر بێت و ملکەچی پیاوانی نێو حیزبەکە یان نەبن ، هەر زۆر زوو لە پەراوێز دەخرێن . پیاوانی سیاسی هەموو هەولیاون داوە کە کەسایەتییەکی دەسکرد لە ژنان ساز بکەن. کەسایەتییەکی ژێر دەستە و سیاسەتێکی خاڵی لە ژن واقیعی حاشا هەڵنەگری سیاسەتی کوردییە . پرسی چاکسازی و پەروەردەو پێگەیاندن کە زۆر جاران گوێبیستی دەبین ،پێم وانیە بێتە دێ هەتا ئەو کاتەی کە خودی ژنان هۆشیار نەبنەوەو بیر لەو بەها و بایەخە ئەخلاقی و سیاسیانە نەکەنەوە کە لە بەرژەوەندی ژناندان و پێویستە لە کۆمەڵگەو دەسەڵاتدا بێنەگۆڕێ. دیموکراتیزە کردنی سیستمێکی سیاسی پێویستی بە چاکسازی هەیە، بەڵام بۆ چاکسازییش پێویستە پلان و پرۆژەی کاری لە بەر دەست دابێت . تا زەمانێک پرۆژە نەبێت باس لە چاکسازی لە چوار چێوەی قسە و دروشم دا دەمێنێتەوە . ئاوەژووکردنەوەی ڕاستیەکان لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نیە، سیستمی سیاسی تا ئەوکاتەی بە شێوازی عەقلییەتی سوننەتی کۆمەڵگە سەیری ڕۆڵی ژنان بکات هیچ کات بڕیارو یاساکان ناتوانن یە کسانی و بەرابەری لە نێوان ژنان و پیاوان دا دابین و مسۆگەر بکەن . بە و هیوایەی کە ژنانی سیاسی کە کەمینەی مەیدانی سیاسەتن هەول بدەن لە پیناوی گۆڕینی وتارو بڕیاری سیاسی بە قازانجی هاوڕەگەزەکانیان و چی دیکە پاشکۆی بڕیاری سیاسیی پیاوان نەبن .



# دێموکراسی بە کورتی و پوختی

## (نامیلکەیەکی بەڕێوەبەریی زانیارییە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا)

وەرگێڕان لە فارسییەوە: عەلی بداغی

بەشی چوارەم

### سێ کۆڵەکەی بنەڕەتیی حکومەت

هەر ئەو جۆرەی لە باسەکانی پێشوودا تیشکیان خرایە سەر لە حکوومەتێکی گەلی و خەڵک سەروەردا خەڵک لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازاد دا ئەو دەسەڵاتەی کە لە قانوونەکانی وڵاتدا دیاری کراوە، دەیدەنە ڕێبەرانی خۆیان. لە حکوومەتێکی گەلیدا کە لە سەر بنەمای قانوونی بنەڕەتیی وڵات هاتۆتە سەر کار، دەسەڵاتەکانی حکوومەت بە سەر سێ دەزگادا دابەش دەبن: پارلمان و دەزگای قانووندانان کە یاساکانی بەڕێوەبەریی وڵاتی تێدا پەسند دەبن، دەزگا بەڕێوەبەری یان کابینەی وەزیران کە ئەرکیان بەڕێوەبردنی قانوونەکان و کاروباری وڵاتە و، دەزگا قەزایی و داد کە بەشێوەی نیمچە سەربەخۆ ئەرکە قەزایی و دادئەستێنییەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن. لە هێندێک حاڵدا ئەو دابەشکردنەی دەسەڵات بە « جیاکردنەوەی دەسەڵات»ەکان لە یەکتریش دادەنرێ، بەڵام بەو حاڵەو بە کردەوەش ئەو جیا کردنەوەی دەسەڵاتە بە ڕوونی ڕوون و ئاشکرایە و لە زۆربەی حکوومەتە گەلی و دێموکڕاتیکەکانی سەردەمی ئێستادا ئەو سێ دەزگایە دەستێوەردان لە کاروباری یەکتردا ناکەن و هەر بەو ڕادەیەی لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، بەو ئەندازەیەش لەگەڵ یەکتر هاوبەشییان هەیە. جاری واش هەیە کە لەوانەیە قانووندانەرانیش لەڕێگەی هێندێ ڕێوشوێنی دیارەوە بیانەوێ بەڕێوەبەریی پلان و پڕۆژەکان بکەن، یان ئەوەی کە بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و ئەندامانی کابینەش لە کاری دارشتنی وەردەکاریی قانوونەکان وەربدرێن و هەم قانووندانەران و هەم کابینە و دەزگای بەڕێوەبەریی حکوومەت بە شێوەی دەزگای قەزایی بیانەوێ لە سەر کۆمەڵە بابەتێکی بەربڵاو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکەن.

### دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری

دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات لەو دێموکڕاسییانەی لە سەر بنەمای قانوونی بنەڕەتیی وڵات چێ کراون، زۆرتر لە سێ ڕێگەوە سنووردار دەکرێ. لەڕێگەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە نێوان سێ دەزگای سەرەکیی حکوومەتی نیشتمانی کە بریتییە لە دەوڵەت، پارلمان و دەزگای داد بە جۆرێک کە پارلمان و دەزگای قەزایی بتوانن لە ڕێگەی ئەو گەرەنتییانەی لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا لەبارەی مافە بنەڕەتییەکان هاتوە و هەروەها لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەردەوامەکانەوە پێش بە ڕەها بوونی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت بگرن. خراپ تێگەیشتنێکی باو لە نێو ڕەخنەگران و تەواوەتیخوازەکان ئەوەیە کە پێیان وایە دەسەڵاتە دێموکرات و خەڵک سەروەرەکان بەر بەو ئەندازەیەی کە توانای سەرکوتکردنی خەڵکیان نیە، بەو ڕادەیەش دەسەڵاتی تەواویان بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری وڵات نیە؛ بەڵام ئەو بۆچوونە تەوا هەڵەیە. حکوومەتە گەلییەکان دەیانەوێ دەوڵەتەکانیان بەهێز بن، بەڵام تا ئەو جێیەی بکرێ دەسەڵاتیان سنووردار بێ و لە چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی لانەدا. دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات لە حکوومەتە گەلییەکانی سەردەمی ئێستادا زۆرتر لە سەر دوو شێوازی نیزامی پارلمانی یان نیزامی کۆماری دادەڕێژرێن.

لە نیزامێکی پارلمانیدا ئەو حیزبەی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی هێناوەتەوە یان هاوپێوەندی و ئیتلافێک لەو حیزبانەی پێیان باشە پێکەوە کار بکەن، جڵەوی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات بە سەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیرێک دەگرنە دەست. پارلمان و دەوڵەت لە نیزامی پارلمانیدا بە تەواو لێک جیاواز نین، چونکی سەرۆک وەزیران و ئەندامانی کابینەی دەوڵەت لە نێو نوێنەران و ئەندمانی پارلمان هەڵ دەبژێردرێن؛ جیا لەوەش سەرۆک وەزیر ڕێبەری نیشتمانیی وڵاتە.

بەڵام لە نیزامی کۆماریدا سەرۆک کۆمار پێچەوانەی نیزامی پارلمانی لە دەرەوەی ئەندامانی پارلمان و دەزگای قانوون دانەران هەڵ دەبژێردرێ. لە نیزامی کۆماریدا هەم سەرۆک کۆماری و هەم پارلمان خاوەنی زۆر پێگەی هێز و دەسەڵات لە حەوزە جۆراوجۆرە سیاسییەکانی تایبەت بە خۆیانن کە هەر کامیان کار لە سەر پاراستنی باڵانسی هێز و کۆنترۆڵکردنی یەکتر دەکەن. هەر کام لە نیزامی پارلمانی و کۆماریش خاوەنی خاڵی بەهێز و لاوازی تایبەت بە خۆیانن.

لە ئێستادا کە نیزامە پارلمانییەکان زۆربەی حکوومەتە گەلی و خەڵک سەروەرەکان پێک دێنن، بانگەشەی نەرمی نواندن و ئەرک وەخۆگریی زیاتر دەکەن. حکوومەتە پارلمانییەکان بە تایبەت ئەوانەی لە ڕێگەی «نوێنەرایەتیی ڕێژەیی» یەوە هەڵ بژێردرابن، زۆرتر بەلای سیستمە فرەحیزبییەکاندا دەشکێنەوە، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو جۆرە سیستمانەدا تەنانەت لایەنە سیاسییە بچووکەکانیش نوێنەریان لە پارلمان و دەزگای قانوون دانەراندا دەبێ. کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان لەو ڕێگەیەوە دەتوانن بەشداری و هاوبەشییان لە هەموو ڕەوت و جموجۆڵە سیاسییەکان تەنانەت لە بەرزترین ئاستی دەوڵەتیدا ببێ. لە کاتێکیشدا کە دەوڵەتی هاوپێوندی و ئیتلافی هەرەس بێنێ یان بەهێزترین حیزبی دەسەڵاتدار دەسەڵاتەکانی خۆی لە دەست بدا، ئەوا سەرۆک وەزیران دەست لە کار دەکێشێتەوە و حکوومەتی نوێ پێک دەهێندرێ یان ئەوەی هەڵبژاردنی نوێ دەکرێ و هەموو ئەو قۆناغانەش لە کاتێکی زەمەنیی کورتدا ڕوو دەدەن.

بەشی شاراوەی دابەشکردنی دەسەڵات و نەرمکێشییەکان یەکێک لەو ڕەخنە سەرەکییانەیە کە لە پارلمانەکان دەگیرێ. ئیتلاف و هاوپێوەندیی چەند حیزب لە پارلمان لەوانەیە لەرزۆک و لاواز بێ و لەگەڵ یەکەمین نیشانەکانی قەیرانێکی سیاسی لەبەریەک هەڵوەشێ و هاتنە سەر کاری ئەو دەوڵەتانەی لێ بکەوێتەوە کە بۆ ماوەیەکی کورت و کاتی لە دەسەڵاتدا دەبن و توانای پڕژان و چارەسەریی کێشە سیاسییە سەرەکییەکانی وڵاتیان نیە.

لەلایەکی دیکەشەوە و لە نیزامە پارلمانییەکانی دیکەدا حیزبە دەسەڵاتدارە بەهێزەکان کە خاوەنی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانن، پارلمان جێگیر و سەقامگیر دەکەن. لەبارەی نیزامەکانی کۆماریش دەبێ بگوترێ کە بانگەشە و ئیدیعای زۆرێک لەوان وەڵامدەرببوونیان و بەردەوامی و بەهێز مانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەوانە. ئەو سەرۆک کۆمارانەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە و بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن، جیاواز لە جێگە و پێگەی سیاسیی خۆیان لە کۆنگرەدا دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە دەسەڵاتەکانیان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە وەرگرتوە. نیزامی کۆماری لە ڕێگەی دروستکردنی هێزی جیا لە یەک بەڵام بە فەڕزی یەکسانی حکوومەت بەدوای جێگیرکردنی ناوەندە بەهێز و خاوەن دەسەڵاتەکانی قانووندانان و بەڕێوەبەریدا دەگەڕێ کە هەر کامیان دەتوانن ئیدیعای ئەوە بکەن کە خاوەنی دەسەڵاتێکن کە لەلایەن خەڵکەوە پێیان دراوە و توانای پاراستن و ڕاگرتنی باڵانسی هێزیان لە نێوان دەزگاکانی دیکەی حکوومەتدا هەیە.

ئەگەری گەیشتن بە بۆنبەستی سیاسی خاڵی لاوازی ئەو سەرۆک کۆمار و قانوون دانەرانەیە کە بە جیا هەڵدەبژێردرێن. سەرۆک کۆمارەکان لەوانەیە بەقەدر پێویست هاوپەیمانی سیاسییان لە پارلمان و دەزگای قانووندانانەندا نەبێ تاکوو لەڕێگەی دەنگەکانی خۆیانەوە سیاسەت و پلانەکانی جێی مەبەستی خۆیان جێبەجی بکەن، بەڵام ئەوان بە بەکارهێنانی مافی ڤێتۆی خۆیان [ ئەو مافەی کە لە کات و هەلومەرجی تایبەتدا ڕێگە بە سەرکۆمار دەدا خۆ لە جێبەجێکردنی قانوونە پەسندکراوەکانی پارلمان ببوێرێ] دەتوانن لەو بوارەدا ڕێگە لە جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانی دەزگای قانووندانان بگرن. «ڕیچارد نیوستات»، زانای کۆچکردووی زانستە سیاسییەکان بەو جۆرە پێناسەی دەسەڵاتی سەرۆک کۆماریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکا: (( دەسەڵاتێک کە بۆ هاندانە نەک بۆ ئەمر پێکردن و هێزنواندن)). مەبەستی نیوستات لەو ڕستەیە لە ڕاستیدا ئەوەیە سەرۆک کۆمارێک لە ئەمریکا کە دەیەوێ کۆنگرە دەنگ بە بەرنامە و قانوونە پێشنیارکراوەکانی ئەو بدا_ یان هیچ نەبێ خۆ لە پەسند کردنی ئەو قانوونانە ببوێرێ کە لەلایەن دژبەرانی سیاسیی ئەوەوە بە کۆنگرە دراوە_ دەبێ لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بێ و ڕەوایی سیاسیی خۆی هەبێ و بتوانێ لە نێو ئەندامانی کۆنگرەش لایەنگری دەستڕۆیشتوو و خاوەن هێز بۆی خۆی پەیدا بکا.

### هەرێمی قانووندانان

چ لە نیزامێکی پارلمانیدا و چ لە نیزامێکی کۆماریدا نوێنەرانی پارلمان و ئەوانەی بۆ کاری قانووندانان هەڵ بژێردراون، تریبوونی سەرەکی بۆ وتووێژ و باس و پەسندکردنی قانوونەکان لە حکوومەتێکی خەڵک سەروەری ناڕاستەوخۆ دایە حیساب دێن. ئەو جۆرە پارلمانانە هەر تەنیا پارلمانی ڕواڵەتی و بووکەڵەیی نین کە کاریان تەنیا پەسند کردنی بڕیار و پەسندکراوەکانی ڕێبەرێکی دەسەڵاتخواز بێ.

پارلمانتاران و قانووندانەرانی هەر وڵاتێک لەوانەیە کارکردی کاربەدەستانی دەوڵەت و بڕیارەکانیان ببەنە ژێر پرسیار، بودجەی وڵات پەسند بکەن و ڕەزامەندیی خۆیان لە سەر دامەزراندن و دیاریکردنی کاربەدەستان بۆ دەزگاکانی بەڕێوەبەری، دادگاکان و وەزارتخانەکان دەربڕن. کومیتەکانی قانووندانان لە هێندێک لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکاندا تریبوونگەلێک بۆ تاوتوێ و لێکدانەوەی ئاشکرای پرسە نیشتمانییەکان دەخەنە بەر دەستی نوێنەران.

قانووندانەران لەوانەیە پشتگیری و داکۆکی لەو دەوڵەتە بکەن کە لە سەر کارە و لەوانەشە وەک ئۆپۆزیسیۆن و دژبەری سیاسیی ئەو بجووڵێنەوە کە سیاسەت و پلانی جێگرەوە دەخەنە بەر باس.

قانووندانەران لە سەریانە کە بۆچوونەکانی خۆیان ئەوەندەی دەکرێ بە جۆرێکی کاریگەر و شوێندانەر بێننە بەر باس، بەڵام ئەوانە دەبێ لە چوارچێوەی بنەماکانی ئەخلاق و ڕەوشتی خەڵک سەروەری، واتە لەسەرەخۆیی، ڕێزگرتن و سازان و حاوانەوەو، بەمەبەستی گەیشتن و دەستەبەر کردنی ئەو ڕێککەوتنانە بێ کە بەرژەوەندی و خۆشبژیویی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای تێدا دەستەبەر ببێ _ نەک ئەوەی هەر لە بەرژەوەندیی لایەنگرانی سیاسیی خۆیان دابێ. هەر کام لە قانووندانەران دەبێ بۆ خۆیان بتوانن لەبارەی چۆنیەتیی پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان خۆشبژیویی گشتی و پێداویستییەکانی ناوچەی هەڵبژێردراوی خۆیان بڕیار بدەن.

بەڵام پێچەوانەی نیزامە کۆمارییەکان لە حکومەتە پارلمانییەکاندا کە جیاکردنەوەی دەسەڵات بەو شێوەیە نیە، بۆ چاوەدێری کردن و بەربەست دروست کردن لە بەر دەم دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت و پێکهێنانی هاوسەنگی لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەبێ پشت بە هێز و دینامیکە سیاسییەکانی نێو پارلمان ببەسترێ. ئەو کارەش زۆرتر لە چوارچێوەی دەرکەوتنی حیزبێکی دژ و ئۆپۆزیسیۆنێکی تۆکمە یان لە نێوان چەند حیزبێکی نەیاری جۆراوجۆردا دەردەکەوێ کە دەوڵەتی « سێبەر» پێک دێنن.

### دەزگای قەزایی سەربەخۆ

بناغە و کۆڵەکەی دەزگایەکی قەزایی دادئەستێن، بێلایەن و دادپەروەر و پشت ئەستوور بە قانوون، دادوەرە سەربەخۆ و لێهاتووەکانن. ئەو سەربەخۆییە بەو مانایە نیە کە دادوەرەکان بە دڵی خۆیان و بەپێی بڕیارە تاکەکەسییەکانی خۆیان لە سەر بابەتێک ساغ ببنەوە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ئەوان دەبێ بۆ بڕیاردانی قانوونی لە سەر بابەتەکان سەربەست و ئازاد بن، تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارە لە دژی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت یان حیزبە بەهێز و دەسرۆیشتووەکان بێ.


لە حکوومەتە دێموکڕات و خەڵک سەروەرەکاندا پێکهاتەی پشتیوانیی قانوونی بنەڕەتیی وڵات و شان و شەوکەتی دەزگای قەزایی لە جێدا پارێزەری سەربەخۆ مانەوەی ئەوان لە بەرامبەر پەستانە سیاسییەکانە. حوکمە قەزاییەکان بەو پێیە دەکرێ لە سەر ئەساسی ڕاستییەکانی پەروەندەکە، بەڵگەهێنانەوە و ڕێوشوێن و قانوونە پێوەندیدارەکان و لە نەبوونی هەر چەشنە ڕێگری و خرانەژێر پاڵەپەستۆی دەوڵەت یان پارلمان بە بێلایەنی لە لایەن دەزگای قەزاییەوە ڕابگەیەندرێ. ئەو بنەما و پرەنسیپانە گەرەتیی داکۆکیی قانوونی و یەکسان بۆ هەموانە.

هێز و دەسەڵاتی دادوەرەکان بۆ تاوتوێکردنی قانوونە گشتییەکان و ڕادەربڕین لە بارەی ئەوانەوە کە ئاخۆ دژایەتییان لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی وڵات هەیە یان نا خۆی لە خۆیدا ڕێکارێکی بنەڕەتی بۆ مایەپووچکردنەوەی ئەگەری هەرچەشنە کەلکی خراپ وەرگرتنی دەوڵەت لە دەسەڵاتە، تەنانەت ئەو کاتەش کە دەوڵەت بە دەنگی هەرە زۆرینەی خەڵک هاتبێتە سەر کار. لەهەر حاڵدا ئەو دەسەڵات و دەسرۆیشتوویەی دادوەرەکان پێوەندی بەوەوە هەیە کە دادگاکان وەک ناوەندێکی تەواو بێلایەن و سەربەخۆ حیسابیان بۆ بکرێ تا بتوانن بڕیارەکانیان نەک لە سەر سەرنج و تێبینییە سیاسییەکان بەڵکوو لە سەر بنەمای قانوون و ڕێوشوێنە قەزاییەکان دەر بکەن.

دادوەرەکان چ هەڵ بژێردرابێتن یان خۆ بۆ دادگایەک دیاری کرابن، بۆ ئەوەی بەدەر لە هەر چەشنە نیگەرانییەک لە پاڵەپەستۆی کەسانی خاوەن هێز و دەسەڵات لە دەوڵەتدا بڕیاری دروستی خۆیان بدەن، دەبێ بە شێوەی قانوونی ئەمنیەتی کاری و پیشەییان پارێزراو بێ. یەکێک لە بنەماکانی ئەخلاقی دادوەری ئەوەیە کە دادوەرەکان بە مەبەستی سەلماندنی بێلایەنی خۆیان لە بڕیاردان لە سەر ئەو پەروەندانەی بەرژەوەندیی خۆیانی تێدایە، خۆیان لە بڕیاردان لە سەر ئەو پەروەندانە بە دوور بگرن و ئەو کارە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و بە دادوەری دیکەیان بسپێرن.

سەرچاوەی بنەڕەتیی دەسەڵات و ڕەوایی دەزگای قەزایی باوەڕهەبوون بە بێلایەنیی ئەو دەزگایە و دەرکەوتنی وەک لقێکی غەیرە سیاسیی دەوڵەتە.

لە حکوومەتێکی گەلی و خەڵک سەروەردا ناکرێ دادوەرەکان لە سەر سکالای چووکە یان کاردانەوە بە ڕەخنە سیاسییەکان لە کارەکانیان وەلا بنرێن. بەڵام لە جێی خۆیدا دەکرێ ئەوان سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانی قورس یان پێشێل کردنی قانوونەکان لە ڕێگەی شێوازی ئاستەنگ و کاتگری وەک ئیستیزاح یان لە ڕێگەی دادگایی کردن یان لە بەرامبەر دەزگای قانووندانەران یان لە ڕێگەی دادگایەکی جیاوازەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە و بەرپرسایەتییەکانیان لێ وەربگیرێتەوە.



# عێراقی دووهەم و کوردستانی دووهەم



ڕێبوار مەعروف زادە

وڵاتی سووریە لە پلەی یەکەمدا نەک لەسەر بنەمای ئێرادەی خەڵکەکەی، بەڵکوو لە سەر بنەمای ئێرادەیەکی نادێموکراتیکی زلهێزەکانی جیهان پێک هێنراوە. سنوورەکانی سووریە بەرهەمی شەری یەکەمی جیهانییە نەک بەرهەمی ئێرادەی خەڵکی ئەو جوغرافیایە. دیکتاتورییەتی سەدام و ئەسەدیش پشتئەستوور بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ زلهێزەکان بووە. رووخانی سەددام و ئەسەدیش دەربڕی کوتایی هاتنی جۆری ئۆتۆریتەی زلهێزەکان بە سەر روژهەڵاتی نێوەراست و جیهانە. بە هەموو ئەو جیاوازیانەی کە لە گۆرانکارییەکانی جیهانی عەرەبی دا هەبووە و هەیە، بەڵام هەنووکە کاتێک باس لە سووریە و جیهانی عەرەبی دەکەین دەبێ یەک فاکتەرمان کە فاکتەری بالادەستە لە یاد نەچێ کە ئەویش بریتییە لە فاکتەری نێوخۆیی و ئێرادەی خەڵکی سووریە. لە هەموو خوپێشاندانەکانی جیهانی عەرەبی وێنەیەکی هاوبەش دەبینرا، ئەو وێنەیە وێنەیەک بوو کە لە سەری نووسرابوو «الشعب یرید اسقاط النظام».

پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتی سووریە پێکهاتەیەکی یەکدەست نییە، هەر بویە ئێرادەی خەڵکی سوورییەش ئێرادەیەکی یەکدەست نییە. زیاتر لە ٧٠ لە سەدی دانیشتووانی عەرەبی سوننین و ئەو بەشە لە ساڵانی رابڕدوودا لە بواری فیکری و سیاسییەوە سەرچاوەیان لە ئیخوان الموسلمینیان وەردەگرت و ئێستاش تورکیە بە هاوپەیمان و مودێلی سیاسیی خۆیان وەردەگرن. عەلەوییەکان کە کولەکەی سەرەکیی دەسەڵاتی ئەسەد پێکدێنن ١٠ لە سەدی خەڵکی سووریەن، ئەوان لە بواری ئابووری، هێزی مرۆیی و بە تایبەتی لە بواری ئەزموونی حکوومەتدارییەوە لە بەشەکانی دیکەی سووریە بەهێزترن. هێزی سێهەم کوردەکانن کە نزیک ١٠ لە سەدی دانیشتووانی سووریە پێکدێنن، بەڵام لە بواری سیاسی، ئابووری، هێزی مرۆیی و ... لە سوننیەکان و عەلەوییەکان لاوازترن. ئەو سێ بەشە چونکە پێوەندییەکی لەمێژینەیان لە نێوان خەڵک و خاکەکەیان‌دا هەیە ئێرادەی دوای دیکتاتورییەتی ئەسەد، دیکتاتورییەتێک کە ئەو پێکهاتە کومەڵایەتی و سیاسییە فرەچەشنەی سووریەی لە فورمی ئێرادەی حیزبی بەحس کۆکردبۆوە، بە سەر سێ جۆغرافیادا دابەش دەکەن. خۆدی ئەو سێ بەشەش بۆ پتەوکردنی هێزەکەیان هەوڵی دروستکردنی پێوەندی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا دەدەن. لە لایەکی دیکە هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانیش بۆ بەرفراوانکردنی جۆغرافیای نفووز و دەستەبەرکردنی بازار هەوڵ دەدەن. لە ئاستی ناوچەدا وڵاتانی تورکیە، عەرەبستان، قەتەر، عێراق، ئیسرائیل، ئێران، ئۆردۆن و لوبنان هەم کاریگەریان بە سەر قەیرانی سووریە هەیە و هەمیش کاریگەری وەردەگرن.

هەوڵ دەدەین بە کورتی روانگەی سێ وڵاتی تورکیە، ئیسرائیل و ئێران بە نیسبەت گۆرانەکانی سووریە شرۆڤە بکەین :

**سیاسەتی تورکیە:**

حیزبی AKP کە هەنووکە لە تورکیە دەسەڵاتی بە دەستەوەیە لە پلەی یەکەمدا توانیوێتی ئابووری تورکیە بەهێز بکا، هەر بۆیە بۆ راگرتنی ئەو لایەنە لە بەهێزی خۆی پێویستی بە پەیداکردنی بازاری تازە و سەقامگیریی وڵاتەکەی هەیە. لاوازبوونی وڵاتانی ناوچە لە بەرژەوەندی تورکیە دایە بەو مەرجەی ئەو لاوازییە ئەمنییەتی ناوچە نەخاتە مەترسییەوە، بە واتایەکی دیکە تورکیە لە هەبوونی وڵاتێکی لاوازی دراوسێ وەک سووریە، کە بو ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی زۆربەی پێداویستییەکانی خەڵکەکەی پێویستی بە وڵاتانی دیکە و بە تایبەتی وڵاتانی دراوسێ هەبێ، نە تەنیا بەهرەمەند دەبێ بەڵکوو هەوڵی دروستکردنی ئەم دۆخەش دەدا. تورکیە وەک سەرەکیترین بنکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە رۆڵێکی گەورەی لە گۆڕینی ئاراستەی نارازەیەتییەکان گێرا. تورکیە بە پەنادان بە نیزامییەکانی نارازیی سووری، بەستێنی پێکهاتنی «ئەرتەشی ئازادی سووریە»ی دروست کرد. ئەرتەشی ئازادی سووریەش هەم خۆپیشاندانی خەڵکی شێواند و هەمیش دروستی و پێویستیی هاوکاریی جیهانیی خستە ژێر پرسیارەوە. تا پێش لە پەیدابوونی ئەرتەشی ئازاد فەزا و رەوشی سووریە بەو جۆرە بوو کە خەڵکی مەدەنی لە بەرامبەر رێژیم، خۆپێشاندان لە بەرامبەر تۆپ و تانگدا بوو. هەر بۆیە لە روانگەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە شەڕی ئەسەد لە شەقامەکان پاساوهەڵنەگر و هاوسۆزی و هاوکاریی جیهانی پێویستییەکی بێ ئەملاوئەولاو بوو. تورکیە لە رێگەی رەخساندنی بەستێن بۆ پێکهێنانی ئەرتەشی ئازادی سووریە، شەقامی لە خەڵک چۆل کرد و رۆلی خەڵکی لە گۆڕانەکانی ئەو وڵاتە کەم کردەوە. لە هەمووی گرینگتر پێکهاتنی ئەرتەشی ئازادی سووریە رەوایی دەستێوەردانی مرۆڤدوستانەی لە نێو برد و دەستی هێزەکانی ئەرتەشی لە کوشتنی خەڵک و ئەنجامدانی شەرێکی نێوخۆیی ئاوەلا کرد. ئەوەی تورکیەش لێی دەترسێ هاتنەئارای دۆخێکە کە هاوپەیمانییەک لە نێوان کورد و عەلەوییەکانی سووریە لە گەڵ ئیسرائیل و ئێران بە دژی هاوپەیمانێتی سوننیەکانی سووریە لەگەڵ تورکیە و عەرەبستان و قەتەر پێکبێ.

**سیاسەتی ئیسرائیل :**

ئەگەر رێژیمی ئەسەد لە ئەنجامی شۆڕشێکی خەڵکی و مەدەنیی خەڵکی سووریەدا رووخابا بەستێنی دێموکراتیکبوونی ئەو وڵاتە و سەقامگیریی سیاسی، ئابووری و ... سووریە دەرەخسا. ئەو بابەتە لە سەر گۆڕینی وێنەی عەرەب لە جیهاندا کاریگەری دەبوو، واتە توانای راکێشانی پشتگیریی بیرورای جیهانیی بۆ پرسی فەلەستین زیاد دەکرد، کە ئەوەش لە کێشەی فەلەستین_ئیسرائیل دا بە دژی ئیسرائیل دەشکایەوە. بوونی وڵاتی ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی نێوەراست لە سەر بنەمایەکی نیزامی و ئەمنییەتییە. پێوەندیی ئیسرائیل بە رۆژهەڵاتی نێوەراست و بە تایبەتی بە وڵاتانی عەرەبی بە شەڕی شەش رۆژە دەناسرێتەوە کە هەتا ئێستاکەش شەرێکی سارد لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی درێژەی هەیە. ئیسرائیل بۆ ئەوەی بالادەستیی نیزامی و ئەمنییەتی خۆی بە سەر ناوچەکەدا رابگرێ پشتگیری لە پارچەپارچەبوونی سیاسیی سووریە و بوونی کێشەی نێوخۆیی بە بێ تێکچوونی سنوورەکانی ئەو وڵاتە دەکا. لە بەرژەوەندی ئیسرائیل دایە کە لە بەرامبەر تورکیە و سوننیەکانی سووریەدا یارمەتیی عەلەوی و کوردەکان بدا.

**سیاسەتی ئێران :**

ئێران لە رێگەی جوغرافیای سووریەوە رێگە بە جیهانی عەرەبی پەیدا دەکا. هاوپەیمانێتیی ئێران، سووریە و حیزبوڵلای لوبنان هاوپەیمانەتیی شیعەیە



لە ناوچەکە کە بە دژی هاوپەیمانەتی سوننی واتە تورکیە و عەرەبستان و ... . لە راستیدا قوولایی ئیستراتژیکی ئێران بە جوغرافیای سووریە بەستراوەتەوە. کەوایە لاچوونی ئەسەد و دابەشبوونی ئێرادەی سیاسیی سووریە گۆڕانێکی نەرێنیی گەورە لە توانای ژئۆپۆلیتیکی ئێران پێک دێنێ. توانای ئێران لەو شەڕە ئەمنییەتی و نیزامییە گەورەیەی کە تا ئێستا لە دەروەی سنوورەکانی وڵاتەکەی بە دژی وڵاتانی ناوچە بەرێوەی بردوە دادەبەزی و ئێران تووشی گەورەترین تێکشکان لە مێژووی سیاسەتی دەرەوی خۆی دەبێ. هەر جۆرە ئالۆگۆڕێک لە سووریە بە خەسارێکی گەورە بۆ رێژیمی ئێران لە قەڵەم دەدری، بەڵام لە ستراتێژی ئێراندا کەمبوونەوەی هاوپەیمانێکی گەورەی ناوچەیی دەبێ بە واتای زیادبوونی کێشەیەکی گەورە و درێژخایەنی ناوچەیی دیکە بۆ رۆژئاوا بێ(عێراقێکی دووهەم بۆ رۆژئاوا). بەوپێیە ئێران لەم قۆناخە لە قەیرانی سووریەدا هەوڵ دەدا تێچووی سیاسی، ئابووری و ... سەرکەوتنی رۆژئاوا و وڵاتانی ناوچە لە سووریە زیاد بکا. ئەو سیاسەتەش بە واتای پشتگیری ئێران لە ئەسەدی لە حالی رووخان و کوردەکانی سووریە لە بەرامبەر سوننیەکانی سووریە دایە.

دیارە جگە لە تورکیە، ئیسرائیل و ئێران هێندێک وڵاتی دیکەش وەک عەرەبستان و قەتەر و ... ، بە تایبەتی لە رێگەی تەرخانکرنی سەرمایەی ماددی، هەوڵ دەدەن لە قەیرانی سووریەدا رۆل بگێرن. شەڕی عەرەبستان و قەتەر و ... لە سووریە ئەوەندەی شەڕێکە بۆ لێدانی بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی ئێران، شەڕێک نییە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی زیاتر بۆ خۆیان.

لە ئاستی جیهانیدا دوو بەرەی رۆژئاوا و بەرەی رۆژهەڵات (رووسیە و چین) بە نیسبەت قەیرانی سووریە لە ئارادا بووە. بەرەی رۆژئاوا بۆ بەرفراوانکردنی جۆغرافیای نفووزی خۆی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی زیاتر پشتگیری لە لاچوونی ئەسەد و پێکهاتنی گۆڕانکاری لە سووریە کردوە، بەرەی رۆژهەڵاتیش بۆ پاراستنی جۆغرافیای نفووز و بازاری چەکوچۆلی خۆی هەولیداوە لەگەڵ هەر چەشنە دەستێوەردانێکی نیزامی لە سووریەدا دژایەتی بکا. لێرەدا لە شەڕی بەرژەوەندییەکانی ناوچەیی و جیهانی لە سەر خاکی سووریەدا پێویستە سەرنج بدەینە چەند خالێک :

١- هەرچەند کە لە ئاستی جیهانیدا لە نێوان بەرەی رۆژهەڵات و بەرەی رۆژئاوا شەڕی بەرژەوەندییەکان لە ئارادایە، بەڵام هەر دووک لایەن بە تایبەتی ئەمریکا و رووسیە بە نیسبەت قەیرانی سووریە لە یەک خاڵدا هاوڕا و هاوکار دەبن. ئەو خاڵە هاوبەشە ئەوەیە کە بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کارێک بکەن کە تورکیە لەو رۆلە گەورەیەی کە لە قەیرانی سووریەدا گێڕاوێتی تووشی خەسار بێ بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی بوێربوون، ریسککردن و لێبراوەیی لە دیپلوماسیی تورکیەدا گەشە نەکا. بە واتایەکی دیکە هەر دووک بەرە لە سەر ئەوە هاوڕان کە دیپلۆماسیی تورکیە جگە لەو دەسکەوتانە کە لە سووریە بە دەستیی دێنێ، رووبەڕوی خەسارێکی نەخوازراویش بکرێتەوە.

٢- ئازادبوونی بەشێکی دیکە لە خاکی کوردستان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی سیاسەتکردنی کورد. تا پێش لە ئازادبوونی بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای کوردستان ئەگەر داوودئوغلوو وەزیری دەرەوی تورکیە بە هەڵکەوتیش سەردانێکی هەرێمی کوردستانی کردبا دەمانکۆت وڵاتانی ناوچە لە ئاستی سیاسیدا خەریکە دان بە کورد دا دەنێن، ئێستا بە بێ ئەوەی چاوەرێی سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیە بکەین خۆی بە پەلە سەردانی هەولێر دەکا. بێ گۆمان کوردەکان بە دوای ئامادەبوونی کورد لە جۆغرافیایەکی بەرفراوانتردا مەجالی سیاسەتکردن لە ئاستێکی بەرفراوانتریش پەیدا دەکەن. تەقینەوەی پرسی کورد لە رۆژئاوای کوردستان پرسی کورد لە ئاستی ناوچەدا بەرجەستەتر دەکا و کورد بۆ وڵاتانی ناوچە لە پرسێکی ئەمنییەتیەوە دەبێتە ئەکتەرێکی سیاسیی بچووکی ناوچە. دیارە ئەوەی ناروونە ئەوەیە کە ئاخۆ کورد لە گۆرەپانێکی گەورەتری سیاسیدا پڕدەستکەوت دەبێ یان نا؟ بەڵام ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە کایەکردن لە مەیدانێکی سیاسیی گەورەتردا پێویستی بە عەقلێکی سیاسی گەورەتر هەیە.

# تاوانبارە «یەخەسپی»یەکان

## (لە پێوەندیی لەگەڵ گەورەترین پەروەندەی گەندەڵیی دارایی مێژووی ئێران دا)



سیروان مووساپوور

لەم چەند رۆژەی داوییدا وتەبێژی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران رایگەیاند کە لە سەرجەم تۆمەتبارانی پەروەندەی دزییە سێ هەزار میلیارد تمەنییەکە، چوارکەسیان سزای لەسێدارەدان و دوو کەسیان زیندانی هەتاهەتایی و تۆمەتبارەکانی دیکەش زیندانیی درێژماوەیان بۆ دەرچووە و کەسانێک کە کارمەندی دەوڵەت یان پلەی جێگری وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتییان هەبووە، بێجگە لە سزای زیندان، بە دانی سزای نەختی و دابڕانی هەمیشەیی لە کاری حکوومەتی و تەنانەت لێدانی قامچییش حوکم دراون.

پەروەندەی ئیختلاس یان دزیی سێ هەزار میلیارد تمەنی کە وەک «گەورەترین گەندەڵیی ماڵیی لە مێژووی ئێران»دا باسی لێ دەکرێ، دژکردەوەی زۆری لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و راگەیەنەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا. لە لایەک دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد ئیددیعای ئەوەی دەکرد کە ئەم دزییەی ئاشکرا کردوە و لە لایەکی دیکەشەوە بناژۆخوازانی رەخنەگری دەوڵەت و راگەیەنەکانیان، سەرۆک کۆماری ئێران و کەسە نزیکەکانی و بە تایبەت ئیسفەندیاری رەحیم مەشاییان بە دەست تێدابوون لەم گەندەڵییە داراییەدا تاوانبار دەکرد. بەهەرحاڵ لە کاتی دانیشتەکانی دادگادا، ناوی زۆر کەسی پایەبەرزی حکوومەتی وەک وەزیری پێشووی رێگەوبان، جێگری وەزیری پیشەسازی، جێگری سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندی، جێگری وەزیری ئابووری، وەزیری پێشووی پیشەسازی، بەڕێوەبەری گشتیی بانکی میللی، سەرۆکی پێشووی بانکی سادرات و چەند کەس لە نوێنەرانی مەجلیسیش وەک تاوانبارانی ئەم پەروەندەیە هاتنەگۆڕێ. سەرەنجام دوای چەندین دانیشتنی دادگا، سزای ٣٩ کەس لە تێوەگلاوانی ئەم گەندەڵییە گەورەیە وەک تۆمەتبارانی پەروەندەکە بەو شێوەیەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە لایەن دادگاوە دەرکرا. تۆمەتبارانی پەروەندەکە کۆمەڵێک لە چالاکانی ئابووری و کاربەدەستانی تۆڕی بانکیی ئێرانن کە بە دەرکردنی نایاسایی بەڵگەی ئیعتباری نزیک بە سێ هەزار میلیارد تمەنیان وەدەست هێناوە.

دیارە لەم رۆژانەدا لە میدیا و راگەیەنە نێوخۆیی و بیانییەکان وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە خراوەتەڕوو و پێویستی بە زیاتر لەسەر نووسین و دووپاتکردنەوەی دووپاتکراوەکان نییە. بەڵام ئەوەیکە مەبەستی ئێمەیە لێرەدا بە کورتی باسی لێوە بکەین، باسکردنی تاوانی تاوانبارە سەرەکییەکان یان تاوانبارە «یەخەسپی»یەکان بە شێوەیەکی گشتییە. چونکە لە هەموو دانیشتنەکانی دادگایی کردنی ئەم تاوانبارانەدا ناوی هیچ یەکێکیان بە شێوەی تەواو رانەگەیەنرا و تەنانەت وێنەکانیشیان بە هۆی سانسۆرەوە بە تەواوەتی نیشان نەدرا و بێجگە لەمەش دەرفەتی پێداچونەوە بە حوکمەکانیش لە جێی خۆیدا ماوە. داخوا ئەم سزایانە لە جێی خۆیاندا دەمێنن یان نا؟ ئایا هەر ئەم کەسانە لەم پەروەندەیەدا تاوانبارن یان کەسانی دیکەش لە پشتی پەردەوە هەن؟ تۆ بڵێی لە پەنا سزادان و زیندانی کردن و تەنانەت ئێعدامی چەند کەسێک لەم تۆمەتبارانە، دەیان تاوانباری سەرەکی و گەورەی دیکە لەم پەروەندەیە رزگارییان نەبێت و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرنەچن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری هاوشێوەی دیکە بۆ کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەم بوارەدا جێدەهێڵین و لێرەدا بۆ زیاتر ئاشناکردنی «یەخەسپی» و «تاوانی یەخەسپی»یەکان بە خوێنەرانی خۆشەویست بە کورتی و بە کوردی و، بە کەڵک وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەک چەند دێرێک لەسەر ئەم دوو زاراوەیە دەنووسین:

«یەخەسپی»یەکان کێن؟ «تاوانی یەخەسپی»یەکان چۆن پێناسە دەکرێت؟ یەخەسپی بە کەسێک یان کەسانێک لە کۆمەڵگە دەگوترێ کە زیاتر خەریکی کاری غەیرەدەستی و بە تایبەت کاری نووسینگە و ئیدارەکانن. یەخەسپییەکان بە پێی ئەو رۆڵەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیانە، بۆ چەند جۆرێک دابەش دەکرێن. ئەگەر ئەو کەسانە کارمەند و مووچەخۆی دەوڵەتی بن ئەوا بە «دەوڵەتی» و ئەگەر سەر بەهیچ کام لە ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتییە حکوومەتییەکانیش نەبن، ئەوا بە «غەیرە دەوڵەتی» دەناسرێن.

«تاوانی یەخەسپی»یەکان: لە ئاماژە حقووقی و یاساییەکاندا بە واتای کەڵکی نابەجێوەرگرتنی کەسانی پایەبەرز لە شوێنگە و پێگەی خۆیانە کە زیاتر لە شێوەی دزیی و گەندەڵیی دارایی دا دەردەکەوێت. هەرچەند لێرەدا مەبەستی ئێمە زیاتر یەخەسپییەکانی پلەبەرزی حکوومەتییە، بەڵام یەخەسپییەکان بە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی و بە سیاسی و ئابوورییەوە بە پێی رۆڵێک کە لە کۆمەڵگەدا هەیانە، دەتوانن دەست بۆ تاوان و کردەوەی ناڕەوای جۆراوجۆر ببەن.

ئەم تیۆرییە یەکەمجار لە لایەن تاوانناس و کۆمەڵناسی ئەمریکی ئێدوین ساترلەند لە دەیەی پەنجای زایینیدا خراوەتەڕوو. بە پێی بۆچوون و بیرکردنەوەکانی ناوبراو، تاوانەکانی کەسانی یەخەسپی دەرخەری ئەو چالاکییە نایاساییانەیە کە لە لایەن کەسانی ناسراو و خاوەن پێگە و سەر بە چینی باڵای کۆمەڵگەوە ئەنجام دەدرێت. توێژینەوە سەرەتاییەکانی تاوانناسی لە پێوەندیی لەگەڵ بابەتی تاوان و تاوانکارییەوە تەنیا لە دەوری ئەوە دەسووڕایەوە کە هەژاری هۆی سەرەکیی تاوانکارییە. بەم هۆیەوە زۆربەی توێژینەوەکان کاریان لەسەر چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە یان بە واتایەکی دیکە یەخەچڵکنەکان دەکرد. بەڵام بە کار و توێژینەوە زانستییەکانی ساترلەند وەرچەرخانێکی سەرەکی لە توێژینەوەکانی تاوانناسیدا هاتە کایەوە. چونکە بە پێچەوانەی توێژینەوە نەریتییەکان ئەو بۆ یەکەمین جار توێژینەوەی لەسەر تاوانی کەسانی سەر بە چینە بەرزەکانی کۆمەڵگە یان بە واتایەکی دیکە یەخەسپییەکان کرد. لەڕاستیدا ساترلەند بە توێژینەوەکانی خۆی پەردەی لەسەر ئەو تاوانانە هەڵدایەوە کە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدران کە بە هۆی نفووز و ئیعتبارێک کە لە کۆمەڵگەدا هەیانبوو، کەمتر دەبوونە جێی شک و گومان و کەمتر سەرنجیان لێ دەدرایەوە. بەڵام توێژینەوەکانی ساترلەند و توێژینەوەکانی دواتر کە لەسەر وەها بابەتێک ئەنجام دران، ئەوەیان دەرخست کە خەسار و دواهاتە زیانبارەکانی تاوانی ئەم جۆرە کەسانە زۆر مەترسیدارتر لە خەڵکی دیکە و یەخەچڵکنەکانی نێو کۆمەڵگەیە. تاوانی یەخەسپییەکان ئەگەرچی لە تاوانی سەرشەقام و کەسانی هەژار و ئاسایی کەمتر توندوتیژیی بەدواوەیە، بەڵام بێشک زیانە داراییە کانیان هیچ کات لەگەڵ تاوانی کەسانی ئاسایی بەراورد ناکرێت و زیانەکەشی نە تەنیا بۆچەند کەس بەڵکوو بۆ گشت هاووڵاتیانی وڵاتێک دەگەڕێتەوە.

لەو بارەوە گیدێنز ئاماژە بەوە دەکات کە بە پێی هەڵسەنگاندنێک کە لە ئەمریکا کراوە، دەرکەوتوە کە بڕی ئەو پارە و پوڵەی کە لە تاوانەکانی یەخەسپییەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر لەدەست دەچێ، چل ئەوەندەی ئەو پوڵەیە کە لە تاوانە ئاساییەکانی دژ بە ماڵ و دارایی گشتی لەدەست دەڕوات. بێجگە لەوەش هەندێک لە تاوانەکانی یەخەسپییەکان کاریگەرییان لەسەر ژمارەیەکی زۆر زیاتری تاکەکان هەیە هەتا تاوانی کەسانی سەر بە چینە نزمەکان. زۆرجار کەس یان کەسانێکی یەخەسپی ماڵ و سامانی خەڵکی وڵاتێک کە هی هەزاران کەسە، دەدزن و بە شێوەی جۆراوجۆر دەستی بەسەردا دەگرن.

پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە نابێ لەبیرمان بچێ لەناو تاوانبارە یەخەسپییەکانیشدا جیاوازی هەیە. کارمەندێک کە لەبەر هەژاری و گوشاری زۆری بنەماڵەوە پەنا بۆ دزی دەبات، راستە یەخەسپییە و تاوانەکەشی سەر بە تاوانی یەخەسپییەکانە، بەڵام جیاوازیی زۆری لەگەڵ تاوانی کەسانێک هەیە کە لەسەر تێری و بە هۆی دەسڕۆیشتوویی و ئیعتبارێکی زۆرەوە دەست بۆ دزیی، ئەویش دزیی چەند میلیارد تمەنی دەبەن وەک ئەو دزییە سێ میلیارد تمەنیەی کە بە گەورەترین دزیی لە مێژووی ئێراندا دێتە ئەژمار.

لێرەدا جێی خۆیەتی لەچەند خاڵێکدا ئاماژە بە هەندێک لە گرینگترین دواهات و دەرەنجامە نەرێنییەکانی تاوانی یەخەسپییەکان لەسەر کۆمەڵگە بکرێت وەک:

١. بەفیرۆچوونی ماڵ و سامانێکی زۆر لە لایەن کەس یان کەسانێکەوە کە لەڕاستیدا ملکی گشتی و هی گشت کۆمەڵگەیە.

٢. ئەم کردەوە تاوانکارییە دەتوانێ بە تێپەڕینی زەمەن وەک نۆرمێک لەلایەن کەسانی دیکەشەوە کەڵکی لێ وەربگیرێت.

٣. دەبێتە هۆی بێمتمانەیی خەڵک بە سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار و بێمتمانەییش بە گەورەترین پەتای سیستەمێکی سیاسی دێتە ئەژمار.

٤. رەشبین بوونی خەڵک بە نیسبەت کەسانی خاوەن پێگەی نێو کۆمەڵگە.

٥. دەتوانێ وەک فاکتەرێکی گرینگ لە هاتنەئارای پشێوی و ئاڵۆزیی بێتە ئەژمار و بەدوای ئەودا گەندەڵیی ئیداری و ... لە کۆمەڵگەدا بەرەو زیادبوون بچێت.

٦. سست بوونی بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە.

و ...

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە ئەوە دووپات دەکەمەوە کە تاوانی یەخەسپییەکان لەگەڵ ئەوەیکە توندوتیژیی کەمتری بەدواوەیە، بەڵام بە پێچەوانەی تاوانی کەسانی ئاسایی و یەخەچڵکنەکان دەرەنجام و دواهاتی نەرێنی زیاتری بۆ کۆمەڵگە بەدواوە دەبێ و کاریگەریی لەسەر باری سیاسی، ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە زیاترە، شتێک کە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نەک جارێک بەڵکوو چەندین جار دووپات بۆتەوە و دووپات دەبێتەوە. رێژیمێک کە خۆی رۆڵی سەرەکی لە پەروەردەکردنی «تاوانبارە یەخەسپی»یەکاندا هەیە و تەنانەت بەرپرسە هەرە پلەبەرزەکانیشی لە ڕیزی تاوانبارە یەخەسپییەکاندا دێنە ئەژمار.

**سەرچاوە:** جامعەشناسی، أنتونی گیدنز، ترجمە منوچهر صبوری و چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی.

# ژنێک، خوساوی بارانی وەحشەت مامۆستایەک بۆ گشت نەوەکان

وەحید کەماڵی
و: وریا ڕەحمانی

پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم و کەمێک گەورە ببووم. هەندێ جار بیرم دەرکردەوەو لە خەیاڵمدا خۆم وەک خانمێکی مامۆستا دەدی کە لە نێو پۆلدا دەرسم بە منداڵەکان دەگوتەوە و بە یەکەوە پێدەکەنین.

ڕۆژێکیان کە لە قوتابخانەوە گەڕامەوە دیتم میوانێکی زۆرمان هەیە و ماڵەوەمان زۆر شلووغە. لە خوشکمم پرسی چ خەبەر؟ ئەوانە کێن لە ماڵی ئێمە؟

گوتی: خوازبێنیت بۆ هاتوە...!

من کە بە هیچ شێوەیەک لە مانای وشەی خوازبێنی تێنەگەیشتم بێ ئەوەی گرینگیی پێبدەم جانتای کتێبەکانم لە گۆشەیەکی حەوشە دانا و بە هەڵاتن چوومە دەرێ و لەگەڵ هاوڕێیەکانم کە لە کۆڵان کۆببوونەوە دەستم کرد بە یاری کردن.

هەمان ڕۆژ گەورەترەکان لە نێو خۆیاندا قەرار و بڕیارەکانیان دانابوو، و هەموو شتێکیان بڕیبۆوە. کەچی من لە نێو دنیای منداڵیی خۆمدا بێ خەبەر لەو چارەنووسە دژوێنە بووم کە چاوەڕوانیی دەکردم. ئەو شەوە هەموو شتێک بڕابۆوە و داهاتووو ژیان و ئاواتەکانی من وێران...!

نزیک بە سێ ساڵ تێپەڕی و من تازە ساڵی سێی ناوەندیم تەواو کردبوو کە ڕۆژێک دووبارە ئەم کەسانە هاتنەوە بۆ ماڵی ئێمە. خۆزگە قەڵەمی پێیان دەشکا و نەدەهاتن...!

بۆ سبەینێیەکەی دایکم و خوشکم هەندێکیان بۆ باس کردم و هەرکامەی بە لۆژیکی ناتەواوی خۆیان بڕێکیان شتی لەت و پەت خستە نێو مێشکمەوە، کەچی لە ڕاستیدا خۆم هیچم لێ نەدەزانی و زانیارییەکی ئەوتۆشم لە بارەیەوە نەبوو. پاشان هەندێکم بیر لە کچەکانی گەڕەکەکەی خۆمان کە شوویان کردبوو کردەوە و دیتم ئەوەی شووی کردوە دەرس و خوێندن و قوتابخانەی بەگشتی وەلا ناوە..

لە ناکاو هەستم بەوە کرد کە تەواوی ئاواتەکانم کەوتوونەتە مەترسییەوە، هەموو خەونەکانم و لە هەموویان گرینگتر «مامۆستا بوونم لە داهاتوودا». گیانم لەرزی، بوغزێکی سەیر گەرووی دەکوشی و هەموو وجوودم لە پڕ وێران بوو. هەستام چوومە ژوورەکەی دیکە و دەستم کرد بە گریان. نەمدەزانی دەبێ چی بکەم، زەین و بیرم لەکار کەوتبوون.

هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕی نەفرەت و بێزاریم لەو بابەتە زیاتر دەبوو و تێگەیشتنێکی پترم لە بەدبەختییەک کە چاوەڕوانیی دەکردم پەیدا دەکرد. بەردەوام بە خۆم دەگوتەوە کە دەمەوێ بخوێنم و ببمە مامۆستا، دەمەوێ کاتێک کە بوومە مامۆستا جا شوو بکەم، دەمەوێ...، دەترسام، نەمدەزانی چۆنیان تێگەیەنم؟!

پاش هەفتەیەک شیوەن و گریانی من و گرینگی نەدانی بنەماڵەکەم و دوای ئەوەی هەندێکیشیان لێدام و قسەشیان پێ گوتم، بە هەزار بەدبەختی و چاوی پڕ لە فرمسێکەوە لەسەر سفرەی مارەیی دایان نیشاندم. پێم خۆش بوو ئەو کاتە بمرم، لە فکری ڕاکردن دا بووم بەڵام بۆ کوێ؟ چۆن و بۆلای کێ؟ من کە هیچ کەسم نەدەناسی و هیچ کوێیەکیشم پێ نەدەزانی. ئینجا لەلایەکیشەوە نیگەرانی ئابڕووی بنەماڵەکەشم بووم و لەوە دەترسام خەڵک شتێک بڵێن و لاتاوێکیان پێدادەن.

لە هەموو ناخۆشتر ئەوە بوو لە تەنیشتی کەسێکەوە دایانابووم کە نە دەمناسی و نە خۆشیشم دەویست. تەنانەت لە مانای خۆشەویستی و ئەوینیش نەدەگەیشتم. هیچ چەشنە تێگەیشتن و زانیارییەکیشم لەم بارەیەوە نەبوو. تەنانەت پێم خۆش نەبوو سەیریشی کەم و بە گشتی سەرم داخستبوو وەک کەسێک کە بە تەواوی خۆی بەدەستەوە دابێ و بەند کرابێ.

شەوی بووکێنیم وەحشەتناکرین شەوی ژیانم بوو و هەرگیز دڵەڕاوکێی ئەو شەوە لە زەینم پاک نابێتەوە. جۆرێک هەستی نەفرەت و بێزاری، ترسێکی زۆر، دڵەڕاوکێ و وەڕەزییەکی زۆرم هەبوو و خەریک بوو شێت بم. تەواوی گیانم دەلەرزی و هەستم دەکرد بە کۆتایی دنیا و دۆزەخ گەیشتووم و ڕێی دەربازبوونیشم نیە. ئەو کات زانیاریی ئینسانەکان لە خۆشەویستی و ئەوین و سێکس و ئەم شتانە وەک ئێستا نەبوو کە منداڵی ٧_٨ ساڵەش تا ڕادەیەک شتێکی هەر لێ دەزانن. من هیچ زانیاری و وێنا و ئەزموونێکم لەم بابەتانە نەبوو و لە هەلومەرجێک کەوتبووم کە پێم وابوو لە دنیایەک لە ترس و وەحشەت دام.

مێردەکەشم بە لەرچاوگرتنی ئەو ١٣ ساڵە جیاوازییە تەمەنەی هەمانبوو، زۆر سەیر و سەمەرە دیار بوو. من نزیکەی ١٥ ساڵم بوو کەچی ئەو هەرچۆنێک بێ لە تەمەنێک دابوو کە ئاشنایی پێویستی لەگەڵ ئەم بابەتانە هەبوو و لەوانەیە ئەزموونیشی بووبێ.

لەوانەیە بنەماڵەکەشی بەردەوام بە گوێیاندا خوێندبێ کە دەبێ هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە گورزی خۆت بوەشێنی و ژنەکەت گوێ ڕایەڵی خۆت بکەی بە جۆرێک کە هەرگیز نەوێرێ لە بەرامبەرتدا ڕاوەستێ و بەبێ ئیزنی تۆ بجووڵێتەوە و.. چون هەمووشتێکی بە درندەیی و هەڕەشە و زۆرەملییەوە دەست پێ کرد.

ئەو شەوە هەموو شتێک بۆ من تەواو ببوو. ئەسیری مێرد، خێزان، ژیان و چارەنووسێکی دژوێن ببووم و لە هەموو شتێک ناخۆشتر ئەوە بوو کە نەمدەتوانی کارێکیش بکەم. بیری لێ بکەوە کە من ئیتر هی خۆم نەبووم چون فرۆشرابووم بە کۆمەڵێک داب و نەریت و فەرهەنگ و بەرژەوەندی و ئەم شتە قۆڕانە.

هەمووی بیرم لەوە دەکردەوە ئەم شەوە کەی تەواو دەبێ، هەرچەند کە ئیتر سبەینێش بۆم بێ واتا و بێ بایەخ بوو.

هەر کە لێم نزیک دەبۆوە وەحشەت دایدەگرتم بەڵام نەمدەوێرا تەنانەت هاوارێکیش بکەم. دەتگوت لە نێو ئەشکەوتێکی تاریک و وەحشەتناک لە داوی دێوەزمەیەک کەوتبووم و دەنگیشم بە هیچ کوێ نەدەگەیشت. لەلایەکیشەوە ڕێوڕەسمەکە لە ماڵێ بەڕێوەچوو و خزم و خەڵکانێکی زۆریش لەلایەن هەردوو بنەماڵەوە بانگهێشت کرابوون.

ئەو کاتێک کە دەیدیت من دەترسم پێی وابوو دەمەوێ بیشکێنمەوە و سووکایەتیی پێ بکەم هەربۆیەش پتر وەحشەتناک ببوو بۆم. نەیدەزانی کە من تێگەیشتنێکم لەم بابەتە نییە و هیچ شتێکی لێ نازانم. هەر لە نیگاهمدا نەفرەت و بێزاریی منی بە نیسبەت خۆیەوە دەدی و دەیزانی هیچ مەیل و خۆشەویستییەکم بۆی نیە، هەربۆیەش دەتگوت دەیەوێ تۆڵەم لێ بستێنێتەوە!

سەرەڕای ئەوە، ئاخریی شەو هەندێک لە بنەماڵەی هەردوولا لە پشت درگاوە وەستابوون.

لە پشت درگای ئەو ژوورەوە کە قەرار بوو بەلای ناخێر دوو کەس...!

سبەینێیەکەی یەکەم ڕۆژی چارەڕەشی و کۆیلەیی من دەستی پێکرد و تەوقی یەخسیریان خستە ملمەوە. شەوی بووکێنیشم وەحشەتێکی وەها کەوتە دڵمەوە کە ئیتر من لە هەموو شتێک و هەموو کەس دەترسام لە مێردەکەم زیاتر لە



هەمووان، تەنانەت کاتێک کە سێبەرەکەشیم دەدیت گیانم دەلەرزی. هەمیشە دوعام دەکرد نەیەتەوە ماڵێ! ژیانی هاوبەشم لە ماڵی باوکی دەستی پێکرد کە بنەماڵەی باوکی و چەند کوڕ و کچ و بووکەکانیشیان لەوێ بوون و منی تازەمیوان نەمدەوێرا هەناسەش هەڵکێشم، چون لەگەڵ بچووکترین قسەیەکم کە بە دڵیان نەبوایە لە ژێر ڕەهێڵەی لاتاو و قسەی ناشیرین و جنێو و سووکایەتیان دەگرتم.

ڕۆژ بە ڕۆژ لە خۆم و ئەو کەسانەی دەورووبەرم بێزارتر دەبووم چونکە ژیان لەگەڵ باوکێکی سەرکوتکەر و هێوەرێکی زۆر و خەسوویەکی ناحاڵی و هەندێ دشی دەرفەت خواز و ئەو هێوەرژنە مەغروور و دەسماڵ کێشانە بەلامەوە زۆر ناخۆش بوو. لە ڕاستیدا لە منداڵیم و ئەو هەموو ئاوات و ئارەزوویانە دابڕابووم و کەوتبوومە نێو زەلکاوەوە. هێشتاش کاتێک بیر لەو دەمە دەکەمەوە تەواوی گیانم دەلەرزێ و دەترسم. چەند ساڵان هەر خۆم فریودا و بەردەوام بە خۆمم دەگوت سەرەنجام هەر تەواو دەبێ و لانی کەم لە دەست ئەو کەسانە نەجاتت دەبێ و لەم حاڵەتە دێیە دەرێ کەچی هەرچی زیاتر تێدەپەڕی ڕەوشەکە ناخۆشتر دەبوو چونکە زیاتر لە بارودۆخی نێو خێزانی بنەماڵەی مێردەکەم تێدەگەیشتم.

بێ هیواییم بە ئاستێک گەیشت کە بیرم لەوە کردەوە دەبێ ڕێیەک بۆ ڕاهاتن بەم بارودۆخە بدۆزمەوە و بە خۆشمی بسەلمێنم کە شەریکی ژیانم کەسێک نیە جیا لەو کەسەی لەگەڵی دەژیم و بەرە بەرە ئەو هەستەش لە خۆمدا دروست بکەم کە سەرەڕای ئەم خێزانە و هەڵسوکەوتی خراپی مێردەکەم مەجبوورم خۆشیشم بوێ. هەڵبەت بە درێژایی ژیانی هاوبەشمان هەرگیز نەمتوانی وشەی «خۆشم دەوێی» بێنمە سەر زمانم و پێی بڵێم.

مێردەکەم یەک دوو ساڵی یەکەم هەندێک ڕەفتاری گوماناویی هەبوو بەڵام زۆر لە چاوی نەدەدا و منیش بە هێندم نەدەگرت. ئینجا چون بە داخەوە زانیارییەکی ئەوتۆشم نەبوو هەمان ساڵی یەکەم دووگیان بووم و بەرپرسایەتیی ژیانێکی دیکەشم کەوتە ئەستۆوە.

ڕۆژێکیان کە دەمەویست بەرگ و لیباسەکانی هەڵوەژێرم لە گیرفانیدا شتێکم دۆزییەوە کە هەستم کرد شتێکی خراپە. هەڵبەت ئەودەم نەمدەزانی ئەوەی دۆزیومەتەوە تریاکەو هۆکاری وێرانبوونی ژیانمە. بردم پێشانی دایکیم دا بۆوەی ڕەنگە ئەو بزانێ و پێم بڵێ. کەچی کاتێک دیتی گوتی هیچ نییە ئەوەی بۆ من کڕیوە، دەرمانی دیابێتی منە! ئەو دەیزانی کەچی وەرووی خۆی نەهێنا و نەشیدەویست من بزانم. بەڵام کاتێک مێردەکەم زانیی کە لە گیرفانی دا تریاکم دۆزیوەتەوە کۆڵێک هەراو هوریای کرد و هەرچی لە دەمی هاتەدەر پێی گوتم. منیش نەمدەوێرا هیچ بڵێم دەتگوت گوناهێکی گەورەم کردوە.

دواتر کاتێک لە کەسانی دیکەم پرسی و زانیم ئەو شتەی دۆزیومەتەوە تریاکە چیدیکە نەمتوانی خۆم ڕاگرم و ئەوە سەرەتای کێشە و درزێکی گەورە لە ژیانی هاوبەشیماندا بوو. پاشان زانیم کە مێردەکەم بەر لە ئیزدواج تووشی ئیعتیاد بووە و بنەماڵەکەی بەلای خۆیانەوە پێیان وابووە ئەگەر ژن بێنێ باش دەبێ و منیش بێ ئەوەی بزانم ئەسیر و قوربانیی ژیان لەگەڵی ببووم. من کە لە بنەماڵەیەکدا گەورە ببووم کە تەنانەت جگەرەشی تێدا نەدەکێشرا، بێ ئەوەی بزانم کەوتبوومە داوی خێزانێکەوە کە شوێنی ژیانیان لە زەلکاوێکی تەواو دەچوو.

مێردەکەم بە ڕادەیەک لە نێو ئیعتیاد دا نوقم ببوو کە ئیتر ڕێی دەرباز بوونی نەبوو. چەند جارێکیش کە بە پاڕانەوە و لالانەوەیەکی زۆر وادارم دەکرد وەلای بنێ تا چاوی منی دوور دەدیت دووبارە تێوەدەگلایەوە. هێشتاش دەنگی شکاندنی کەرەستەکانی نێوماڵ، تەلەفزیۆن، سەماوەر و.. لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. خۆم و کچەکەم بە تەواوی باری دەروونیمان تێکچووبوو و لە ماوەی ئەو ٦_٧ ساڵەدا تەواو تێکەڵمان کردبوو. تەنیا کەسێک کە هەمبوو بۆوەی بتوانم لای بگریم و دەردەدڵی لەگەڵ بکەم دایکم بوو. تەنیا ئەو هەندێک پشتیوانی لێ دەکردم دەنا باوکم و براکانم وەک ئەوە وابوو هەر نەشبن.

دایکیشم هێندەی خەفەتی من و ژیانمی خوارد کە ئاخرییەکەی نەخۆش کەوت و پاش یەک دوو ساڵ دەواو دەرمان و هاتوچۆیەکی زۆری نەخۆشخانە و جەراحی و شیمی دەرمانی و.. سەرەنجام مرد. کچەکەشم تووشی خەمۆکیی قورس هات و لای هەر دوکتورێکمان دەبرد فایدەی نەبوو. دیتم خۆم و ژیانم کە هیچ، کچەکەشم خەریکە لە دەست دەچێ.ئیتر نەمتوانی خۆم ڕاگرم و ڕۆژێکیان کە مێردەکەم لە ماڵێ بوو لە بەرەمیدا دانیشتم و گریام و لەبەری پاڕامەوە کە تەواوی بکا، پێم گوت لەبەر من نا بەڵام بە چارەنووسی کچەکەت یاری مەکە و مەیفەوتێنە. من هیچم لێت ناوێ تەنیا لەو شتە و ئەو هاوڕێیانەت دووری بگرە. زۆری لەبەر پاڕامەوە. گوتم وەرە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەوە تەنانەت ئەگەر هەموو ماڵەکەش بفرۆشی گرینگ نییە تەنیا خۆت بگۆڕە و چاک بەوە. وەرە پیاوەتیت نیشان دە و بڵێ دەتوانی دەست پێبکەیتەوە.

دوای کۆڵێک پاڕانەوە و گریان و زاری، گەڕایەوە و ڕاشکاوانە پێی گوتم: من بەرپرسی ژیانی تۆ و کچەکەت نیم و هاوڕێیەکانم بۆم گرینگترین. تۆش حەز دەکەی بمێنەوە و حەزیش ناکەی سەرچاوم. ئیتر هیچم نەگوت و لەو ڕۆژە بە دواوە کارم پێی نەبوو. تا ڕۆژێکیان کە بڕیاری خۆمم داو پێم گوت بەجێت دێڵم. پێی وابوو بە ڕاستم نییە و هەڕەشەی لێ دەکەم، باوەڕی نەدەکرد. چون گوتی ناتوانی و عورزەیت نییە، لەبەر کچەکەشت بێ هەر مەجبووری بمێنیەوە بەڵام ئیتر جێیەک بۆ مانەوە نەمابۆوە. سەرەنجام کارمان بە دادگا کێشراو لە کۆتاییدا پاش چەند جار کۆبوونەوە کاتێک گوتم لە هەموو مافەکانی خۆم دەگوزەرێم تەنیا کچەکەمم دەوێ، ڕازی بوو و جیا بووینەوە.

بە هەر بەدبەختی و چارەڕەشییەکەوە بوو خۆم و کچەکەم لە نێو ئەو زەلکاوە پیسەدەرهێنا. پێم وابوو نەجاتم بووە و ئیتر لانیکەم دەتوانم لەوەی بەملاوە خاوەنی خۆم بم و کچەکەم گەورە بکەم. کەچی بەدبەختیی دیکە و کێشەی نوێ دەستی پێکرد. شوێنێکم نەبوو بچم، نە ماڵ نە کار و نە هیچ، بە ناچار دەبوا چووبامەوە ماڵی باوکم و لەوێ مابامەوە. لە سەرەتاوە باوکم لە وەرگرتنی کچەکەم خۆی دەبوارد و تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ مانەوەی لەوێدا دژایەتیی دەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە پرسیاری خەڵک و ئامۆژگارییەکانیان کە هیچی نرخێکی نەبوو. ئەو خەڵکەی کە تا دوێنێ دەیانگوت: هیچ نیە و لەبەر کچەکەت هیچ مەڵێ و بمێنەوە ئەو جار دەیانگوت بۆ کچی خەڵکی دێنییە ماڵی باوکت؟ ئینجا چۆن دەتەوێ گەورەی کەی و خەرجی بکێشی؟ کچیشە، ها.. دەزانی کچ یانی چی؟!

دەتگوت هەموو بەیەکەوە دەیانەوێ من و کچەکەم بەدبەخت و بێچارە بکەن. کەس یارمەتیی نەدەکردین و تەنیا نقورچک و لاتاو.. ماوەیەکی زۆری پێچوو تا من و کچەکەم بەرە بەرە توانیمان لە ماڵی باوکم هەندێک بحەسێینەوە و ئارام بگرین. چەندەها شەوو ڕۆژ کە لە ماڵێ وەدەر نەکەوتووم مەبادا کەسێک شتێک بڵێ یان سووکایەتیم پێ بکەن.

ئەوە نزیک بە ١٠ ساڵ تێدەپەڕێ و سەرەڕای ئەو هەموو گیر و گرفتە زۆرانە توانیومە درێژە بە ژیانم بدەم و باشترە بڵێم تەنیا بژیم. زۆر جار ویستوومە خۆم بکوژم بەڵام تەنیا هۆکارێک کە پێشی پێ گرتووم بوونی کچەکەم بووە. لای خۆم دەمگوت ئەگەر من نەمێنم کچەکەم کەسێکی نابێ پشتیوانیی لێ بکا و ئاگای لێی بێ و لە ژێر گوشاری ئەو ژیانە ناخۆش و ئەو ئینسانە خراپانەدا وێران دەبێ و لە ناو دەچێ. هەر بۆیەش لەبەر کچەکەم هەموو ئەو چەرمەسەریانەم بە گیان کڕیەوە.

ئێستا کچەکەم گەورە بووە و خەریکە قۆناغەکانی ژیان و خوێندن تێپەڕ دەکا. لە باری دەروونیشەوە زۆر باشترە و دنیایەک ئارەزووی هەیە. حەز دەکەم ببێتە مامۆستا، ئەوەی بۆ من تەنیا وەک خەونێک مایەوە. پێم خۆشە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و خۆی بڕیاری داهاتووی بدا، بۆ ژیان و هەڵبژاردنی شەریکی ژیانیشی. حەزدەکەم بە عەشقەوە ژیانی هاوبەشی دەست پێ بکا و هەست بە خۆشەویستی بکا و چێژی لێ وەرگرێ.

منیش بەلایەوە دەمێنمەوە و پشتی دەگرم. دەمەوێ شادییەکانی ببینم و نەهێڵم قوربانیی داخوازییەکانی خەڵکی بێ و شتێکی بە زۆری بە سەردا بسەپێنن. دەمەوێ بە کۆمەڵگە و ئینسانەکانی دەورووبەرم بسەلمێنم کە دەکرێ ئازاد بی و ئازاد بژیی.

لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا چەند جار خوازبێنیم هەبووە و کەسی واشیان تێدابووە کە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی باشیش بوو بەڵام دەترسام جوابیان دەمەوە، چون ئیتر نەمدەتوانی باوەڕ بە کەس بکەم، لەلایەکیشەوە لەبەر کچەکەم نەمدەتوانی بە ئاسانی بڕیار بدەم و هەر بۆیەش جوابی هیچیانم نەداوە. دنیای ئێمە و ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژیین زۆر لێڵە، کۆمەڵگەکەیان بۆ باوەڕ پێکردن نابێ. مرۆڤەکان زۆر بە سەختی دەناسرێن. دەرەوە و ناوەوەیان یەکجار لەگەڵ یەک جیاوازن. ڕەنگە لەبەر ئەو ڕابردوو و ئەزموونە تاڵانەی بوومە وا بیر دەکەمەوە بەڵام ئەوە ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکەمانە. کۆمەڵگە و فەرهەنگێک کە بۆتە قوربانگەی مرۆڤەکان و زۆر کەس بێ ئەوەی بیهەوێ دەخاتە نێو ڕێگایەکی ناخۆش و دژوێنەوە...

بڕیارم داوە بۆ کچەکەم بمێنمەوە و بژیم. هەرچی کێشە و گرفتیش کە هەبێ لەسەر ڕێ لایاندەبەم چون دەمەوێ کچەکەم ببێتە مامۆستاو دەرسی ئازادی و ئینسانییەت بە کچانی کۆمەڵگاکەمان بڵێتەوە.

دەمەوێ بمێنمەوە و هاوارم هەمیشە لە گوێی کۆمەڵگەدا بزرینگێتەوە. دەمەوێ بەو فەرهەنگ و کۆمەڵگەیە بڵێم ئەگەرچی نەتانهێشت خۆم بم و بە زۆری لە شوێنی هەڵدێردا داتانانم کەچی من هەر نەکەوتم و گەرچی نەمتوانی ببمە مامۆستاش بەڵام بوونی من مامۆستایەکی دڵسۆز بۆ کچانی کۆمەڵگاکەم دەبێ.

من بەبێ خوێندن بووم بە مامۆستا چون زۆر کەس لە ژیان و چارەنووسی من دەرس وەردەگرن، دەرسی ژیان و خۆنەدۆڕاندن و ملکەچ نەبوون...

ئەوەی گوتم کورتەیەک لە چیرۆکی تراژیکی هەزار و یەک شەوی ژیانم بوو. سەرەڕای ئەزموونی دنیایەکی پڕ لە بەدبەختی و چارەڕەشی ئەوەی بۆم گرینگە ئەوەیە کە هێشتاش هەم و کچەکەشم لەلامە و کاتێک سەیری دەکەم و پێکەنین لە ڕەخسارێدا دەبینم شوکری خودا دەکەم کە ژیانم بێ بەرهەم نەبووە و دەسکەوتێکی گەورەم هەیە کە بایەخی دنیایەکی هەیە و ئەویش کەسێک یان شتێک نییە جیا لە «کچەکەم».

---

هەڵە چێنی

## دانگە لە جیاتی کێڵگەی پەروەردەی مریشک



مستەفا شێخە

مامۆستایەکی نووسەرو شاعیر ڕۆژێک وەداوی کڵاوی خوار کەوتبوو و لۆمەی زمانەکەمانی دەکرد کە چۆن ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسە لاوانە وشەی سەقەت دادەتاشن و زمانی پێ خرا دەکەن. پێم وابێت ئەم مامۆستایە دژی پێشکەوتن بوو یان بیری لەوە نەکردبۆوە ئەم ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەی ئێستامان بۆ ئەوەی جیهان بکەن بە یەک نەتەوە و لەکۆڵ ئەم هەموو دەستە و تایفە وعێل و عەشیرەت و نەتەوە و مەتەوەمان بکەنەوە، پرۆژەیەکی ڕێک وپێکیان بەدەستەوەیە. ئەم نووسەرانەمان بە شێواندنی زمانی خۆمان کارێکی وادەکەن کەس لەم زمانە تێنەگات و پاشان پەنا بۆ زمانێکی وەک ئینگلیزی ببەین و دیارە ئەگەر واشمان کرد، ئەو زمانە هیچ و پووچەی خۆمان کە پڕە لە قسەی سووک و بێ‌ئەدەبانە، دەفەوتێت و لە گەڵ ئەویشدا، ئەو کوردایەتی و موردایەتی و نەتەوەپەرەستییە نامێنێت و بە داگیر کردنی ئەم تاشەبەرد و دەشتە قاقڕانەی لای خۆمان لە لایەن کەسانی دیکەوە، دڵگیر نابین و وێڕای ئەوان بە زمانی خۆیان قسە دەکەین و بەرابەری و یەکسانییەک دروست دەبێت، سەگ خاوەنی خۆی نەناسێتەوە.

ئەو مامۆستایەی خوا لێی گۆڕیبوو و دەیهەویست بەر بە لافاوی پێشکەوتن و نوێخوازی بگرێت، دیگوت کەیفی بە وشە و ڕێکەوەندی وەک سەرهەڵدانی کێشەی هونەری و ئەرێنی و نەرێینی و هەڵسان بە ماچ کردن و کێڵگەی مریشک و شتی لەو بابەتە نایەت و دەیگوت ئەم وشە و ڕێکەوەندانە زۆر بە خراپی داتاشراون.

بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایەمان دڵی نەهێشێت، گۆێم بۆ شلکردبوو. ئەویش پێی‌وابوو ئەوە کێشەی تەکنیکی یان فەننییە و بوارە هونەریەکانی وەک مۆسیقا، شێعر، شێوەکاری، شانۆ، سینەما و شتی لەم بابەتە دەگرێتەوە. بۆ ئەرێنی و نەرێنییەکەش پێی وابوو، ئەرێ و نەرێ تەواوە و «نی»ەکەی بە زیادی پێوە لکێنراوە. بەڵام خۆم لەسەر هەڵسان بە ماچ کردن و کێڵگەی مریشک تێبینیم هەبوو.

ڕێکەوەندی «هەڵسان بە ماچ کردن» لە ڕوانگەی منەوە زۆر تەواوە، چونکە هەمووکەس بە ماچ کردنی کەسانی بەرانبەری ڕەنگە بەشێک لە لەشی هەڵسێت. دیارە گومانی تێدانیە ئەو هەڵسانە بەپێی ڕەگەزی کەسەکان لە بەرزی و نزمیدا جیاوازە.

بەڵام لە بارەی کێڵگەی بەخێو کردنی مریشکەوە، ئەومامۆستایە پێی وابوو، لە جیاتی کێڵگە وشەی «دانگە» زۆر باشە. پاساویشی ئەوە بوو لە کۆنەوە وشەی دانگەمان هەیە و بۆ دانی خۆراک و تفاق بە ئاژەڵ لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەو شوێنە دەڵێن دانگە. خۆم کێشەم زیاتر لە گەڵ مریشک هەیە، نەک لەگەڵ دانگە یان کێڵگەی بەخێوکردنی مریشک.

ناچارم بۆچوونی گەورە پیاوێک بێنمەوە کە زۆر ڕاشکاوانە باسی مریشک دەکات و ئەو بوونەوەرە مەترسیدارەمان پێ دەناسێنێت. ئەو گەورە پیاوە لە عێل و تایفەیەک هەڵکەوتوە کە ئێمە وادەزانین کوردن و ئەوانیش بێ ئەملاوئەولا ئێمە بە کوردی خاسەڕەنگ دەناسن. مامۆستا مەلا سەید ئەحمەد میرعیمادی(دامەت بەرکاتوهووووو)کە پێشنوێژ وخوتبەخوێنی شاری خۆڕەم ئابادی لوڕستانە و دیارە لە ساداتی مەزنیشە، چەند هەفتە لەمەوبەر لە سەر مینبەری نوێژی هەینی لەبارەی مریشکەوە فەرمووی: «مریشک هەر ئەو باڵندەیە کە لەبەرانبەر حەزرەتی نووحی پێغەمبەری خوادا سەربزێوی کرد و خوادوەندیش پەڕ و باڵی فڕینی لە ئەستاندەوە.» ئەو مامۆستایە چونکە لە پارێزگای لوڕستانە و ئێمە زۆرمان پێخۆشە کوردبێت، لە درێژەی فەرموودەکانی دا دەفەرموێت: « بەبڕوای من خواردنی گۆشتی مریشک مەکروهە بە تایبەت کاتێک دینی ئیسلام بەرەوڕووی مەترسیی کافران بێتەوە، ئیدی مریشک هەر بەتەواوی حەڕامە».

دەی ئەم مریشکە ڕێوی سفەتە ئەوە نییە دەستی داوەتە دەستی ئەمریکا و زایۆنیزم و خەریکە هەموو دانیشتوانی ئێران تووشی کێشەیەکی گەورە بکات؟ ئەی ئەوە نییە ئەم مریشکە ئەوەند لای خەڵک خۆی شیرین کردوە، ژن و پیاوی نامەحرەم بۆ کڕینی بە ڕیز لەدوای یەکتر ڕادەوەستن؟ ڕەنگە لەو ڕیزبوونەدا پیاوان بەجۆرێکی ناشەرعی بکەونە دوای ئەو ژنانەی تا ئێستا بەفرگری ماڵەکانیان پڕ لە گۆشتی مریشک بووە. ئەوانە هەمووی هیچ، ماوەی چەندین ساڵە ران و سنگی مریشک بە جیا لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت و خواردنی سینگ و ڕانیش هەم بۆ ژن وهەم بۆ پیاو زۆر جێگەی شەرم و شوورەییە.

بێزاریی لە مریشک وای کردوە زۆر لە خوتبەخوێن و پێشنوێژەکان لە نێوخۆی ئێران دژی ئەم باڵندە شووم و بێ ئەدەب و کەرەستەی دەستی دوژمن و ئابڕووبەرەیە بدوێن. هەر بە دژایەتی لەگەڵ مریشکدا بوو چەند هەفتە لەمەوبەریش پێشنوێژ و خوتبەخوێنی شاری مەشهەدی پیرۆز لە پارێزگای خۆراسانەوە فەرمووی: «ئەی گەلی موسوڵمانان! ئێوە مزراویلکەتان لەبیر چووەتەوە؟ ئێمە ساڵ و زەمانان کە ئەم کێڵگەی پەروەردەی مریشکە نەبوو، هەر ئاو و پیوازمان تێکەڵ دەکرد و دەمانئەنیایە سەر ئاگرەوە و کەمێک ڕۆن و سماقمان لێ زیاد دەکرد و دەبوو بە مزراویلکە. واباشە ئێستاش بگەڕێینەوە سەر مزراویلکەکەی خۆمان».

لێرەدا فەرمایشتەکەی مامۆستا خۆرئاسانیەکەش تەواو بوو. منیش لەگەڵ ڕای ئەوانم، ئەگەر مریشک نەمێنێت، کێشەی ئێمەش لەکۆڵ دەبێتەوە کە ئاخۆ دانگە ڕاستە یان کێڵگەی بەخێوکردنی مریشک؟

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 588 5 agu 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# ئەمانە شایانی ڕێز لێگرتنن نەک سزادان!

کوێستان فتووحی

شووری جیهانیی لەشساغی ، خەڵاتی تایبەتیی ئەمساڵی خۆی پێشکەشی براکانی عەلایی کرد. ئەم خەڵاتە بە هۆی هەوڵە بەرچاو و بێوچانەکانی ئەم دووبرا کوردە بووە لە پێناوی پێشگیری و دەرمانی نەخۆشیی ئایدزدا . خەڵاتی ئێلیزابێت تایلور بە ناوی ئەو ئەکتەرە ناسراوەی سینەما کراوە کە لە رابردوودا لە بواری ناساندنی نەخۆشیی ئایدزدا تێکۆشاوە. هەر بەم هۆیەوە لە دوای مردنی، بۆ ڕێزگرتن لە ئێلیزابێت تایلور، خەڵاتێکی بە ناو کراوە کە بە هاوبەشیی ئەنجومەنی جیهانیی ئایدز و بونیادی لێکۆڵینەوە لە ئایدز، ئەم خەڵاتە دەدرێ بەو کەسانەی لەم بوارەدا کار دەکەن کە ئەمساڵ وەبەر ئارەش و کامیار عەلایی کەوت.

ئارەش و کامیار عەلایی کە لە بواری دەرمان و بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشیی ئایدز لە ئەمریکا خوێندبوویان، بۆ کار لەم پێناوەدا گەڕابوونەوە ئێران. ئەوان لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی بونیاتێکی نادەوڵەتییان لە ئێران دامەزراند کە لە بواری لێکۆڵینەوە لە ڤیرووسی ئایدز و ئێعتیاد و نەخۆشیی هێپاتیت دا تێدەکۆشا. ئەو بونیاتە بە یارمەتییەمالییەکانی خەڵکی خێرخواز خۆی بەڕێوە دەبرد و کارە سەرەکییەکەشی یارمەتیدانی دانی بنەماڵەی زیندانیانی موعتاد بوو. هەروەها یارمەتیدان بە تەرکی ئێعتیادی ئەو زیندانیانە بوو کە لە زیندان دەهاتنە دەرەوە. ئەوان لە سەرەتاوە لە شوێنی لە دایک بوونیان، کرماشان دەستیان بە کار کرد. سەرەڕای هەموو کارە بەنرخەکانی دوکتور ئارەش و کامیار عەلایی لەم پێناوەدا، مانگی پووشپەڕی ١٣٨٧ لە لایەن مەئموورانی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی ئاژاوە نانەوە و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ئارەش بە شەش ساڵ و کامیار بە سێ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

کامیار عەلایی دوای دوو ساڵ و نیو زیندانی بوون، ئازاد بوو. ئارەشیش لە خەرمانانی ١٣٩٠ دوای نارەزایەتییەکی زۆری کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان بە درێژەدانی زیندانیی بوونەکەی، ئازاد کرا.

ئارەش عەلایی لە ڕێورەسمی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا لە ئەمریکا، گوتی لە روانگەی ئەخلاقییەوە ئەم خەڵاتە بە تەنیا بە هی خۆمی نازانم بەڵکوو بە هی هەموو ئەو کەسانەی دەزانم کە لە پێناوی چارەسەری نەخۆشیی ئایدزدا تێکۆشانیان هەیە. کامیاریش وتی: « کەسانێک کە تووشی نەخۆشیی ئایدز بوون، دەبێ ڕێز لە کەسایەتییان بگیرێ و دادپەروەرانە و بە حورمەتەوە دەرمان بکرێن». هەروەها روو بە راگەیەنەکان وتی: «هەموو ئەوانەی نەخۆشیی ئایدزیان هەیە، بۆ ژیان مافی یەکسانیان هەیە.

لە ئێران سەبارەت بە هەوڵەکانیان خرانە زیندانەوە

ئارەش و کامیار عەلایی، بەهۆی هەوڵ و خەبات لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی سالم دا زیندانی کران! لە ئێران نەک ڕێز و حورمەت لە زەحمەتەکانیان لەبەر چاو نەگیرا، بەڵکوو لە پاداشی کارە مرۆییەکانیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن بە سەر ئێراندا، ئازار دران و زیندانی کران.

خەڵاتی ئێلیزابێت تایلور ئەگەر بۆ ئارەش و کامیار عەلایی ئەمڕۆ مایەی شانازی و سەربەرزییە و ئەوانیش بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی مایەی شانازیین، بەدڵنیایەوە بۆ ڕێبەرانی مەزهەبیی و دواکەوتووی ئێران مایەی شەرمەزارییە! ئەوان پەیامبەرانی زانست و ئینسانییەت بوون، جگە لە مافی ژیانێکی سالم بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئێراندا هیچی دیکەتان نەدەویست، کەچی بە تاوانی تێکدانی ئەمنییەت! حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپا. ئەمەش بۆ کەس جێی سەرسوڕمان نیە، و نابێ بۆ کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانیش جێی سەرسوڕمان بێ کە کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە پاداشی ئەو جۆرە کەسانە دەداتەوە. چونکە کۆماری ئیسلامی ٣٣ ساڵە هەر هەوڵێکی مرۆڤدۆستانە لە ئێراندا بە تێکدانی ئەمنییەت ناو دەباو سەرکوتی دەکا. ئەوە بە تەواوی راستە هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور عەلاییەکان، کەبوودوەندەکان، ستوودەکان، فەرزادەکان، نێرگسەکان و.... نەک ناتەبایی و تەناهیی کۆمەڵ بەڵکوو ئەمنییەتی دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئاخوندەکان لە مەترسی دەخا. ئەو دەسەڵاتە شەڕی لەگەڵ ئاگایی، زانست، دادپەروەری و یەکسانییە، کۆمەڵگەی سالم هەموو کات بیر لەو بەهایانە دەکاتەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەوە بیر دەکاتەوە، ماهییەتی ئەم ڕێژیمە لە سەر جەهالەت، ناعەدالەتی و جیاوازیدانان دامەزراوە. بۆیە هەوڵ دەدا کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و بێ ئیرادەی لەژێر چنگدا بێ تا بتوانێ بە ئاسانی و بە کەیفی خۆی کۆنترۆڵ و سەرکوتی بکا.

کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ١٣٦٧دا سەدان و هەزاران زیندانیی سیاسی ئازادیخوازی بە کۆمەڵ لەناو برد، تا بتوانێ پەیکەرەی خۆی وەک ڕێژیمی جەهل و جینایەت لە مەترسیی لەنێوچوون رزگار بکا.

بەم جۆرە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، ئەو مرۆڤانەی ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی ئامانجە بەرزەکان و ئازادی و بەختیاریی مرۆڤ تەرخان کردوە، بە ئەشکەنجە و کوشتن وڵامیان دەدرێتەوە. برایانی عەلایی وەکوو دوو پزیشکی مرۆڤدۆست و زۆر لەو تێکۆشەرانەی هەر ئێستا لە بەندیخانەدان، لە دەرەوەی ئێران و لە لایەن مرۆڤایەتیی دادپەروەر و پێشکەوتنخواز، ڕێزیان لێ دەنرێ و خەڵاتیان پێدەدرێ. بەڵام لەسەر زەویی نیشتمانی خۆیان و لە لایەن حکوومەت و دەسەڵاتی وڵاتی خۆیانەوە، هەوڵی سڕینەوە و لەنێوبردنیان دەدرێ!



## دوو برای کورد خەڵاتی «ئێلیزابێت تایلۆر»یان وەرگرت

لە مەراسمێکدا کە بە بۆنەی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئایدز لە واشینگتۆن گیرا خەڵاتی «ئێلیزابێت تایلۆر» درا بە دوو برای دوکتۆری کورد بە ناوەکانی «ئارەش و کامیار عەلایی» .

ئەم خەڵاتە بەشێوەی هاوبەش لەلایەن دامەزراوەی نێودەوڵەتیی ئایدز و بونیادی لێکۆڵینەوە لە ئایدز پێشکەش دەکرێ و ئەمساڵ یەکەمین ساڵی پێشکەش کرانی بوو.

«ئارەش و کامیار عەلایی» کە خەڵکی شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن چەند ساڵە لە وڵاتی ئەمریکا دەژین و هەردووکیان لە بواری ناساندنی نەخۆشیی ئایدز و کۆنترۆڵ کردنی سەربەخۆیانە چالاکیان کردوە، جێگەی ئاماژەیە کە ئەو دوو برا کوردە ساڵی ڕابردووش خەڵاتی مافی مرۆڤ و تەندروستیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تەندروستییان لە ئەمریکا وەرگرت.

## دەوڵەتی تورکیە نووسراوەی سەرتابلۆکان بە زمانی کوردی قەدەغە دەکا



حکوومەتی تورکیە تابلۆ کوردیەکانی شاری ئامەدی باکووری کوردستان لێدەکاتەوە و سەرۆکی شارەوانیی ئامەدیش دەڵێت: تورکیە لەلایەک بانگەشە بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەکات، لەلایەکی ترەوە زمانی کوردی لەسەرۆک شارەوانیەکان قەدەغە دەکات.

عەبدوڵڵا دەمیرباش، سەرۆکی شارەوانیی لە ئامەد بە سایتی (سبەی) ڕاگەیاند: تورکیە لەلایەک بانگەشە بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەکات، لەلایەکی ترەوە زمانی کوردی لە سەرۆک شارەوانیەکان قەدەغە دەکات، ئەوەش بەو مانایە دێت کەئەم دەوڵەتە تەنیا زمان بۆ خۆی ئازاد دەکات، بەڵام لە خەڵکی دیکەی قەدەغە دەکات، ئێمەش ئەو کارە مەحکووم دەکەین و داوا دەکەین کەزمانی کوردی لەدەزگا فەرمیەکانی دەوڵەت بەکاربهێنرێن و زمانی ئەرمەنی و سریانیش ئازادبن.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا حکوومەتی تورکیە تابلۆی ( بەخێرهاتن بۆ ئامەدێ) کە بە کوردی نووسرابوو لە شاری ئامەد داگرت. ئەوە لە کاتێک دایە کە تورکیە کەناڵێکی کوردی کردۆتەوە و زۆرجاریش بانگەشەی چارەسەری کێشەی کورد دەکات.

## کچە کوردێک پلەی یەکەمی لە کۆنکووری سەرانسەریی ئێران دا وەدەست هێنا

کچە کوردێکی خەڵکی شاری سنە لە نێو یەک میلیۆن و شەست و پێنج هەزار بەشداربووی تاقیکارییەکانی کۆنکووری سەرانسەریی ئێران دا پلەی یەکەمی وەدەس هێنا.

ڕێکخراوی «سنجش آموزش کشور» لە نوێترین ڕاگەیاندنی خۆی دا ناوی سەرکەوتووانی تاقیکارییەکانی کۆنکووری سەرانسەریی ئێرانی لە رشتەکانی زانستی ئەزموونی، ئەدەبی، زانستی بیرکاری و فەننی، هونەرو زمان دا ڕاگەیاند.

بە پێی ئەم ڕاگەیەندراوە، لە نێو یەک میلیۆن و شەست و پێنج هەزار بەشداربووی تاقیکارییەکانی کۆنکووری سەرانسەریی ئێران دا، فەرزانە رەحمانی خەڵکی شاری سنە پلەی یەکەمی لە گرووپی زانستی دا وەدەست هێنا.




بە بۆنەی وەدەستهێنانی سەرکەوتوانەی پلەی یەکەم لە تاقیکارییەکانی کۆنکووری سەرانسەری لە لایەن خاتوو فەرزانە رەحمانییەوە، ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە خاتوو فەرزانەو بنەماڵەو کەس و کارو هاو پۆلەکانی دەکات.

## بڕیاری هەڵنەکردنی ئاڵای کوردستانی لە وڵاتی نۆروێژ پووچەڵ کرایەوە



بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی ساڵانەی تۆپی پێی (نۆروای کۆپ فروده کیڤۆگ) پێی وابوو کە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە لایەن پشتیوان و لایەنگرانی تیمی مێرمنداڵانی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بێ کێشە نییە چونکە کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە و دانی‌پێدا نەنراوە.

ناوبراو یەک شەممە ٦ی گەلاوێژ کەیسی بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستانی لە لایەن لایەنگرانی تیمی فوتباڵی کوردستانەوە ڕەوانەی وەزارەتی دەرەوەی کرد و لە ئاکامدا وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ بڕیاری قەدەغەکردنی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی دەرکرد.

لە لایەکی دیکەوە کوردستانیانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە بە بیستنی هەواڵی قەدەغە کردنی ئاڵای کوردستان لە گۆڕەپانی فوتباڵی نۆروای کۆپ ناڕەزایەتیی خۆیان بە ناردنی نامە بۆ سەرۆک وەزیرانی نۆروێژ دەربڕی.

بەپێچەوانەی بڕیاری قەدەغە کردنەکە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان کە لە نۆروێژ نیشتەجێن، بۆ پشتیوانی کردن لە تیمی فووتباڵی کوردستان و بەرز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستان دوو شەممە ٧ی گەلاوێژ لە گۆڕەپانی فێستیڤاڵی فووتباڵی نۆروای کۆپ ئامادە بوون.

لە ئەنجامی نارەزایەتییەکی زۆر کە لە لایەن کوردستانیان، خەڵکی بە ڕەگەز نۆروێژی و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بەو بڕیارە نادیموکراتیانەی بەڕێوەبەری ئەو فێستیڤاڵە بۆ قەدەغە کردنی ئاڵای کوردستان بەڕێوەچوو، سەرئەنجام بڕیارەکەی وەزارەتی دەرەوەی نورویژ پووچەڵ کرایەوە و لە ڕۆژی سێهەمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی نۆروای کۆپ دا، بە ڕەسمی ئاڵای کوردستان لە ریزی ئاڵای وڵاتانی سەربەخۆ بەرز کرایەوە. ئەوەش بووە مایەی دڵخۆشیی کوردستانیانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ.

## چاپکراوی نوێ



ژمارەی ناوەڕاستی ساڵ - خولی دووەم (١٥)ی گۆڤاری K٢١، کە گۆڤارێکی کلتووری - زانستی - مێژوویی - بەڵگەنامەیی - نەتەوەیی - وەرزیی ئازادە چاپ و بڵاو کرایەوە.

لەم ژمارەی گۆڤاری K٢١دا چەندین بابەت و باس و وتار و کارو چالاکیی خراونەتە ڕوو. ڕێزگرتن لە شەش ڕۆژنامەنووسی ناوداری کورد، مەزنی و لێهاتوویی عیسمەت شەریف وانلی، دۆسیەی بەردەوامی ئەنفال، بابەتی هونەری کوردان، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و بە چەندین وێنە و هونەری کوردەواری و شتی ئەنتیکە خراونەتە بەرباس و پیشاندان.

ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە لە توێی ٧١٦ لاپەرەدا وبە دوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کراوەتەوە؛ لە بەشی عەرەبیکەشدا چەندین وتار و بابەتی بە پێز دەبیندرێ.




قەیرانی گرانیی مریشک و هێلکە لە ئێران بە زمانی کاریکاتێر